# رووداو
RÛDAW

ژمارە (478) دووشەممە 2017/10/23 - 1ی گەلاڕێزان 2717 (750) دینار


## حەشدی شەعبی دەستدرێژی دەکەنە سەر دوو ئافرەتی کورد

**رووداو- هەولێر**

دیندار زێباری، بەرپرسی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، لە رۆژی 16ی ئۆکتۆبەر بەدواوە کە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هاتوونەتە ناو کەرکووک و قەزاکانی دەوروبەری، نزیکەی 600 کەسی سڤیل لە سنووری کەرکووک و قەزای خورماتوو کوژراون و دوو حاڵەتی دەستدرێژیش تۆمارکراون.

دیندار زێباری، کە دوێنێ یەکشەممە میوانی بەرنامەی (رووداوی ئەمڕۆ)ی تەلەفزیۆنی رووداو بوو، گوتی چەکدارانی حەشدی شەعبی نزیکەی 400 کەسیان لە سنووری کەرکووک کوشتووە. لە خورماتووش لەنێوان 150 بۆ 200 کەس کوژراون.

ئەو هەروەها گوتی کە چەکدارانی حەشدی شەعبی لەنێوان کەرکووک و داقووقدا دەستدرێژییان کردووەتە سەر ژن و کچانی کورد و دوو حاڵەتی دەستدرێژی تۆمارکراون و ئەوان تەواوی وردەکارییەکەیان لای خۆیان تۆمار کردووە.

زێباری گوتیشی کە هەموو ئەو ژمارانەیان داوەتە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.



ڕێبوار تاڵەبانی بۆ (رووداو):

### 18 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاوارە بوون

5

پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا:

### دادگا بڕیاری بانگهێشتکردنی بۆ بەڕێز بارزانی دەرکردووە

7



حەیدەر شەشۆ بۆ (رووداو):

### هیچ رێککەوتنێکم لەگەڵ حەشدی شەعبیدا نییە

2

## هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ ماوەی 6-8 مانگ دوادەخرێت

# پارتی و یەکێتی حکوومەتی رزگاریی نیشتمانی رەتدەکەنەوە

3



شرۆڤە 16

### حەشدی شەعبی.. بۆمبە تەوقیتکراوەکەی داهاتووی عێراق




راپۆرت 6

### پشتی پەردەی هێرشەکەی کەرکووک و کشانەوەی پێشمەرگە

کۆمەڵایەتی 13

### خاوەنی فۆتۆ بەناوبانگەکە لە هەولێر کوژرا



ژنان 12

### رێکخراوێک بە 10 هەزار دینار هاوسەرت بۆ دەدۆزێتەوە



## وەزارەتی ناوخۆ هۆشداری دەداتە خۆپیشاندەران

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی خۆپیشاندان و کاروچالاکییە مەدەنییەکانی لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند "بەهیچ شێوەیەک قبوڵ ناکرێت خراپەکاری بەرامبەر بە نێردە دیپلۆماسییەکان و شوێن و ئۆفیسەکانیان لە هەرێمی کوردستان بکرێت". بەپێی ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەت کە ڕۆژی 2017/10/22 بڵاوکرایەوە "وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە توندی سەرکۆنەی هەوڵی تێکدەرانەی ڕۆژانی ڕابردووی چەند کەسێک بەرامبەر کونسوڵخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر و هەوڵی بێڕێزیکردن بەرامبەر بە ئاڵاکەیان دەکات. کردەوەیەکی ئاوا بەرامبەر ئاڵای هیچ وڵاتێک لە هەرێمی کوردستان مایەی قبووڵکردن نییە".



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 478 ) - دووشەممە 2017/10/23

# حەشدی شەعبی لەسەر چیای شنگالن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای ئەوەی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بەبێ هیچ بەرگرییەک چوونە نێو شنگال و ناحیەی سنوونێ، هێزێکی حەشدی شەعبی بەرەو چیای شنگال چوون و لە ناوچەی چلمێران نیشتەجێ بوون، دەگوترێ کاتی خۆی سەدام حوسێن 48 مووشەکی لەوێوە ئاراستەی ئیسرائیل کردووە. شارەزایەکی سەربازیش دەڵێت ئەو شوێنە 1000 کیلۆمەتر لە ئیسرائیل دوورە و مووشەکی شەهابی ئێران بە ئاسانی دەگەنە ئەوێ، چونکە توانای بڕینی مەودای 1600 کیلۆمەتریان هەیە.

لە مانگی تەمووزی ئەمساڵدا، هێزەکانی حەشدی شەعبی بە کۆنترۆڵکردنەوەی 14 گوند و کۆمەڵگەی ئێزدی لە باشووری شنگال، خۆیان گەیاندە سەر سنووری سووریا، بەبڕوای شارەزایان، ئەوە یەکێک بوو لە هەنگاوەکانی ئێران بۆ تەواوکردنی هیلالی شیعی کە دەمێکە خەونی پێوە دەبینێ. ئامانجی هیلالەکەش نزیکبوونەوەی ئێرانە لە سنووری ئیسرائیل.

پێشتر پلانی ئێران بۆ تەواوکردنی هیلالەکەی، ڕێگای سەرەکیی شنگال بوو بەرەو سووریا، بەڵام ئەو ناوچەیە دوای داعش کەوتە دەست پێشمەرگە، بۆیە ئێران ناچار بوو ڕێگای هیلالەکەی لە شنگالەوە بگۆڕێ بۆ ناحیەی بەعاج لە تەلعەفەر و لەوێوە بەرەو شاری دێرەزووری سووریا کە تاوەکو ئێستا داعشی تێدا ماوە و سوپای سووریا لەلایەک و هێزەکانی سووریای دیموکراتیش لە لایەکی دیکەوە، هێرشیان بۆ سەر ئەو شارە دەستپێکردووە.

ڕۆژی 17ی ئەم مانگە هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەبێ هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەک چوونە نێو شنگال، دواتر هێزێکی حەشد چوونە سەر چیا سەخت و ستراتیژییەکەی شنگال.

چیای شنگال 1400 مەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریا بەرزە، چیاکە لە باشووری کوردستانەوە بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان درێژ دەبێتەوە و لە ڕووی سەربازییەوە شوێنێکی ستراتیژییە، لە مانگی شوباتی 1991 دا سوپای ڕژێمی بەعس لە ناوچەی چلمێرانەوە لەسەر چیای شنگال مووشەکی حوسێنی تاقیکردەوە و 48 مووشەکی ئاراستەی ئیسرائیل کرد، دواتر فڕۆکەکانی ئیسرائیل وڵامیان دایەوە و چیاکەیان زۆر بە خەستی بۆردومان کرد، بەو هۆیەوە 50 کوردی ئێزدی بوونە قوربانی. ئێستا هێزێکی حەشدی شەعبی بە چەکی قورسەوە لە هەمان شوێن جێگیر بوون.

قاسم دەربۆ، فەرماندەی پێشمەرگە کە شارەزاییەکی باشی لەبارەی چیاکە هەیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێستا جگە لە هێزێکی سوپای عێراق، هێزێکی حەشدی شەعبیش لە نزیک چلمێران لەسەر چیای شنگال جێگیرکراون".

هەروەها نایف جاسم، فەرماندەی کەتائیبی ئێزدیخان کە کەتیبەیەکی سەر بە حەشدی شەعبییە بە (ڕووداو)ی گوت "لەدوای 17ی مانگەوە زۆر بەرپرسی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی هاتوونەتە قەزای شنگال، یەکێک لەوانە ئەبوو مەهدی ئەلموهەندیس کە سەردانی چیای شنگالیشی کرد".

بەپێی داتاکان، حەشدی شەعبی لە 67 میلیشیا پێکهاتوون، لەوانە 40 میلیشیایان پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ سوپای قودس هەیە، لەوانەش گرووپی گەورە و کاریگەری وەکو عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتایبی حیزبوڵڵا و ڕێکخراوی بەدر کە سەرکردەکانیان پەیوەندیی لەمێژینە و قووڵیان لەگەڵ فەرماندەکانی سوپای پاسداراندا هەیە. بۆیە ئێران دەتوانێ ئەو میلیشیایانە بۆ پاراستنی ئەو شوێنانە بەکاربهێنێ کە جێی مەبەستی ئەون، بە تایبەتیش بۆ پاراستنی هیلالی شیعی.

مەسعود ساڵح شارەزای سەربازی دەڵێت: "شنگال و چیاکەی بۆ ئێران زۆر زۆر گرنگن، چونکە جگە لەوەی لەسەر سنووری سووریان، دەتوانێ لەسەر چیای شنگالەوە مەترسی بۆ ئیسرائیلیش دروست بکات. ئێران مووشەکی شەهاب یەک و شەهاب دووی هەیە کە مەودای 1600 کیلۆمەتر دەبڕن، لە کاتێکدا چیای شنگال 1000 کیلۆمەتر لە ئیسرائیل دوورە".

> **مووشەکی شەهابی ئێرانی لە چیای شنگالەوە بە ئاسانی دەگاتە ئیسرائیل**
>
> شارەزایەکی سەربازی



سەددام حوسێن لە ساڵی 1991دا 48 مووشەکی لە چیای شنگالەوە ئاراستەی ئیسرائیل کرد

## حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی هێزی پاراستنی ئێزدیخان بۆ (ڕووداو):

# هیچ ڕێککەوتنێکم لەگەڵ حەشدی شەعبیدا نییە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو — دهۆک**

فەرماندەی هێزی پاراستنی ئێزدیخان دەڵێت حەشدی شەعبی پابەند نەبووە بەو بەڵێنەی لەسەرەتای هاتنیان بۆ شنگال بە ئەوان و خەڵکی شنگالیان دابوو، حەیدەر شەشۆ دەڵێت ڕەوشی شنگال زۆر خراپە و حەشد دەست لە تاڵانکردنی فەرمانگەکانی شنگال و ماڵی هاووڵاتیان ناپارێزێ. ڕەخنەش لە وەزارەتی پێشمەرگە دەگرێ کە ئەوان تاکە هێزی پێشمەرگەن لە نێو شنگال ماون، بەڵام کەس لێیان ناپرسێتەوە.

ڕۆژێک دوای پەلاماردانی کەرکووک لەلایەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبییەوە، ڕۆژی 17ی مانگ هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەبێ هیچ شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیەک چوونە نێو سەنتەری قەزای شنگال و ناحیەی سنونێی سەر بە قەزای شنگال. پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە فەرماندەی شنگال لە شارەکە کشانەوە، بەڵام هێزەکەی حەیدەر شەشۆ کە هەرچەندە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، بەڵام نەکشانەوە.

هێزی پاراستنی ئێزدخان کە حەیدەر شەشۆ سەرپەرشتیان دەکات ژمارەیان نزیکەی 4000 پێشمەرگە دەبن، 2000 چەکداری ئەو هێزە لە سەرەتای ئەمساڵ خرانە سەر وەزارەتی پێشمەرگە.

> **حەشدی شەعبی فەرمانگەکانی شنگالی تاڵان کرد**



حەیدەر شەشۆ پێشوازی لە هاتنی بەرپرسانی سوپای عێراق بۆ نێو شنگال دەکات

حەیدەر شەشۆ، باسی ساتی هاتنی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بۆ نێو شنگال دەکات و دەڵێت "کاتژێر 11ی شەو ڕۆژی 16ی ئەم مانگە پێشمەرگەکانم لە سەنگەرەکان پەیوەندیان کرد کە جموجۆڵی حەشد زۆربووە. دواتر حەشدی شەعبی بەرەبەیانی ڕۆژی 17ی مانگ داوایان کرد بە شەڕ بێ یان بە خۆشی دێنە نێو شنگال، ئەوکات پەیوەندیم بە فەرماندەکانی دیکەی پێشمەرگە کرد، ئەوان گوتیان شەڕمان پێ ناکرێ و دەکشێینەوە. بەڵام من بڕیارم دا هەروەکو کاتی داعش هاتی کە شنگال بەجێنەهێڵم و هەر لە شوێنی خۆماندا ماوین".

حەیدەر شەشۆ ئاماژەی بەوەدا کاتژێر 10ی بەیانی ئەو ڕۆژە چاوی بە فەرماندەی ئەو هێزانە کەوت کە هاتنە شنگال و دەڵێت "ئەوان پێیانگوتین ئێمە هاتووین بتانپارێزین نەک شەڕتان لەگەڵ بکەین، بەهیچ شێوەیەکیش تەدەخولی کاروباری ئیداری قەزاکە ناکەین".

بەڵام حەیدەر شەشۆ دەڵێت "هێزەکانی حەشدی شەعبی هەر زوو بەڵێنەکەی خۆیان شکاند، ڕۆژی دواتر دەستیان بە تاڵانکردنی فەرمانگەکانی شنگال و بارەگای حیزبەکان و ماڵی هاووڵاتیانی شنگال و سنوونێ کرد، ئێمە سکاڵای خۆمان بردە لای بەرپرسانی سوپای عێراق، بەڵام ئەوان گوتیان ئەوەی ئەو تاڵانکارییە دەکات حەشدی شەعبین و ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر ئەواندا نییە".

سەبارەت بەو هێزانەی هاتنە نێو شنگال، شەشۆ گوتی "بەشێک لەو هێزانە ئێزدییەکانی خۆمانن کە پێشتر چووبوونە ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، بەشێکیشیان سوپای عێراقن، هەروەها بەشێکیشی حەشدی شەعبین".

ئێستا حەیدەر شەشۆ و هێزەکەی تاکە نوێنەری پێشمەرگەن لە نێو قەزای شنگال، ئەو دەڵێت هەر لەسەرەتاوە هۆشداری داوەتە سوپا و حەشد کە نابێ دەست بۆ پێشمەرگە بەرن "پێمگوتن ڕازی نیم یەک پێشمەرگە سزا بدەن، ئەگەر ویستتان ئەو کارە بکەن یەکەمجار سزای من بدەن، ئەوان گوتیان کەس سزا نادەین، بەڵام ڕاستگۆ نەبوون".

> **ئێمە تاکە هێزی پێشمەرگەین لە نێو شنگال ماوین**

> **هەولێر و بەغداش بەرامبەر ئێزدییەکان بێ بەڵێن دەرچوون**

لە سنووری زۆنی زەرد لە هیچ شوێنێک هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە و حەشد بە یەکەوە نین، بگرە سەنگەریان لە یەکدی گرتووە، ئەمەش ئەو گومانەی دروستکردووە کە حەیدەر شەشۆ ڕێککەوتنێکی ژێر بەژێری لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبێ. بە تایبەتی کە فەرماندەی پێشمەرگەی شنگال کە ئەوانیش سەرجەمیان ئێزدین، شنگالیان جێهێشتووە و لە شەرفەددین جێگیربوون.

بەڵام حەیدەر شەشۆ ڕەتیکردەوە کە هیچ ڕێکەوتنێکی لەگەڵ حەشدی شەعبی یان سوپای عێراقدا هەبێ و گوتی "سەرجەم ئەو دەنگۆیانەی باسی ڕێکەوتنی نێوان ئێمە و هێزەکانی عێراق دەکەن دوورن لەڕاستی، ئێمە متمانەمان سوپای عێراق هەیە کە ڕەوشی شنگال هێور بکاتەوە، بەڵام هیچ متمانەمان بە حەشدی شەعبی نییە".

حەیدەر شەشو ڕەخنە لە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی وەزارەتی پێشمەرگە بەرامبەر هێزەکەیان دەگرێ و دەڵێت "ئێمە تاکە هێزی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەین کە لە نێو شنگال ماوین، بەڵام تاوەکو ئێستا یەک بەرپرسی وەزارەت لە ئێمە نەپرسیوەتەوە، هیچ ڕێنماییەکیان بە ئێمە نەداوە".

سەرەڕای بێ باکی وەزارەتی پێشمەرگە بەرامبەر ئەوان، بەڵام حەیدەر شەشۆ ڕەتیکردەوە کە ئەوان شنگال چۆڵ بکەن و گوتی "وەکو چۆن کە داعش هات بەرگرییەکی سەختمان کرد، بەرامبەر حەشدیش هەمان بەرگری دەکەین و شنگال جێناهێڵین".

ڕێگا سەرەکییەکانی شنگال پڕن لە بازگەی، پێشمەرگە، پەکەکە، سوپای عێراق، پۆلیسی فیدراڵ، دژە تیرۆر، حەشدی شەعبی، هێزی ئێزدیخان. حەیدەر شەشۆ هۆشداری دەدات لە تێکچوونی ڕەوشی شنگال و دەڵێت "سەرەتا خەڵک هیچ ترسی نەبوو، متمانەی بەو هێزانە هەبوو کە هاتنە شنگال، بەڵام ئێستا وا نییە، ڕەوشی شنگال و سنوونێ ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێ، خەڵک دەترسن، حکومەت لە قەزا و ناحیەکە نەماوە".

پێش هاتنی داعش، زۆربەی بەرپرسە حکومییەکانی شنگال و سنوونێ لە کەسانی نائێزدی بوون، دوای پەلاماردانی شنگال لەلایەن داعشەوە تاکە ئێزدییەک لە شارەکە نەما، بەڵام دوای کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال و سنوونێ لەلایەن پێشمەرگە و هێزەکانی سەر بە کوردی ئێزدی، ئومێدێک هەبوو کە ئەمجارە خۆیان حکومی ناوچەکانیان بکەن، بەڵام دانانی بەرپرسی فەرمانگەکان بە دڵی ئەوان نەبوو، دوای هاتنی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقیش هێندەی دیکە بێ ئومێد بوون.

حەیدەر شەشۆ دەڵێت "نە حکومەتی عێراق نە هەرێمی کوردستان هیچیان پابەند نەبوون بە بەڵێنەکانیان. ئێمە داوامان لە هەردوولا کرد کە ئێزدییەکان خۆیان ناوچەکانیان بەڕێوەببەن، بەڵام ئەوان بە ئارەزووی خۆیان قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە دادەنێن، بەبێ ئەوەی پرس بە ئێمە بکەن".

هەر زوو لە شنگال حەشدی شەعبی دەستی بە گۆڕانکاری ئیداری کرد، بەبێ گوێدان بە سوپای عێراق و ئەو هێزانەی لە شنگالن، فەهد حامد، ئەندامی ئەنجوومەنی قەزای بەعاج، وەکو قائیمقامی قەزایی شنگال بە وەکالەت دانرا، هەروەها خودێدا جوکێش بە وەکالەت کرایە بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێ.

خودێدا جوکێ، بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێ بەوەکالەت بە (ڕووداو)ی گوت "نزیکەی سێ مانگە پەیوەندیم بە حەشدی شەعبییەوە کردووە، ئێستاش منیان دەسنیشان کردووە بۆ ئەوەی کاروباری ناحیەکە بەڕێوەببەم".

نائیف سەیدۆ کە تاوەکو 17ی ئەم مانگە بەڕێوەبەری ناحیەی سنونێ بووە، ئەو بڕیارانەی حەشدی شەعبی بە نا یاسایی وەسفکرد و بە (ڕووداو)ی گوت "ڕۆژی یەکشەممە سەردانی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵم کرد، بەڵام ئەوان پێیانگوتم نە ئێمە و نە سوپای عێراقیش ئاگامان لەو گۆڕانکاریانە نییە و حەشدی شەعبی سەربەخۆ ئەو کارانە دەکات".



## عەلی باپیر بۆ کۆسرەت رەسوڵ: بڕیاری دەستگیرکردنت سەروەرییە

**رووداو- هەولێر**

رۆژی یەکشەممە 22-10-2017، لە سلێمانی کۆسرەت رەسول عەلی، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێشوازی لە عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان و وەفدێکی ئەنجوومەنی سیاسی کۆمەڵ کرد. بەپێی هەواڵێکی نووسینگەی کۆسرەت رەسول لە کۆبوونەوەکەدا "هەردولا بەتووندی ئیدانەی ئەو کارەیان کرد کە بووە هۆی شەهید و برینداربوونی پۆلێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و ئاوارەکردنی زیاتر لە 150 هەزار کەس لە دانیشتووانی کەرکووک و دوزخورماتوو". لە کۆبوونەوەکەدا عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان سەبارەت بە بڕیاری دادگا بۆ دەستگیرکردنی کۆسرەت رەسول عەلی رایگەیاند "ئەم بڕیارە سەروەرییە بۆ پیاوێکی خەباتگێڕی وەک کۆسرەت رەسول عەلی".

### هەڵبژاردن بۆ ماوەی 6 تا 8 مانگ دوادەخرێت

# پارتی و یەکێتی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی رەتدەکەنەوە




(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

هەر یەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حکومەتی رزگاریی نیشتمانی رەتدەکەنەوە. بڕیاریشە تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی 6-8 مانگ درێژ بکرێتەوە.

دوای رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، گەرمترین باس لەلای بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێک قەوارە کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئامادە کردووە، حکومەتی رزگاریی نیشتیمانییە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانەی هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە.

رۆژی یەکشەممە 22-10-2017 جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان لە شاری سلێمانی کۆبووەوە و نۆ بڕیار و راسپاردەی لەبارەی دۆخی کوردستان دەرکرد، گوتەبێژی بزووتنەوەکە راگەیاند لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ کۆکردنەوەی هێز و گرووپی دیکە بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی کابینەی هەشتی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی.

چالاک موهەندیس، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند، بەلای ئەوانەوە ئەم دەسەڵاتە شکستی هێناوە بۆ رزگارکردنی ئەزموونی کوردستان و دەستکەوتەکانی، بۆیە پێویستە حکومەتێکی رزگاری نیشتمانی دروست بکرێت کە کاربکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک.

### سەرۆکی پەرلەمان دەگەڕێتەوە هەولێر

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی

گۆڕان زۆر بەجددی کار لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکات و وا بڕیارە یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بگەڕێتەوە هەولێر و قسە لەگەڵ لایەنەکان بکات. چالاک موهەندیس گوتی "د.یوسف ناگەڕێتەوە پەرلەمان، بەڵام سەرپشک کراوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە هەولێر و رۆڵی نیشتمانیانەی خۆی بگێڕێ و لەگەڵ سەرۆک فراکسیۆن و لایەنەکان گفتوگۆ بکات بۆ دروستکردنی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی".

بەڵام پارتی پێیوایە د.یوسف لەو هەوڵەی سەرکەوتوو نابێ. دڵشاد شەهاب، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (رووداو)ی گوت: "هەر کەسێک دێتەوە هەولێر چالاکی سیاسی دەکات ئازادە، بەڵام ئێمە دڵنیاین هیچ ئەنجامێک بۆ دروستکردنی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی بەدەستناهێنێ".

یەکێک لە نۆ راسپاردەکەی گۆڕان هەڵوەشاندنەوەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دڵشاد شەهاب، لەوبارەوە گوتی: "لەوەتەی گۆڕان دروستبووە هەر بەیاننامەی هەڵبوەشێتەوە و بڕووخێ بڵاودەکاتەوە، گۆڕان سێ رێککەوتنی هەبووە لەگەڵ ئیسلامییەکان و ئێمە و یەکێتی، لە هەر سێ رێککەوتنەکە مۆفەق نەبووە، بۆیە ئەو بەیاننامەو داواکارییەش دەبێتە رابردوو، جێبەجێش نابێت".

دڵشاد شەهاب دەڵێ: "ئەو هەڵوێستەی گۆڕان لە ئاستی بەرپرسیارێتی نیشتمانی نییە، کوردستان رووبەڕووی پیلانگێڕی نێوخۆیی و ئیقلیمی، بە چاوپۆشیی نێودەوڵەتی بووەتەوە، پەرلەمان و حکومەت لەسەر کارەکانیان بەردەوام دەبن بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، ئەو داواکارییەش بە تەواوکەری هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی دامەزراوە شەرعییەکان دەزانین و ئەنجامیشی نابێت".

هەر لەوبارەوە قادر رەزگەیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند: "حکومەتی رزگاریی نیشتمانی خواستی پارتی و یەکێتی نییە، حکومەتیش بەبێ ئەو دوو هێزە سەرەکییە دروست نابێت، کێشە و قەیرانەکانی ئەمڕۆی کوردستان بە داگیرکارییەکەی کەرکووکیشەوە بە حکومەتی رزگاریی نیشتمانی چارەسەر نابێ، بۆیە ئێمە پشتگیری ئەو بیرۆکەیە ناکەین".

### کێشە و قەیرانەکان بە حکومەتی رزگاریی نیشتمانی چارەسەر نابن

پەرلەمانتارێکی یەکێتی

رۆژی یەکشەممەی رابردوو 32 حیزب و لایەنی باشووری کوردستان بە بەشداریی پارتی، یەکێتی و یەکگرتوو، لە هەولێر کۆبوونەوە و لە راگەیەندراوێکدا داوایان کرد "عێراق لەسەر بنەمای دانانی بە مافەکانی گەلی کوردستان بێتە سەر مێزی دیالۆگ، بۆ ئەم بابەتەش حکومەتی کوردستان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات". ئەمەش وەکو وەڵامێک بۆ هەندێک هەوڵی بەغدا بۆ دروستکردنی بەرەی سیاسی بۆ ئەوەی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بکەن کە یەکێکە لە پرۆژەکانی بەغدا و نووری مالیکیش پشتیوانیی دەکات.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: "حکومەتی رزگاریی نیشتمانی دروست نابێت و سەرناگرێت، ئێمە حکومەتی بنکەفراوانمان هەیە و لەکارەکانی بەردەوام دەبێ، حکومەتی بەناو رزگاریی نیشتمانی قەیرانەکان قووڵتر دەکاتەوە نەک چارەسەری بکات".

### تەمەنی پەرلەمان و حکومەت درێژ دەکرێتەوە

بڕیارە رۆژی 2017/10/24 پەرلەمانی کوردستان کۆببێتەوە. بەپێی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی، بێگەرد تاڵەبانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە سکرتێری هەمیشەیی پەرلەمان هەڵبژێردرێت و تەمەنی پەرلەمان و حکومەتیش درێژ دەکرێتەوە. بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، تەمەنی پەرلەمان لە نێوان 6 بۆ 8 مانگ درێژ دەکرێتەوە و نزیک دەبێتەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە لە 2018/5/12 بەڕێوەبچێت.

### گۆڕان و کۆمەڵ بەرە دروست دەکەن

بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆتا خاڵی بەیاننامەکەیدا رایگەیاندووە: " لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی، لەهەوڵداین بۆ کۆکردنەوەی هێز و گرووپی دیکە بە ئامانجی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم قۆناخە، لەسەرووی هەموویانەوە هەڵوەشاندنەوەی کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی". بە پێی زانیارییەکانی رووداو، بڕیارە گۆڕان و کۆمەڵ لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو بەرەیە رابگەیەنن و تێیدا ماوەی هەفتەیەک بخەنە بەردەم لایەنەکان بۆ هاتنە نێو ئەو بەرەیە.

مەروان گەلاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "وەکو بۆچوونی خۆم پشتگیری هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئەو لیژنەیەی کە ریفراندۆمی ئەنجامدا و 51%ی خاکی کوردستانی رادەستی حکومەتی عێراق کردەوە بە حیساب دەوڵەتیان دروست دەکرد، بۆیە حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی بە بەشداری پارتی و یەکێتی بە گرنگ دەزانم بۆ ئەوەی لەوە زیاتر دەستکەوتەکان لە دەست نەدەین".

### بەرهەم ساڵح و حکومەتی کاتی

قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە سەرۆکایەتی بەرهەم ساڵح، پێشتر هەمان داوای گۆڕانی کردبوو، بەڵام لە جیاتی وشەی حکومەتی رزگاری داوای حکومەتی کاتی کردبوو، بەرپرسێکی ئەو قەوارەیەش ئاشکرای دەکات لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی گفتوگۆیان لەگەڵ زۆر هێز و لایەنی سیاسی کردووە. رێبوار کەریم مەحموود، بەرپرسی ئۆفیسی گوتەبێژانی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە (رووداو)ی راگەیاند: "داوامان لە لایەنەکان کردووە ئەو حکومەتە کاتییە چوار ئەرکی سەرەکی هەبێت، ئارامکردنەوەی دۆخەکە، چاککردنی بژێویی خەڵک، دەستکردنەوە بە گفتوگۆی جدی لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و زەمینەسازی و ئامادەسازی بۆ هەڵبژاردنێکی پاک و خاوێن لە هەرێمی کوردستان".

### بەرهەم ساڵح پشتیوانیی حکومەتی کاتی دەکات

### بەغدا دەیەوێ تورکمانێکی شیعە بکاتە پارێزگار

# تورکمانی شیعە و سوننە لەسەر پۆستی پارێزگاری کەرکووک ناکۆکن

**رووداو- کەرکووک**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە هەوڵی ئەوەدایە لەم هەفتەیەدا ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆبوونەوەیەک بکات و لەو کۆبوونەوەیەدا پۆستی پارێزگاری کەرکووک وەربگرێ، بۆ ئەوەی رزگار عەلی، لەلایەن ئەنجوومەنەکەوە دەنگی پێبدرێ وەک پارێزگاری نوێی شارەکە. بەڵام تورکمانەکانیش چاویان لەو پۆستەیە و ئێستا کێشە کەوتووەتە نێوان تورکمانی شیعە و سوننە لەسەر ئەوە.

رۆژی 16ی ئۆکتۆبەر سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، بە رێککەوتن لەگەڵ باڵی ماڵباتی تاڵەبانی، پەلاماری شاری کەرکووکیان دا و بەوهۆیەوە بە هەزاران دانیشتووی شارەکە ئاوارە بوون. رۆژی دواتر حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، پارێزگارێکی نوێی بەوەکالەت بۆ شارەکە دانا، ئەویش راکان سەعید بوو کە عەرەبێکی سوننەی خەڵکی حەویجەیە و پێشتر جێگری پارێزگاری کەرکووک بوو.

هەرچەندە یەکێتی کاندیدی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری کەرکووک یەکلایی کردووەتەوە، بەڵام بەرپرسێکی یەکێتی لە کەرکووک کە لەبەر هەستیاریی دۆخەکە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی "یەکێتی ترسی زۆری هەیە لەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک نەدرێتەوە بە کورد، دەڵێن عەرەبەکان موماتەڵە دەکەن لەم بابەتەدا و هەست دەکەن نییەتیان وایە نەیدەنەوە بە کورد، تورکمانیش رازی نییە ئەو پۆستە بدرێتەوە کورد".

ئێستا یەکێتی هەوڵ دەدات عێراق رازی بکات حەشدی شەعبی لە شارەکە بچنە دەرەوە، بۆ ئەوەی ترسی خەڵک برەوێننەوە. چونکە یەکێتی ترسی لەوە هەیە کورد نەگەڕێنەوە کەرکووک و وردە وردە دەسەڵاتی عەرەب و تورکمان باڵا بێت، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، ترسی ئەوەیان هەیە کورد دەنگ نەهێنێ.

بەرپرسەکەی یەکێتی دەڵێت: "پارێزگاری کەرکووک بە وەکالەت، لەم چەند رۆژەی دەسەڵاتی وەرگرتووە هەندێک بڕیاری دەرکردووە، وەک گۆڕینی بەڕێوەبەری نووسینگەی پارێزگار، لەگەڵ گۆڕینی چەند بەشێک لەناو دیوانی پارێزگا و هاوکات دەگوترێت کە رێگەی بە عەرەبەکان داوە بچنەوە سەر ئەو زەوییانەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە درابوو پێیان و لە بنەڕەتدا زەوی تورکمان و کوردن، ماوەی چەندین ساڵە ئەو زەوییانە لە ناکۆکیەکانی موڵکایەتی یەکلایی نەکراونەتەوە"

ئەوە لەکاتێکدایە کە بەدرێژایی ساڵانی رابردوو لەو پارێزگایە لەرێگەی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوورەوە، بەشێکی زۆر لەو زەوییانە یەکلا کراونەتەوە. بەڵام ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەسەر لیستی پارتی، دەڵێ زانیاریمان نییە پارێزگاری کەرکووک ئەو بڕیارانەی دەرکردبێ بۆ ناردنەوەی عەرەب بۆ سەر زەوییەکان "ئەو جێگری پارێزگار بووە و دەزانێ کێشەکان چۆنن و پێشتر چۆن کاری لەسەر کراوە، بۆیە بڕواناکەم ئێستا بوێرێ لەو ماوەیەی پارێزگارە بڕیاری وا قورس بدات".

مەجید مەحموود، هەروەها لە بارەی پۆستی پارێزگاری کەرکووکیشەوە کە یەکێتی دەیەوێ وەریبگرێتەوە، دەڵێ ئەوە بە رێوشوێنی یاسایی دەبێ کە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا و تەواوکردنی نیسابی یاساییە "ئەوەندەی من بزانم پێنج ئەندامی ئەنجوومەن لە ئەندامانی یەکێتی و نەتەوەکانی دیکەی نێو لیستی برایەتی دەیانەوێ نامەیەک بۆ رێبوار تاڵەبانی بنێرن".

مەجید مەحموود ناوەڕۆکی نامەکەی ئاشکراکرد و گوتی "لەو نامەیەدا داوای لێدەکەن بگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و کۆبوونەوەی ئەنجوومەن رێکبخات تاوەکو پارێزگاری نوێی تێدا هەڵبژێردرێ". بەڵام رێبوار تاڵەبانی دەڵێت بەپێی یاسا تاوەکو ئێستاش نەجمەددین کەریم پارێزگاری کەرکووکە. هەروەها دەڵێت بەو مەرجە دەگەڕێتەوە کەرکووک کە دووبارە ئاڵای کوردستان لە شارەکە هەڵبکرێ.

وەک ئەو بەرپرسەی یەکێتی لە کەرکووک ئاشکرایکرد، ترسی یەکێتی لە وەرنەگرتنەوەی پۆستی پارێزگار بۆ ئەو ململانێیە دەگەڕێتەوە لە نێو تورکمانەکانی کەرکووک دروستبووە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە و پێداگیریی لەسەر دەکەن. مەجید مەحموود، ئەوە پشتراستدەکاتەوە کە تورکمانە شیعە و تورکمانە سوننەکانی کەرکووک وەرگرتنی پۆستی پارێزگار بە مافی خۆیان دەزانن و لە نێو ئەنجوومەنی پارێزگاکەش کاری بۆ دەکەن "نەک هەر لەسەر پۆستی پارێزگار، بگرە لەسەر پۆستەکانی دیکە و فەراشێکیش تورکمانە شیعە و سوننەکان رێکناکەون و کێشەیان هەیە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە شاری کەرکووک کە ئاگاداری ئەو ململانێیەی نێوان تورکمانی شیعە و سوننەیە بە (رووداو)ی گوت "تورکمانەکان بە نیازی پۆستی پارێزگاری کەرکووکن، لە نێو خۆدی بەرەی تورکمانیش کێشە لە نێوان کاندیدەکان دروستبووە بە تایبەت شیعەکانی نێو بەرەی تورکمانی پشتگیری هێنانی فەوزی ئەکرەم تەرزی پەرلەمانتاری پێشووی عێراق دەکەن کە لە هاوپەیمانی شیعەکان نزیکە لەسەر لیستی رەوتی سەدر بووە پەرلەمانتار. کە لێدوان و هەڤپەیڤینەکانی ئاماژە بەوە دەکات نەک کەرکووک شارێکی تورکمانییە، بەڵکو دەڵێت هەولێریش شارێکی تورکمانییە".

ئێستا ئاسایشی یەکێتی لە کەرکووکە و بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووکیش دراوەتەوە یەکێتی، بەڵام ژمارەیەک پۆستیش بە بەتاڵی ماونەتەوە بەهۆی رۆشتنی بەڕێوەبەرەکانیان بەهۆی ئەو دۆخەوە. مەهدی موبارەک کە لە پشکی پارتی بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکووک بوو و ئێستا لە هەولێر دادەنیشێ، رەتیکردەوە بگەڕێتەوە کەرکووک "من لەو دۆخەدا نامەوێ بگەڕێمەوە، کە حیزبەکەم و ئاسایش و دڵنیایی لەوێ نەبێ ناچمەوە".

ناوبراو، لەبارەی ئەوەی دەگوترێ پارێزگاری ئێستای کەرکووک لەبارەی گەڕاندنەوەی عەرەب بۆ سەر زەویی هاووڵاتیانی کورد و تورکمان بڕیاری دەرکردبێ "گوتی بڕواناکەم، چونکە ناتوانێ و لەدەسەڵاتی ئەودا نییە. ئەو پرسانە لە دەسەڵاتی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی وەزیرانە نەک پارێزگار، کاتی خۆی د.نەجمەدینیش نەیدەتوانی ئەو جۆرە بڕیارانە دەربکات".

ژمارەیەکی زۆر لە هاونیشتمانیانی کورد لە خورماتوو رایانگەیاند، کە خانوو م ماڵەکانیان لەلایەن حەشدی شەعبییەوە سووتێنراون و تاڵانکراون وەک تۆڵەکردنەوە. ئێستاش ناوبەناو خەڵک لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە گازاندە لەدەست حەشدی شەعبی دەکەن

بەپێی ئەو زانیارییانەی رووداو، لە کەرکووکەوە دەستیکەوتوون، بەوپێیەی ئێستا یەکێتی لە کەرکووکە، لە هەوڵی چڕ و پڕدایە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک بۆ ئەوەی ئاسایش و تەناهی خەڵک بەتەواوی بپارێزرێ، تاوەکو گلەیی زۆرتری نەیەتە سەر و خەڵک بگەڕێنەوە



# دەستوور ڕێ لە هەرێمێکی دیکەی کوردی دەگرێت؟


مەحموود یاسین کوردی

ڕووداو- هەولێر


دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و ڕێککەوتنی چەند سەرکردەیەکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ بەغدا بە نێوەندگیری قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران بۆ رادەستکردنەوەی کەرکووک، پرسی دروستکردنی هەرێمێکی دیکە لە باشووری کوردستان بووە جێی قسەوباسی میدیا عێراقی و بیانییەکان، حیزبەکانی باشووری کوردستان بە گومانەوە لەو دەنگۆیە دەڕوانن.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق دروستکردنی هەرێمێکی دیکە لە کوردستان بە "نادەستووری" دەزانێ، چونکە وەک ئەو دەڵێت "پێناسەی هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا کراوە و سنووری کارگێڕیشی دیاری کراوە بۆ جیاکردنەوەی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان".

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا دەستوور دەتوانێ ببێتە زامنی یەکێتی خاکی هەرێمی کوردستان؟ دەستوور دەتوانێ لەمپەرێکی هێندە بەهێز بێت ئەگەر نیازێکی سیاسی ڕاستەقینە لەلایەن بەغداوە هەبێت، هەمان ئەو بەغدایەی کە ڕێی نەدا پارێزگاکانی بەسرە و سەڵاحەدین ببنە هەرێمی سەربەخۆ ئەگەرچی ئەو مافە لە دەستووریشدا هاتووە؟

بە گوتەی موسەننا ئەمین، دروستکردنی هەر هەرێمێک لەنێو هەرێمی کوردستان پێویستی بە بڕیاری دادگای فیدراڵی هەیە "ئەو دادگایەش سیاسییە، بۆیە بەغدا هەموو هەوڵێک دەدات هەرێمی کوردستان دووکەرت بکات و خەونی سەربەخۆیی بکاتە مەحاڵ".

موسەننا ئەمین ترسی لەوە هەیە لە ناوخۆدا پشتگیری لەو بیرۆکەیەی بەغدا بکرێ و دەڵێت: "بەهۆی سیاسەتەکانی پارتی و ئەنجامنەدانی چاکسازی، دەنگێک لە سلێمانی و هەڵەبجە هەیە کە داوای دروستکردنی هەرێمێکی دیکە یاخود بەستنەوەی پارێزگاکان بە بەغدا لە بەرامبەر ناردنی بودجەو مووچە دەکات. ئەمەش پاشەکشەیەکی گەورەیە لە سەربەخۆیی، بۆیە دەبێ کورد یەکڕیز و یەکدەنگ بێت و لە نێوخۆش چاکسازی بکات و کێشەکانی چارەسەر بکات".

## مالیکی پشتگیری دەکات و عەبادی دژە

نووری مالیکی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆکی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا لە هەڤپەیڤینێکدا گوتی "هانی دروستکردنی هەرێمی دووەم لە کوردستان دەدەم، یاخود پارێزگاکانی هەرێم بە حکومەتی ناوەندییەوە گرێ بدرێنەوە". مالیکی گوتی کە دوو هەرێمی بۆ کورد باشترە لەوەی هەرێمێک لە ژێر دەسەڵاتی چەند کەسێک بێت.

هەرچی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراقە دژی دروستکردنی هەرێمێکی دیکەیە لەنێو هەرێمی کوردستان و لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانیدا لە دوای پەلاماردانی کەرکووک لەلایەن هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبی، ڕایگەیاند "بەهەموو شێوەیەک ڕەتیدەکەینەوە کە ڕێککەوتن بۆ دروستکردنی هەرێمێک لەناوچە کوردییەکان هەبووبێت".

مەسعود حەیدەر پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق پێشتر دەقی ڕێککەوتنێکی بافڵ تاڵەبانی و هادی عامری بۆ گەڕانەوەی هێزە عێراقییەکان بۆ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان بڵاوکردبووەوە کە تێیدا باس لە کردنەوەی فڕۆکەخانەی سلێمانی بەڕووی گەشتی نێودەوڵەتی دەکات، هەروەها پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی سنووری سلێمانی و کەرکووک لەلایەن بەغدا و ناردنی مووچەی پێشمەرگەی سنووری سلێمانی بەپێی لیستی ئامادەکراو لەلایەن بافڵ تاڵەبانی و دروستکردنی هەرێمی هەڵەبجە، سلێمانی و کەرکووک.

مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق لە بارەی دروستکردنی هەرێمی دیکە لە باشووری کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "ماددەی 117ی دەستووری عێراق ڕوون و ئاشکرا باسی چوارچێوەی سنووری ئیداریی هەرێمی کوردستانی کردووە بە هەموو دەسەڵاتەکانییەوە، هەروەها لە ماددەی 140 باسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی کردووە، بۆیە بەپێی دەستوور ناکرێت هەرێمێکی دیکە لە نێو هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، هەر خودی دەستوورەکە چەند ماددەیەکی دژ بەیەکی تێدایە، وەکو ماددەکانی 117، 140 و 143، بۆیە ئەگەر هەرێمێکی دیکە دورست بکرێت لە باشووری کوردستان، دەبێت دەستووری عێراق هەموار بکرێ".

مەسعود حەیدەر هەروەها دەڵێ: "پێویستە هەرێمی کوردستان بەهێز بکرێت و چاکسازی و گۆڕانکاری تێدا بکرێت نەک پارچە پارچە بکرێت".

بەپێی ماددەی 119ی دەستوور، هەر پارێزگایەک یان زیاتر دەتوانێت هەرێمێک بە گشتپرسی دروست بکات. لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیەشدا ئاماژە بەوە کراوە کە یەک لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگایەک، یاخود یەک لەسەر دەی دەنگدەرانی هەر پارێزگایەک دەتوانن داوا پێشکەش بکەن بۆ دروستکردنی هەرێمێکی فیدراڵی.

ڕۆژی 2017/10/19 بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ لە سلێمانی کۆبوونەوە و ڕاگەیەندراوێکی سێ خاڵییان بڵاوکردەوە و داوای پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق کرد و ڕایانگەیاند: "دژی هەموو هەوڵ و نیازێکین بۆ پارچەپارچەکردنی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوە بۆ دواوە".

ئەردەلان نوورەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە ڕووی سیاسییەوە دروستکردنی هەرێمی سلێمانی جێبەجێ ناکرێت، پاساوەکانیش لاوازن، تەنیا بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک و بەلاڕێدابردنی ڕای گشتییە بەرامبەر ئەو خیانەتەی لە کەرکووک کرا".

ئەردەلان گوتیشی: "لە ڕووی یاساییەوە دەبێت دەستوور هەموار بکرێ، جگە لەوە دەبێ خەڵکی کوردستان و دانیشتووانی ئەو ناوچانە لە گشتپرسییەکدا دەنگی لەسەر بدەن، خەڵکی کوردستانیش دووکەرتبوون ڕەتدەکەنەوە".

لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشدا هەن کە بە گومانەوە لەم قسەوباسانە دەڕوانن.

محەممەد عوسمان، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "بەغدا نە لەگەڵ یەکێتی نە لەگەڵ پارتی ڕاستگۆ نییە، ئامادە نییە مافی گەلی کورد بدات، بەڵکو دەیەوێ یەکڕیزیی کورد تێکبدات، بۆیە هەر جارەو بەناوی پرۆژەیەک ئەو یەکڕیزییە تێکدەدات، بەغدا ڕازی نییە کەرکووک بکرێتە هەرێمێک، یاخود لەگەڵ سلێمانی هەرێمێک دروست بکەن، بۆیە ئەوەی باسی لێوە دەکرێ تەنیا قسەیە".

ئەو دەڵێت: "پارتی و یەکێتی دەبێ واز لە یەکتر تەخوینکردن بهێنن، پێکەوە دابنیشن و چارەسەرێکی ئەو کێشانە بکەن. دەرکەوت حەشد و سوپا بە یەک چاو سەیری هەموو کورد دەکەن".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

> بەغدا هەوڵ دەدات کوردستان دووکەرت بکات
>
> یەکگرتوو

> هەرێمی دیکە بۆ پەردەپۆشکردنی خیانەتی کەرکووکە
>
> پارتی

---

## یەکێتی شوێنی تاڵەبانی پڕ ناکاتەوە

## ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەند:

# پڕکردنەوەی شوێنی مام جەلال خەیاڵە


مەحموود یاسین کوردی

ڕووداو- هەولێر


20 ڕۆژ بەسەر مەرگی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی کۆچکردووی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا تێپەڕیوە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە، لە حاڵەتی نەمانی سکرتێردا دەبێت کۆنگرە ببەسترێ، بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێ "تاوەکو مەترسییەکانی سەر کوردستان دوورنەخرێتەوە کۆنگرە نابەستین".

## پەیڕەو دوو مانگی داناوە

بەپێی ماددەی 28 لە پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی کە لە کۆنگرەی چوارەمی ئەو حیزبەدا لە ساڵی 2010 پەسەند کراوە، لە خاڵی یەکەمیدا هاتووە کە لە کاتی لەسەرکارنەمانی سکرتێری گشتی جا بە هەر هۆیەک بێ، دەبێ لە ماوەی دوو مانگدا کۆنگرەی نائاسایی ببەسترێ. لە خاڵی دووەمیشدا ئاماژە بەوە دەکات کە جێگری سکرتێری گشتی تا بەستنی کۆنگرەی نائاسایی ئەرکەکانی سکرتێری گشتی جێبەجێ دەکات.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کەس ئیشی بۆ کۆنگرە نەکردووە، هەلومەرجەکەش لەبار نییە بۆ بەستنی کۆنگرە تاوەکو دۆخەکە ئاسایی نەبێتەوە و مەترسییەکانی سەر کوردستان دوورنەخرێتەوە کۆنگرە نابەسترێت، چونکە بابەتی گرنگتر لە ساحەکە هەیە، بۆیە کۆنگرەمان فەرامۆش کردووە".

## چوار ساڵ لەسەر وادەی کۆنگرە تێپەڕیوە

کۆنگرە کە باڵاترین دەسەڵاتە لە نێو یەکێتی، بە پێی ماددەی 14 لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حیزبە، دەبێت سێ ساڵ جارێک ببەسترێت و کۆنگرەی چوارەمیش دەبوو لە مانگی 10ی ساڵی 2013 ببەسترابا، بەڵام چوار ساڵ بەسەر ئەو وادەیە تێپەڕیوە، چونکە بەهۆی نەخۆشکەوتنی مام جەلال و کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی نەتوانرا لە وادەی دیاریکراوی خۆی کۆنگرە ببەسترێ، کۆنگرەی نائاسایی لە حاڵەتی هاتنە پێشەوەی قەیران و ڕووداوێکی گرنگ دەبەسترێ. بەپێی پەیڕەو، سکرتێری گشتی ڕاستەوخۆ لەنێو کۆنگرە هەڵدەبژێردرێ و پێویستە کاندید تەمەنی 40 ساڵ بێت و زیاتر لە 10 ساڵیش ئەندامی ئەو حیزبە بووبێت.

فەرید ئەسەسەرد گوتی: "ئێمە دەبوو کۆنگرەی ئاسایی لەساڵی 2013 ببەستین، ئێستا کە چوار ساڵ بەسەر ئەو ماوەیە تێپەڕیوە و کۆنگرەی چوار نەبەستراوە، دەکرێ لە ئایندە بیبەستین کێشەیەک نییە، چونکە پەیڕەوی ناوخۆ لە نێو کۆنگرە هەموار دەکرێتەوە".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، ئەگەر کۆنگرەی نائاسایی ببەسترێت لەسەر داوای سێ لەسەر چواری ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەنجوومەنی ناوەند، سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەی پێشوو دەبنەوە ئەندامی کۆنگرە، بەم جۆرە بێت، سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەی 2010 دەبنەوە ئەندام، بەڵام ئەگەر کۆنگرەی ئاسایی بێت، دەبێت ئەندامانی بە هەڵبژاردن لە ڕێگای ڕێکخستنەکانەوە بێن و ناشبێت ئەندامانی کۆنگرە لە هەزار ئەندام تێپەڕ بکات کە پێویستە ڕێژەی 20%ی ژن بێت.

ڕۆژی 2017/10/3 جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی و سەرۆککۆماری پێشووی عێراق لە تەمەنی 84 ساڵیدا لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، ئەگەرچی لە ڕۆژی 2012/12/18 بەدواوە لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاردان لە حیزبەکەی، لە کوردستان و عێراق دوورکەوتەوە، بەڵام شوێنەکەی نە لە عێراق و نە لە کوردستان پڕنەکرایەوە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی دوای مام جەلال ئەرکی قورسە، دەبێ لەسەر سیاسەتی چەپکە گوڵ و کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و ئاراستەکان لە نێو یەک حیزب بەردەوام بێت. من حەز دەکەم یەکێتی سکرتێری هەبێ، بەڵام پڕکردنەوەی شوێنی مام زۆر قورسە، بە قەناعەتی خۆم خەیاڵە، چونکە ئەو پیاوە جگە لەوەی ڕابەرێکی گەورە بوو، لە هەمانکاتدا خۆی بە براو مامی هەمووممان دەزانی".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەن پێیوایە دەبێ یەکێتی بە قۆناغێکی ڕاگوزەردا بڕوات، ئەویش دروستکردنی ئەنجوومەنێکی جێبەجێکردن و دەستەیەکی سێ کەسییە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی حیزب، حکومەت و پەرلەمان.

## پەیڕەوێکی نوێ بۆ یەکێتی ئامادە کراوە

پێشتر (ڕووداو) پرۆژەیەکی ئێرانییەکانی بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی بڵاوکردەوە کە خرابووە بەردەم باڵە ناکۆکەکانی یەکێتی، پرۆژەکە بریتی بوو لە دەستەیەک لە جێگرانی سکرتێر و ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ هاوژینی تاڵەبانی کە پێکهاتبوون لە (کۆسرەت ڕەسوڵ، بەرهەم ساڵح، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا بەختیار، حاکم قادر و عومەر فەتاح) بەڵام پرۆژەکە شکستی هێنا.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی باسی ڕەشنووسی پەیڕەوێکی نوێ دەکات کە چەند مانگێکە بە هاوکاریی کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزا لەلایەن ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بۆ بەڕێوەبردنی حیزبەکە ئامادەکراوە و دەڵێ: "ئەو پرۆژەیە بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتییە بە کۆمەڵ، پڕۆژەکە نوێنەرایەتی سەرجەم پارێزگا و قەزا و ناوچەکانی بۆ بەشداربوون لە بەڕێوەبردنی یەکێتی جێ کردووەتەوە، دەتوانم بڵێم پەیڕەوێکی پێشکەوتووە لەسەر بنەمای فەلسەفەی سیاسیی سۆسیال دیموکرات ئامادەکراوە، دابەشکردنی ڕۆڵ و دەسەڵاتی بە باشی بۆ هەموو ئۆرگانەکان شۆڕکردووەتەوە".

## دەستکێشانەوەی بەرهەم ساڵح

دوای ڕاگەیاندنی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە سەرۆکایەتی بەرهەم ساڵح، جێگری دووەمی سکرتێری گشتی یەکێتی، پرسی مانەوەی ئەو لەنێو یەکێتی هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە. (ڕووداو) زانیویەتی بەرهەم ساڵح دەستلەکارکێشانەوەی لە ڕیزەکانی یەکێتی پێشکەشی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا پەسەند نەکراوە. ئەگەرچی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لە یەک کاتدا ئەندامبوون لە نێو دوو قەوارە ڕێگەپێدراو نییە و ئۆتۆماتیکی بەرهەم ساڵح لە ڕیزەکانی یەکێتی نەماوە.

سلێمان عەبدوڵڵا یونس، هاودیدی قەوارەی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کاک بەرهەم ئێستا سەرۆکی قەوارەیەکی سیاسییە، ئێمە هەموومان کار بۆ سەرخستنی ئەو قەوارەیە دەکەین، ئێمە حیزبمان دروست نەکردووە و ئینشیقاقیشمان نەکردووە، ئەو قەوارەیە کۆکەرەوەی هەموو لایەنەکانە لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان".

> کەس ئیشی بۆ کۆنگرە نەکردووە
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

> یەکێتی دەستلەکارکێشانەوەی بەرهەم ساڵحی پەسەند نەکردووە

> پەیڕەوی ناوخۆ داوا دەکات لە دوو مانگدا شوێنی سکرتێر پڕ بکرێتەوە

> لیژنەیەکی تایبەت پەیڕەوێکی نوێی بۆ یەکێتی ئامادە کردووە



سەرۆکی گرنگترین دەزگایە لە پارێزگای کەرکووک کە ئەنجوومەنی پارێزگایە. بەڵام ئەویش لەگەڵ زیاتر لە 150 هەزار کەرکووکیی دیکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە. ڕێبوار تاڵەبانی کە بەپێی پۆستەکەی دەبوو ئاگاداری ئەو ڕێککەوتنە بێ لەسەر گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ کەرکووک کرا، کەچی وەکو هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی ئاگاداری هاتنی سوپا و حەشد بووە بۆ نێو شاری کەرکووک. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت بە مەرج دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی، مەرجەکەشی ئەوەیە ئاڵای کوردستان لە کەرکووک هەڵبکرێ کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە تەنیا ئاڵای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی تێدا دەشەکێتەوە. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاشکرای دەکات لە نووسینگەی عەبادی بەڵێنی پۆستی باڵایان پێداوە، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە.

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو - هەولێر

## ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ (ڕووداو):

# هەتا ئاڵای کوردستان لە کەرکووک بەرز نەکرێتەوە ناگەڕێمەوە

> کەرکووک بەسەر گرووپەکانی حەشدی شەعبی دابەش دەکرێ

**ڕووداو: خەڵک زۆر دەپرسێت ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا چی بوو؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** بەداخەوە بەبێ بەشداریی کورد، پەرلەمانی عێراق بڕیارێکی 13 خاڵی دەرکردبوو کە سەرۆکوەزیرانی سەرپشک کرد بۆ گرتنەبەرەی ڕێوشوێن دژی گشتپرسی و هەرێمی کوردستان، یەکێک لەو خاڵانە گەڕانەوەی سوپا بوو بۆ ناوچە کوردستانییەکان، بۆیە چەند جارێک هۆشداری چەند کاژێرییان دا و ئامادەش نەبوون گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن، ئەگەرچی پارتی و یەکێتی بەو دەستپێشخەرییەی سەرۆککۆماریش ڕازی ببوون، ئەو 5 خاڵەی هێنابووی، بەڵام بەداخەوە بۆ کاژێر 11ی شەو سوپا و حەشدی شەعبی بە ئاراستەی کەرکووک جوڵەیان پێکرا، خۆشم قسەم لەگەڵ وەستا ڕەسوڵ فەرماندەی میحوەری چوار کرد گوتی دۆخەکە ئارامە و هێز جوڵەی نەکردووە و ئێمە لە شوێنی خۆمانین.

**ڕووداو: دەڵێن حەشدی شەعبی لە کەرکووک نەماوە؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** وا نییە، ئێستا جگە لە سوپا و حەشدی شەعبی، کۆمەڵێک گرووپی وەکو عەسائیبی ئەهلی حەق، خوراسانی و سەرایا سەلامی سەر بە سەدریش هاتوونەتە شارەکە.

> 18 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاوارەن

**ڕووداو: باسی دەستبەسەرداگرتنی ماڵەکەت لەلایەن حەشدەوە دەکرێت لە کەرکووک، نازانی کێ ڕێنیشاندەریان بووە؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** پێش ئەوەی حەشدی شەعبی هێرش بکاتە سەر کەرکووک، بارەگا و ماڵی چەند حیزب و کەسایەتییەک کرابووە ئامانج، بە تۆمەتی ئەوەی ئەوان بەشێک بوون لە سەرخستنی گشتپرسی، یەکێکیان ماڵەکەی من بوو، بەو پێیەی زۆربەی بڕیارەکانی پشتیوانی بۆ گشتپرسی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە سەردەمی من دەرچووە، بۆیە عەسائیبی ئەهلی حەق دەستیان بەسەر ماڵەکەی مندا گرتووە.

**ڕووداو: بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان چەند سەرکردەیەکی یەکێتی و بەغدا کە بە ئاگاداری قاسم سولەیمانی کراوە، بڕیار نەبووە حەشدی شەعبی بێتە نێو شار، بەبۆچوونی تۆ بۆچی بارودۆخەکە وای لێهات و حەشد هاتە نێو شارەکە؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** حەشدی شەعبی لە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر دراوە، هەر شوێنێک بیەوێت دەتوانێت بچێ، تازە هیچ ناکرێت. بەپێی زانیارییەکانی من عەبادیش تاوەکو درەنگانی شەو ئاگای لە جموجۆڵی هێز لە کەرکووک نەبووە.

> بەپێی یاسا تاوەکو ئێستاش نەجمەدین کەریم پارێزگارە

**ڕووداو: پارێزگاری کەرکووک لە یەکەم لێدوانیدا ئاشکرای کرد کە دوو بەرپرسی یەکێتی لەگەڵ نوێنەری قاسم سولەیمانی هەڕەشەیان لێکردووە، هیچ گفتوگۆیەکی نوێنەری فەرماندەی سوپای قودس لەگەڵ ئێوە هەبووە؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** نەخێر کەس گفتوگۆی لەگەڵ من نەکردووە، ئەسڵەن هاتنی سوپا و حەشد بۆ نێو شاری کەرکووک بۆ من موفاجەئە بوو، بەیانییەکەی چوومە دەوامی ئەنجوومەنی پارێزگا، بەداخەوە کەس منی ئاگادار نەکردەوە لە کاتێکدا من و پارێزگاری کەرکووک هەڕەشەی گەورە لەسەر ژیانمان هەبوو، بۆیە بەخێرایی خێزانەکەم ڕزگار کرد، دواکەوتبام لەوانە بوو تووشی مەترسیی گەورە ببین.

**ڕووداو: ئێستا بە نیازی گەڕانەوە نین؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** منیش بە خێزانەوە لەگەڵ دەیان هەزار خێزانی کەرکووکی ئاوارەم، هەندێک خزم و دۆستمان لەنێو کەرکووک ماون، هەمووان دەڵێن مەگەڕێوە مەترسی هەیە. دۆخی ئەمنیی شار باش نییە، حەشدی شەعبی بارەگای داناوە بە نیازن هەندێک گرووپی دیکەی حەشدیش بێن کە سەر بە حیزبە شیعەکانن، بە نیازی دابەشکردنی کەرکووکن، بۆ ئەوەی هەر گرووپێک ناوچەیەکی کەرکووک بگرێت. لە یەکەم ڕۆژەوە لە مەکتەبی عەبادی پەیوەندیم پێوە کرا کە گرنگە بگەڕێمەوە، پێیانگوتم هەر پۆستێکت دەوێت لە خزمەتداین، بەس بۆ ئەوەی بۆشایی کارگێڕی دروست نەبێ و دۆخەکە هێور بکەمەوە و پارێزگارێکی نوێ هەڵبژێرین. چەند حیزبێک لە نێو کەرکووک پەیوەندییان پێوەکردم، وەڵامیشم ئەوە بوو کە تاوەکو سوپا و حەشدی شەعبی لە کەرکووک بێت و ئاڵای پیرۆزی کوردستان سوکایەتی پێ بکرێت ناگەڕێمەوە کەرکووک، بە تایبەتی یەکێک لە مەرجەکانم دەبێ ئاڵای کوردستان بەرز و شکۆدار بێت، ئینجا دەگەڕێمەوە.

**ڕووداو: دوایین ئاماری ئاوارەکانی کەرکووک چەندە؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران 150 هەزار کەس ئاوارە بوون.

**ڕووداو: جگە لە خۆت چەند ئەندامی دیکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاوارەن؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** لە کۆی 41 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، ئەندامانی بەرەی تورکمانی و عەرەب لە شارەکە ماونەتەوە، ئێمە وەکو لیستی برایەتی و پێکەوەژیانی کەرکووک ژمارەمان 26 ئەندامە، نزیکەی 18 ئەندامامان ئاوارەن.

> نووسینگەی عەبادی پەیوەندییان پێوەکردم کە بگەڕێمەوە، بەڵام ڕەتمکردەوە

**ڕووداو: هیچ بەرنامەیەکت هەیە بگەڕێیەوە کەرکووک بۆ ئەوەی بۆشایی کارگێڕی دورست نەبێت؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو هێرشەی سەر کەرکووک دانانی پارێزگارێکی دیکەیە بۆ شارەکە، بۆ زانیاریت بەپێی یاسا تاوەکو ئێستا نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکە، چونکە بەپێی یاسای ژمارە 70ی بریمەر تەنیا ئەنجوومەنی پارێزگا دەتوانێت پۆستی پارێزگار یەکلایی بکاتەوە، بۆیە بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق و واژۆکردنی مەرسوومی لەسەرکارلادانی نەجمەدین کەریم لەلایەن سەرۆککۆمارەوە هەڵەیە و یاسایی نییە. سەرۆکوەزیران دەبێت داوا لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکات بۆ لابردنی پارێزگار. پێشتر ئێمە لە دانیشتێکی فەرمی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکدا کە سەرجەم حیزب و نوێنەری پێکهاتەکان تێیدا بەشداربوون، بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراقمان سەبارەت بە لەسەرکارلابردنی پارێزگاری کەرکووک ڕەتکردەوە. ئێستا دەیانەوێ ئێمە بچینەوە پارێزگارێکی دیکە هەڵبژێرین و سەرۆکێکی تورکمان دابنێین لەو حیزبە شۆڤێنییەی کە پێنج سکاڵای لەسەر من تۆمار کردووە، ئێمە ناچین سەرۆکی ئەنجوومەن

> نووسینگەی عەبادی بەڵێنی پۆستیان پێدام، بەڵام ڕەتمکردەوە

بۆ حیزبێک هەڵبژێرین کە دژی ئاڵای کوردستان و گشتپرسی و ماددەی 140 بووە، تەنانەت بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنیان کردبوو، بۆیە لەبەر ئەو هۆکارە ناچینەوە کەرکووک سەرەڕای ڕەوشە ئەمنییەکە.

**ڕووداو: نەخشە ڕێگایەکتان هەیە بۆ کاری داهاتووتان؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** ئێمە لەگەڵ خوشک و برایانی ئەندامی لیستی برایەتی لە پەیوەندیداین بۆ ئەوەی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر کۆببینەوە و پلان بۆ خزمەتکردنی ئاوارەکان دابڕێژین و بە ئەرکی خۆمان بەرامبەر کەرکووکییەکان هەڵبستین.

**ڕووداو: قسەی زۆر جیاواز دەکرێ لەبارەی ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر ڕوویدا، هەندێک دەڵێن "ناپاکی" بوو، هەندێکیش دەڵێن ڕێککەوتن بوو لەگەڵ بەغدا، تۆ چ ناوێکی لێدەنێی؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** ئەو ناو و ناتۆرانە خزمەتی خەڵکی کوردستان ناکەن، ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە، بەڵکو گرنگە ئێمە بێین قسە لەسەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی بکەین لەلایەن عەبادییەوە لە ناکۆکییە سیاسییەکاندا کە دژی دەستوورە، عەبادی وەکو سەدام بڕوای بە بەکارهێنانی هێز هەیە و پەندی لە ڕژێمەکانی پێش خۆی وەرنەگرتووە. هێزی بۆ سەرکوتکردنی هاووڵاتییانی خۆی بەکارهێناوە، هاووڵاتیان شەهید و بریندار بوون، ئاوارە بوون و ماڵیان سووتێندراوە و زەرەر و زیانیان بەرکەوتووە. کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، بۆیە دەبێ سکاڵای لەسەر تۆمار بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ، بۆ ئەمەش پێویستمان بە پارێزەرانی نێودەوڵەتی هەیە. ئەوان دەیانەوێ کورد لاواز و پەرت و دوو ئیدارە بێت، بۆیە دەبێ یەکڕیزیی خۆمان پتەو بکەین.

**ڕووداو: تۆ باسی داگیرکردنی کەرکووکت کردووە، ئایا دەتوانرێت بگوترێ کەرکووک داگیرکراوە؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** بەغدا ئەو قسانەی پێ خۆش نییە، بۆیە ئەگەر قسەیەکی وا بڵێی وەکو کاک کۆسرەت دەتداتە دادگا، بەڵکو ئەو ناوی لێناوە سەپاندنی یاسا، بەڵام با بێین سەیری ئەو پرۆسەیە بکەین بزانین ئەمە سەپاندنی یاسا و دابینکردنی ئاسایشە؟، بەداخەوە دوای 16ی ئۆکتۆبەر ئاسایش و یاسا نەماوە، بۆیە دەبێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ عەبادی و فەرماندە سەربازییەکان بکرێت تا ئاستی دادگاییکردن کە هۆکار و بەرپرسیارن لە دروستبوونی ئەو دۆخە نائارامە لە کەرکووک.

> ئەوانەی سوکایەتییان بە ئاڵای کوردستان کرد دەبێت بدرێنە دادگا

**ڕووداو: چ هەستێکت هەبوو کاتێک بینیت ئاڵای کوردستان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هێنرایە خوارەوە؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** برینێکی قووڵی لە دڵ و دەروونی هەموو کوردستانییەک دروستکردووە، چونکە ئەو ڕۆژەی ئێمە ئاڵامان هەڵکرد ڕۆژێکی نەتەوەیی بوو، هەموو کوردێک دڵی پێی خۆش بوو، یەکێک لەو کەیسانە کە داوا دەکەم پارێزەران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاوکاریم بکەن، پرسی ئاڵای کوردستانە، ئەو ئاڵایە بە یاسا و بڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بەرز کراوەتەوە، ئاڵای عێراق پەرلەمانی عێراق بڕیاریداوە و ئاڵای کوردستانیش پەرلەمانی کوردستان، واتە هەردووکیان لە ڕووی یاساییەوە پیرۆزن، بۆ هیچ کەس نییە بیهێنێتە خوارەوە و سوکایەتی پێ بکات، بۆیە دەبێ لێکۆڵینەوە لەو کەسانە بکرێت.

**ڕووداو: دۆخی ژیان و گوزەرانی تورکمان و عەرەب لە نێو کەرکووک چۆنە، خەڵک کەمتر باسی ئەو دوو پێکهاتەیە دەکەن؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** تورکمان و عەرەب دەزانن حەشدی شەعبی چی بە مووسڵ و جورف ئەلسەخر و شوێنەکانی دیکە کردووە، بۆیە دەترسن. بەشێکیان وەکو کوردەکە ڕایکردووە، ئەوانەی ماویشن دووچاری ئازاری دەروونی و کێشە بوون. تورکمان دوو جار تووشی کێشە بوون، چونکە بەرەی تورکمانی زۆر هانی تورکمانەکانی کەرکووکی دا دژایەتی کورد بکەن کە گوایە پارێزگار لەوان دەبێت، ئێستا لە نێوخۆیان بووەتە کێشە و گرفت، ئێستا تورکمانەکان داوای دەرچوونی حەشدی شەعبی دەکەن.

> بەرەی تورکمانی فێڵی لە تورکمانەکانی کەرکووک کرد

**ڕووداو: لەگەڵ نوێنەری وڵاتان لە هەولێر دانەنیشتووی سەبارەت بە دۆخی کەرکووک؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** بەرنامەیەکمان هەیە لەگەڵ کونسوڵخانەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و ڕووسیا و چەند وڵاتێکی دیکە قسە بکەین، چونکە ئەو وڵاتانە چەواشەکراون، بە تایبەتی ئەمریکا کە گوایە ئەم پرۆسەیە بۆ سەپاندنی یاسا و دەسەڵاتی دەستوورە و هیچ کێشە و گرفتی نییە.

**ڕووداو: بەهۆی گشتپرسییەوە کورد کەرکووکی لە دەستچوو؟**

**ڕێبوار تاڵەبانی:** پێش هەموو شتێک گشتپرسی تاوان نەبوو، بەڵکو پرۆسەیەکی دیموکراسی بوو خەڵک بە ڕێگای دیموکراسی دەنگیانداوە، نە دەبوو حکومەتی عێراقی لەسەر هەمان نەهجی ڕژێمی سەدام سوپا بەکاربهێنێ، کورد کارەساتی زۆر لەوە گەورەتری بینیوە، ئەنفال و کیمابارانی بینیوە کە ڕۆژانێکی سەخت بووە، بەڵام کۆڵی نەداوە و بێ ئومێد نەبووە، بێگومان ئەمەش بە یەکڕیزی دێتەدی، کەرکووکمان لەدەست نەچووە، بەڵام ئەگەر لە نێوخۆ خەریکی تانەو تەشەر بین، ناگەینە ئامانجەکان.

> ماڵەکەم لەلایەن عەسائیبی ئەهلی حەق دەستی بەسەردا گیراوە

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 478 ) - دووشەممە 2017/10/23



## 750 زانای ئاینی لەلایەن میلیشیاکانی شیعە کوژراون

**ڕووداو- هەولێر**

عەبدوڵڵا مەلا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی لە کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەئاگاداری حکومەتی عێراق، میلیشیا تایفەگەرییەکان 750 زانا و کەسایەتی ئاینی سوونەیان کوشتووە. مەلا سەعید هەروەها دەڵێت "حکومەتی عێراق زانیاری بەرجەستەکراوی هەبوو لە کردەوەکانی کوشتن و لەناوبردنی زانایانی عەرەبی سوونە. تەنگژەی ئەمنیی لە عێراق ڕێگەی زیاتری بۆ میلیشیاکان خۆشکرد بەکوشتن و لەناوبردنی سیمبۆلە ئاینییەکان". سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئاینی ڕوونیشیکردەوە "مزگەوتەکانیش لە هێرشە تایفەگەرییەکان ڕزگاریان نەبوو کاتێک میلیشیاکان لەژێر ناوی هێزە ئەمنییەکانی حکومەت، بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوە زۆربەی مزگەوتەکانی موسڵ و ڕومادی و دیالە و سەڵاحەددینیان خاپوور کرد".

### بۆچی گشتپرسی بەم ئەنجامە گەیشت؟

# پشتی پەردەی هێرشەکەی کەرکووک و کشانەوەی پێشمەرگە

**ڕووداو- هەولێر**

هێرشەکەی هەفتەی پێشووی کەرکووک لە کاتێکی چاوەڕواننەکراودا ڕوویدا، چەند ڕۆژێک پێش ئەو هێرشە، ئیدارەی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کە ئامادە نییە پابەندبوونی ئێران بە ڕێککەوتنی ئەتۆمییەوە پشتڕاست بکاتەوە، نەک لەبەر ئەوەی ئێران مادەکانی ناو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی جێبەجێ نەکردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سیاسەتی فراوانخوازیی ئێران هۆکاری تێکچوونی سەقامگیری و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

چەند ڕۆژێک دواتر، سوپای عێراق شانبەشانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بە هاوکاریی سوپای قودسی ئێران هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان دەستپێکرد و لە ماوەی 24 کاژێردا دەستیان بەسەر هەموو شاری کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرت. هەرچەند هێرشەکەی سەر کەرکوک بەخێرایی کۆتایی هات، بەڵام ئاکامەکانی ئەو هێرشە لە چەند ساڵی داهاتوودا ڕەنگدانەوەیان لەسەر سیاسەتی عێراق، ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان، دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکە و قورسایی سیاسەتی ئەمریکا لەسەر سیاسەتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێت.

بەڵام حاڵی حازر کۆمەڵێک پرسیار سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکانی کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرەکان هێندەی دەرئەنجامەکانی ئەو ڕووداوە جێی بایەخن، لەبەر ئەوەی هەر هۆکارەکانی ئەو ڕووداوە دەکرێت دەستنیشانی ئەوە بکەن چ ئاکامێک لە هێرشەکانی هەفتەی ڕابردوو دەکەونەوە.

## بۆچی بەم ئەنجامە گەیشت؟

تاوەکوو چەند ڕۆژێک پێش گشتپرسییەکەش، هەموو کوردێک باسی ئەوەی دەکرد کە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوول یان کورد بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت دەبات، یان دەستی کورد بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا بەهێزتر دەکات، بەڵام لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا وەرەقەکان وردە وردە هەڵگەڕانەوە. گەشتە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکان بەرەو فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان ڕاگیران، مەترسی داخستنی هەموو خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، لەسەر ئاستی نێوخۆییش ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسییە سەرەکییەکان تۆخ بووەتەوە و دواجاریش کورد ناوچە کێشە لەسەرەکانی لەدەست دا.

لێکدانەوەی جیاواز بۆ ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردوو دەکرێت. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هۆکاری لەدەستدانی کەرکووک بۆ ڕێککەوتنی باڵێکی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ لایەنی عێراقی و ئێران دەگەڕێننەوە. بەڵام ژمارەیەک لە سیاسییەکانی کورد پێیانوایە هەڵسەنگاندنی هەڵە، هۆکاری دروستبوونی ئەو بارودۆخە بووە.

مەحمود عوسمان، سیاسەتڤانی کۆنی کورد، لەمبارەوەیە بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "ئەمە بە هۆی هەڵسەنگاندنی هەڵەوە ڕوویدا". مەحموود عوسمان کە خۆی ئەندامی لیژنەی دانوستاندن بووە لەگەڵ ڕژێمی بەعس لە ساڵانی حەفتاکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای دیاریکردنی وادەی گشتپرسییەکە، لە کۆبوونەوەیەکدا هۆشداری بە بارزانی داوە کە لەناو ئەو هەموو ناڕەزایەتییە ناوچەییەدا گەیشتن بە سەربەخۆیی مەحاڵە.

> ئەوەی ڕوویدا بەهۆی هەڵسەنگاندنی هەڵەوە بوو
>
> مەحموود عوسمان

مەحموود عوسمان بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێت "ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی گشتپرسییەکە دەبێ بکرێت و دەشێت بکرێت و شتێکی باشیشە، چونکە دۆخێکی نوێ دێتەئاراوە کە ئەوان (واتە زلهێزە ناوچەییەکان) مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. ڕەنگە بارزانی پێیوابووبێت کە ئەمریکا هەڵوێستێکی جیاوازی دەبێت، ڕەنگە وەهای بیرکردبێتەوە کە ئێران و تورکیا هێندە خراپ نابن، لەوانەشە ڕاپۆرتی جیاوازی لە ڕاوێژکارەکانییەوە پێگەیشتبێت. هەڵسەنگاندنی ئەو بۆ دۆخەکە جیاواز بوو لەوەی کە دوای گشتپرسییەکە دروستبوو".

مەحموود عوسمان کە ساڵانێکی زۆریش لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی خەباتی کردووە، دەڵێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان وایدەزانی گشتپرسییەکە دەستی کورد لە بەغدا بەهێزتر دەکات، بەڵام "پێچەوانە دەرچوو، بارزانی بیری لە باشترین لێکەوتەکان دەکردەوە، بەڵام خراپترین دۆخ هاتە ئاراوە".

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە ئەمریکییەکە، پێش گشتپرسیش سەرۆکوەزیرانی عێراق گوشارێکی زۆری لەسەر بووە بۆ ئەوەی ڕێگە لە فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێت، بۆیە بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (واشنتن پۆست)ی گوتووە "بەڕای من گشتپرسییەکە هەنگاوەکانی بەغدای توندتر و خێراتر کرد".

ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست) ئەوەش دەخاتەڕوو کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتوندی دژی گشتپرسییەکە بووە، چونکە ئەو هەنگاوە دەستی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی ئێستای عێراق، لە هەڵبژاردنەکانی 2018 لاواز دەکات. ئیدارەی ئەمریکی بۆ دەربازکردنی خۆیان لەو کێشەیە، لە بەرامبەر دواخستنی گشتپرسییەکە بەڵێنێک بە کورد دەدەن. بەرپرسێکی ئەمریکی بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە لە بەرامبەر دواخستنی گشتپرسی، بەریتانیا و ئەمریکا کۆمەڵێک بەڵێنی نووسراو بە کورد دەدەن کە ئاسانکاری بۆ دانوستاندنی کورد لەگەڵ بەغدا دەکەن و هەمیش پشتگیریان لێدەکەن. بەرپرسە ئەمریکییەکە ئەوەشی خستووەتە ڕوو کە "ئەگەر دانوستاندنەکەی کورد و بەغدا پاش دوو ساڵ هیچی لێ سەوز نەبوو، ئەوە ئەمریکا دان بەوەدا دەنێت کە پێویستە گشتپرسی بکرێ".

> بارزانی پێیگوتین ئەگەر یەکێتی بکشێتەوە بە تەنیا لە زۆنی زەرد گشتپرسی دەکەم
>
> ڕێککەوتنەکەی کەرکووک لەلایەن باڤڵ و هێرۆخانەوە واژۆ کراوە
>
> دۆستانی کەرکووک ڕێککەوتنەکەیان کردووە
>
> سەعدی ئەحمەد پیرە

سەعدی ئەحمەد پیرە، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی، یەکێکی دیکە لەو بەرپرسانەی کوردە کە قسەی بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکە کردووە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کاتێک لە بەغدا گەڕانەوە، نامەکەی ڕێکس تیلەرسن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تازە گەیشتبوو. بە گوتەی سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتەکەی بە بارزانییان ڕاگەیاندبوو کە ئەوان پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکەی ئەمریکا دەکەن، بەڵام هەندێکیان داوایان دەکرد شێوەی داڕشتنی نامەکە و بەڵێنەکان بەهێزتر بکرێن.

گوتەبێژەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەشڵێت "بارزانی گوتبووی ئەگەر یەکێتی لە گشتپرسییەکە بکشێتەوە، ئەوە پارتی گشتپرسییەکە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەر دەکات". بە گوتەی سەعدی پیرە، ئەمە ناکۆکییەکی زۆری لە هەرێمدا دروست دەکرد.

هێمن هەورامی، ڕاوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لێدوانەکەی پیرە سەبارەت بە ئەنجامدانی گشتپرسی لە ناوچەکانی پارتی بە "زانیاریی هەڵە" لەقەڵەم دەدات و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو پارتەکان پشتگیریی بڕیاری گشتپرسییان کرد. بەرپرسەکەی پارتی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە دەستپێشخەرییەکەی ئەمریکا سەنگی نەبووە، چونکە "ئەوان بەڵێنی کۆمەڵە شتێکیان بە ئێمە دابوو کە نەیاندەتوانی جێبەجێی بکەن، چونکە لە بەغدا بەرەنگاری دەبوونەوە. تێناگەم دەیانەوێت چی بڵێن، چونکە ئێمە پێشتریش زۆر جار ئەمەمان بینیوە".

بەڵام دوو بەرپرسی ئەمریکی دەڵێن تیلەرسن هیچکات نامەی بۆ بارزانی نەناردووە، ئەوان دەڵێن ڕەشنووسی نامەیەک ئامادە کرابوو. یەکێک لەو بەرپرسانە دەڵێت: "بێگومان بەغدا و واشنتن و هاوپەیمانەکانی دیکە بیریان لە ڕێگەیەک دەکردەوە بۆ ئەوەی کێشەکە بەرەوپێش بەرن".

بە گوتەی مەحموود عوسمان، هەوڵەکانی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی گشتیی سوپای قودسی ئێران، بۆ ڕازیکردنی بارزانی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسییەکە شکستی هێنا. قاسم سولەیمانی یەکێک لەو دەیان فەرماندەیەی سوپای قودسە کە ناوی خۆی و سوپاکەی لە لیستی تیرۆری حکومەتی ئەمریکادان.

سەعدی پیرە پێیوایە "گشتپرسییەکە هەڵە بوو، هەڵەیەکی یەکجار گەورەش. ئەو کات بۆ دانوستاندنەکان لە چوارچێوەی لۆژیکدا قسەمان دەکرد، بەڵام ئێستا مەکینەکانی جەنگ قسە دەکەن".

ڕۆژێک بەر لە هێرشەکانی کەرکووک، کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتیی لە دوکان بەڕێوەچوو. ئەو ڕۆژە ژمارەیەکی زۆر سەربازانی سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکان لەسەر سنووری پارێزگای کەرکوک لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوون. یەکێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاندووە کە فوئاد مەعسوم، سەرۆککۆماری عێراق و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، پێشنیازێکی خستووەتە بەردەستی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە. پێشنیازەکە داوا دەکات ڕێگە بە هێزە عێراقییەکان بدرێت بێنە نێو کەرکووکەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)، بارزانی بە تووڕەییەوە کۆبوونەوەکەی بەجێهێشتووە.

بەڵام لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی دوای کۆبوونەوەکەدا، مەلا بەختیار، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە هەر یەکهەڵوێستن و بە تاکلایەنە دانوستاندن ناکەن. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)، ڕێککەوتنەکە پێش ئەو کۆنفرانسە میدیاییە کرابوو.

هەر دوای کۆبوونەوەکە، مەلا بەختیار لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە ڕێککەوتنێک بۆ هاتنە ناوەوەی سوپای عێراق لە ڕێگەی نێوبژیوانێکەوە ڕەوانەی بەغدا کرابوو. ئەو ڕێککەوتنەش ڕەزامەندی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەسەر بووە. بەرپرسانی پارتی ئەو لێدوانەی مەلا بەختیار ڕەتدەکەنەوە. بە گوتەی بەرپرسێکی پارتی "ئەمە وەکوو بژارەیەک خرایەڕوو، بەڵام ڕێککەوتنی لەسەر نەکرا. ئەوان (یەکێتی) بەڵێنیان دا کە ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق ناکەن".

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (بلومبێرگ)، ڕۆژێک پێش ئەوەی پارتی و یەکێتی لە دوکان کۆبببوونەوە، برێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتیی سەرۆکی ئەمریکا، زۆر نزیک بووە لەوەی ڕێککەوتنێک لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕێکبخات. ئەم زانیارییە لە لایەن ژمارەیەک بەرپرسی ئەمریکی، ئەورووپی، کورد و عێراقی پشتڕاست کراوەتەوە.

سەعدی ئەحمەد پیرە دەڵێت بەشێک لە سەرکردایەتی یەکێتی سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە ئاگادار نەکرابوونەوە. بەگوتەی گوتەبێژەکەی یەکێتی هەندێک لە ئەندامانی حیزبەکەی، کە ناویان لە خۆیان ناوە "دۆستانی کەرکووک" ڕێککەوتنەکەیان کردبوو، لەوانەش کوڕ و هاوژینی مام جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی پێشووی عێراق و سکرتێری گشتیی پێشووی یەکێتی.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (پۆست) خێزانی تاڵەبانی مەراسیمی پرسەی مام جەلال لە بەغدایان وەکوو دەرفەتێک بۆ باسکردن لە ڕێککەوتنەکە لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا بەکارهێناوە. لە لایەکی دیکەوە قاسم سولەیمانی لە مەراسیمێکی دیکەی پرسەی و سەردانیکردنی مەزارگەی مام جەلالدا بەشداری کرد و لەگەڵ خێزان و کەسوکاری تاڵەبانی کۆبووەوە. بە پێی ڕاپۆرتەکەی پۆست لە پشتی پەردەی ئەو کۆبوونەوەیەوە دانوستاندنەکان بەردەوامبوون.

بەرپرسێکی پارتی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت بە پۆستی گوتووە "ئەوان لەگەڵ قاسم سولەیمانی ڕێککەوتن". ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (نیویۆرکەر)ی ئەمریکی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ڕێککەوتنە بە بەشداری هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوژینی مام جەلال، بافل تاڵەبانی، کوڕی مام جەلال و لاهور شێخ جەنگی، برازای مام جەلال واژۆکراوە. بەرپرسێکی پێشووی ئەمریکی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانە بە (نیویۆرکەر)ی گوتووە "هەموو کەس ئەم ڕێککەوتنە بە مەعامەلەی یەکێتی دەزانێ".

بە گوتەی سەعدی پیرە ئەو ڕێککەوتنە ڕێگەی بە ئیدارەی هاوبەشی کەرکووک دەدا، هەروەها 700 پێشمەرگەش دەیانتوانی شان بە شانی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی عێراق و کوردستان لە پارێزگای کەرکووک بمێننەوە. بەڵام لەبەرامبەردا کوردستان دەبووایە کێڵگە نەوتییەکان، بنکە سەربازییەکان، بنکە ئاسمانییەکان و بارەگاکانی سوپا بەدەستەوە بدات. بەرپرسێکی عێراقیی ئاگادار لە دانوستاندنەکان پشتڕاستی کردووەتەوە کە ئیدارەی هاوبەش لەبەرامبەر ڕادەستکردنەوەی ئەو بنکە و کێڵگانە لە ناو ڕێککەوتنەکەدا هەبوون، بەڵام مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە پارێزگاکەی پشتڕاست نەکردەوە.

> ئەو بەڵێنەی واشنتن بە ئێمەی دابوو جێبەجێ نەدەکرا
>
> ڕاوێژکارێکی بارزانی

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (بلومبێرگ)یش مەکگۆرک لە گفتوگۆکانی لەگەڵ عەبادی بەنیاز بووە بنکەی ئاسمانی سەربازیی (کەی وەن) لەژێر کۆنترۆڵی کاملی هێزە کوردییەکان دەربهێنێ. بە گوێرەی پلانەکەی ئەمریکا بڕیار بووە هێزە کوردی و عێراقی و ئەمریکییەکان بەهاوبەشی بەڕێوەی ببەن، بەم پلانە عەبادیش لە ڕواڵەتدا دەیتوانی وەها لە ڕکابەرەکانی لە بەغدا بگەیەنێت کە دوای گشتپرسییەکە دەسەڵاتی کوردی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کەم کردووەتەوە..

بەربەرستی ئەمجارە لەبەردەم پلانەکەدا کورد نەبووە، بەڵکو عەبادی بە پێشنیازەکە ڕازی نەبووە. دیپلۆماتێکی ئەمریکیی ئاگادار لە هەوڵەکانی مەکگۆرک ئاشکرای کردووە مەکگۆرک داوای لە عەبادی کردووە ڕۆژێکی دیکەی وەخت پێبدات. بەڵام چەند کاژێرێک دواتر عەبادی فەرمانی هێرشەکانی کەرکوکی دەرکرد.

بارزانی لە پەیامێکی نووسراودا هەندێک لایەنی پارتێکی کوردی بە هۆکاری ڕووداوەکانی کەرکووک لەقەڵەم دا. سەعدی ئەحمەد پیرە دەڵێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە خوێنڕشتن و گوشاری ئابووری لە لایەن وڵاتانی ناوچەوە بگیرێت پێویست بوو ڕێککەوتن بکرێت، چونکە ئەو گوشارە ئابوورییە کوردستانی بە چۆک دادەهێنا.

مولازم بورهان ڕەشید، لە هێزەکانی پێشمەرگە، دەڵێت "ئێمە خیانەتمان لە کەرکووک کرد، خیانەتمان لە کوردستان کرد"، چەند ڕۆژێک بەر لە هێرشەکانی سەر کەرکووک مولازم بورهان سەنگەرەکانی توندوتۆڵ کردبوو و بەڵێنیشی دابوو هەر هێزێکی عێراقی لە پردەکە نزیک ببێتەوە بەرەنگاریان دەبنەوە. لە تەنیشت شوێنی وەستانی بورهان دیوارێک هەیە کە ناوی شەهیدانی شەڕی داعشی لەسەرە کە بورهان پێیوایە بە پاشەکشێی کەرکووک "خیانەتمان لە خوێنی ئەو شەهیدانە کردووە کە ناویان لەسەر ئەو دیوارە نووسراوە".

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (پۆست) بەغدا سەرەتا ویستبووی بگەڕێتەوە ئەو ناوچانەی لە 2014 لەژێر کۆنترۆڵی دابوون، بەڵام میلیشیاکانی حەشد جەختیان لەوە کردبووەوە کە دەیانەوێت زیاتر بڕۆن و هێزە کوردییەکان ناچار بکەن بۆ ناوچەکانی پێش 2003 پاشەکشێ بکەن. لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوو پێکدادانی سەخت لە پردێ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا ڕوویداوە.

> تیلەرسن قەت نامەی بۆ بارزانی نەناردووە، بەڵام ڕەشنووسێک ئامادەکرابوو
>
> دوو بەرپرسی ئەمریکی

بەرهەم ساڵح، سەرۆکی قەوارەی (هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری) جەخت لەوە دەکاتەوە کە "پێویستە بەغدا زێدەڕۆیی نەکات، چونکە ئەگەر بیانەوێت لە حەدی خۆیان زیاتر پێشڕەوی بکەن، ئەوە دەشێت شەڕێکی درێژخایەنی لێبکەوێتەوە".

لە کاتێکدا لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا باس باسی ڕووداوەکانی پشتی پەردەی هێرشەکەی سەر کەرکووکە، خەڵکی شارەکە نیگەرانی داهاتووی خۆیان و شارەکەیانن. بۆتان عەزیز، تەمەن 31 ساڵ، دەڵێت "هەموویان (پێکەوە فرۆشتیان)، ئێمە هیچکام لەو حیزبانەمان ناوێت".



فەرماندەیەکی پێشمەرگە: ئێمە خیانەتمان لە کەرکووک کرد، خیانەتمان لە کوردستان کرد

(فۆتۆ: AFP)

# بەغدا چەکی دادگا بۆ بەرپرسانی کورد دەخاتە کار

پەرلەمانتارێکی دەوڵەتی یاسا:
**دادگا بڕیاری بانگهێشتکردنی بۆ بەڕێز مەسعود بارزانیش دەرکردووە**

پەرلەمانتارێکی یەکێتی:
**بڕیاری دەستگیرکردنی کاک کۆسرەت سیاسییە**

ئەمرۆ محەممەد
ڕووداو – هەولێر

خەریکە دادگاکانی عێراق دەبنە ئامرازێک بە دەستی بەرپرسانی عێراقەوە بۆ سزادانی نەیار و بەرهەڵسکارانیان، لەدوای سوننەکانەوە، دادگاکانی عێراق بەدوای بەرپرسانی کوردەوەن و چەندین دۆسیە لە بەغدا لە دژیان کراونەتەوە.

پێشتر لە ڕێگای دادگاوە، نووری مالیکی لە ماوەی دوو کابینەی حکومەتەکەیدا چەندین سەرکردەی عەرەبی سوننەی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق دوورخستەوە، لەوانە تارق هاشمی، جێگری پێشووی سەرۆک کۆماری عێراق، رافع عیساوی، وەزیری دارایی عێراق و ئێستاش لەماوەی دەسەڵاتی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراقدا، ئەو چەکە لە دژی سەرکردەکانی کورد کەوتووەتە کار. ئەم ڕاوەدوونانە یاساییە بە د.نەجمەددین کەریم، پارێزگاری کەرکووک دەستی پێکرد و دوایین کەسیش کە داواکراوە، کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتییە. ئێستا دەنگۆی ئەوەش هەیە کە دادگا لێپرسینەوە لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکات.

ڕۆژی پێنجشەممە 2017/10/19 دادوەر عەبدولستار بەیرەقدار، گوتەبێژی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لە عێراق ڕایگەیاند کە دادگای لێکۆڵینەوەی ڕەسافە، بەپێی ماددە 226 لە یاسای سزادانی عێراقی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ کۆسرەت رەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی دەرکردووە بەهۆی ئەوەی هێزە عێراقییەکانی لە پارێزگای کەرکووک بە هێزی "داگیرکەر" ناوبردووە.

لە ماددەی 226ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە کە هەرکەسێک بێڕێزی بە ئەنجوومەنی نیشتمانی، حکومەت، دادگاکان، هێزە چەکدارەکان و هەر لایەنێکی دیکە لە دەستە نیزامییەکان و دەسەڵاتی گشتی و فەرمانگە فەرمی و نیمچە فەرمییەکان بکات بە بەندکردن سزا دەدرێ کە لە 7 ساڵ زیاتر نەبێ، یاخود بە غەرامەکردنی.

تارق حەرب، شارەزای دەستوور و یاسا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆسرەت رەسوڵ عەلی، تۆمەتی ئیهانەکردنی دەوڵەتی ڕووبەڕووکراوەتەوە، بەڵام تۆمەتبار بێتاوانە تاوەکو تاوانەکەی بەسەردا ساخ دەبێتەوە، بۆیە دەکرێت بێتە بەردەم دادگا و قسەی خۆی بکات".

گوتیشی، بەپێی ئەو بڕیارەی دادگا، ئێستا کۆسرەت رەسول عەلی داواکراوە، ناتوانێت گەشتی دەرەوەی وڵات بکات، هەروەها بە دەرچوونی بڕیارەکەش موڵک و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەی دەستی بەسەردا دەگیرێت، بۆ نموونە ئەگەر موڵکی لە کەرکووک هەبێت، ئەوا دەستی بەسەردا دەگیرێت.

ئەمە سێیەمین بڕیاری دەستگیرکردنە بۆ کۆسرەت رەسوڵ دەردەچێت، یەکێکیان لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو، ئەوەی دیکەیان لە کاتی شەڕی نێوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی و سێیەمیش لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو.

پەرلەمانتارێکی یەکێتی پێیوایە ئەو بڕیارەی دادگای لێکۆڵینەوەی ڕەسافە لە دژی کۆسرەت رەسوڵ، بڕیارێکی سیاسییە. محەممەد عوسمان، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "بڕیاری دەستگیرکردنی کاک کۆسرەت، بڕیارێکی سیاسییە، هەموو ڕێوشوێنێکی یاسایی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو بڕیارە دەگرینەبەر".

دوای بڕیارەکەی دادگا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕاگەیاند "با دەسەڵاتدارانی بەغدا ئازاد بن، چ بڕیارێک دەدەن با بیدەن، بەڵام باش بزانن تێکۆشەرێکی وەک کاک کۆسرەت و تێکۆشەرەکانی دیکەش بەوان ناگیرێن و بۆیان نییە بیانگرن".

چەندین بەرپرسی کورد لە بەغدا سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە، لەوانەش نەجمەدین کەریم، ڕێبوار تاڵەبانی، هۆشیار زێباری، بابەکر زێباری و هەروەها بەرپرسانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان.

سادق لەبان، پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا ڕەتیدەکاتەوە بڕیارەکانی دادگای عێراقی لە دژی هەریەک لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان سیاسی بن، بەڵکو پێیوایە دادگا لەو پرسەدا زۆر دواکەوتووە و دەبوو زووتر ئەو هەنگاوە بنێت. ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرای کرد "دادگا بڕیاری بانگهێشتکردنی بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی دەرکردووە، ئەگەر لەبەردەم دادگا ئامادە نەبێت، ئەوا بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت".

عەبدولقەهار سامەرایی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی هێزە عێراقییەکان (سوننەکان) بە (ڕووداو)ی گوت: "پەنابردن بۆ دادگا و دەرکردنی بڕیاری دەستگیرکردن بۆ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان پردی لێکنزیکبوونەوە و دیالۆگ دەڕووخێنێت، ئەوە خزمەت بە دۆخەکە ناکات، قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە، نەک چارەسەریان بکات".

ئەو سیناریۆیەی ئێستا بەرامبەر کورد هەیە، پێشتر لە دژی عەرەبی سوننە تاقیکراوەتەوە. نووری مالیکی لە ڕێگای دادگاوە سەرکردە کاریگەرەکانی عەرەبی سوننەی لەبەردەم خۆی ڕاماڵی. تارق هاشمی، جێگری سەرۆککۆماری عێراق، کە یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی عەرەبی سوننە، لە مانگی کانوونی یەکەمی 2011 بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرچوو، بە تۆمەتی ئەوەی پاسەوانەکانی دەستیان لە کاری تیرۆریستیدا هەبووە. هاشمی 19ی کانوونی دووەمی 2011 ڕووی کردە هەرێمی کوردستان، جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق ڕایگەیاند، هاشمی لای ئەو میوانە و لە هەر کات و شوێنێک بێت دەچێتە بەردەم دادگا، بەڵام هاشمی کوردستانی بەجێهێشت و ڕووی کردە تورکیا. دواتر دادگا سزای لە سێدارەدانی بۆ هاشمی و ژمارەیەک لە پاسەوانەکانی دەرکرد.

رافع عیساوی کارەکتەرێکی عەرەبی سوننە، دووچاری هەمان چارەنووس هات، ساڵی 2015 دادگاکانی عێراق سزای حەوت ساڵ بەندکردنیان بۆ دەرکرد. ئێستا لە دەرەوەی عێراق دەژی.

ئەمە وێڕای چەندین کەسایەتی دیکەی عەرەبی سوننە کە داواکراون، وەک خەمیس خەنجەر، عەلی حاتەم سلێمان، ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری پێشووی مووسڵ و هەروەها حارس زاری، سەرۆکی دەستەی زانایانی موسوڵمان لە ساڵی 2013 کە تۆمەتی تێوەگلان لە کاری تیرۆریستی ڕووبەڕووکرایەوە و عێراقی بەجێهێشت، تا 13ی مارسی 2015 لە ئیستەنبوڵ بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد.

هەندێک لە شیعەکانیش بەدەر نین لەو هەڵمەتانەی لەژێر ناوی دەستوور و یاسا ئەنجام دەدرێن. ڕۆژی 2003/8/23 دادگایەکی عێراق بە تۆمەتی هاندان بۆ کوشتنی پیاوی ئاینی شیعە عەبدولمەجید خوئی، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر دەرکرد.



ئەو سیناریۆیەی ئێستا بەرامبەر کورد هەیە پێشتر لە دژی عەرەبی سوننە تاقی کراوەتەوە

شارەزایەکی یاسایی:
**ئەگەر کۆسرەت رەسوڵ موڵکی لە کەرکووک هەبێ دەستی بەسەردا دەگیرێ**

### 1015
### یاداشتی دەستگیرکردن دراوەتە ئینتەرپۆل

بەپێی ئامارەکان تاوەکو سەرەتای ساڵی 2016 حکومەتی عێراق 1015 یاداشتی دەستگیرکردنی داوەتە پۆلیسی ئینتەرپۆل بۆ دەستگیرکردنی داواکراوان. جگە لەمە ئەمساڵ حەوت بەرپرسی عێراقی بۆ دەرەوەی وڵات ڕایانکردووە کە تۆمەتبارن بە تێوەگلان لە گەندەڵی و چەندین بەرپرسی عێراقی لەلایەن دادگاوە داواکراون، دیارترینیان: ئەیهەم سامەڕائی، وەزیری کارەبا لە کابینەی ئەیاد عەللاوی کە 12 دۆسیەی گەندەڵی لەسەرە. محەممەد شەلاش، وەزیری کارەبا لە حکومەتی ئیبراهیم جەعفەری. کەریم وەحید، وەزیری کارەبا لە کابینەی یەکەمی نووری مالیکی. حازم شەعلان، وەزیری بەرگری لە کابینەی ئەیاد عەلاوی و جەعفەری. لوئەی حاتەم، وەزیری گواستنەوە لە حکومەتی ئەیاد عەللاوی و ئەسعەد هاشمی، وەزیری ڕۆشنبیری لە کابینەی یەکەمی نووری مالیکی. مەلاس شێخ محەممەد کەسنەزانی، وەزیری بازرگانی لە حکومەتی حەیدەر عەبادی لە 2014 تاوەکو سەرەتای 2015 .

# بەغدا وەڵامی داوای کورد بۆ گفتوگۆ ناداتەوە

یەکێتی:
**هەر حیزبێک بەتەنیا گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکات سەرکەوتوو نابێ**

گۆڕان:
**بەغدا دەیەوێ بزانێ پەیوەندیی حیزبەکانی کوردستان چی بەسەردێ**

پارتی:
**بەغدا دەرگای گفتوگۆی داخستووە**



پەلامارەکەی حەشدی شەعبی و سوپا بۆ سەر کەرکووک باڵانسی هێزی بەلای عەبادیدا شکاندەوە (فۆتۆ: AFP)

ئەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

لە دوای پێکهێنانی یەکەمین حکومەتی نوێی عێراقەوە پاش سەددام حوسێن، بەغدا هیچ کاتێک هێندەی ئێستا بێمنەت نەبووە لە هەرێمی کوردستان. لە سایەی بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەماهەنگی لەگەڵ ئێران و تورکیا، حەیدەر عەبادی خۆی وەک ئەو "داشە هارە" دێتە بەرچاو کە دەتوانێ هەموو داشەکانی دیکە بخوات. لە بەرامبەریشدا هەرێمی کوردستان لە دوای ئەنجامدانی گشتپرسییەوە، بەردەوام داوای گفتوگۆ لە بەغدا دەکات، بەبێ ئەوەی تاوەکو ئێستا وەڵامێکی دەستکەوتبێ.

ئەندامێکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، پێیوانییە گفتوگۆ دەستپێبکاتەوە تاوەکو ئەوکاتەی چارەنووسی پەیوەندیی حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان یەکلایی دەبێتەوە "چونکە حکومەتی بەغدا چاوەڕێی ئەوەیە، بۆیە وەڵامی داوای گفتوگۆ ناداتەوە، دەیەوێ بزانێ لەیەک دەترازێن یان حکومەتێکی نوێ پێکدێنن".

مەسعود حەیدەر، ئەندامێکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "حکومەتی بەغدا بۆیە پەلەی گفتوگۆکردنی نییە لەگەڵ کورد، چونکە هەموو ئەو بیرە نەوتانەی دەیویست کۆنترۆڵی کردوونەتەوە و هەموو ئەو شوێنانەش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی وەرگرتووەتەوە. چاوەڕوانە بزانێ حیزبەکان بڕیاری چی دەدەن لە نێوان خۆیاندا".

لە دوای ڕووداوەکانی کەرکووکەوە، شۆکێکی گەورە لە پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی داوە، ئەوان لەو باوەڕەدا نەبوون سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەو شێوەیە بگەڕێنەوە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و زیاتر لە 150 هەزار کەس لەو ناوچانە ئاوارەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی ببن کە ئەوەش هێندەی دیکە باری نالەباری ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی سەختتر کرد. نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەورووپا، تاوەکو ئێستا جگە لە داوای دانوستاندن هیچی دیکەیان نەکردووە و سەرکردایەتی سیاسی کوردیش چاوەڕوانی ئەو بێدەنگییەی نەدەکرد.

ڕەنگین عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، وای دەبینێ ئەگەر بەغدا وەڵامی داوای کوردیش بداتەوە بۆ گفتوگۆ، سوودێکی ئەوتۆی نابێ مادام کورد لە نێوخۆدا پەرتەوازەن و خاوەنی دیدێکی هاوبەش و یەکهەڵوێست نین "بەغدا تاوەکو ئێستاش سوورە لەسەر ئەوەی کورد دەستبەرداری ئەنجامی گشتپرسی ببێ و ئەوەش زۆر سەختە، چونکە گەل دەنگی داوە نەک حیزبەکان".

ڕەنگین عەبدوڵڵا، جەختکردنەوەی بەغدا لەسەر دەستوور بە هەڵوێستێکی دروست نازانێ و دەڵێ، پێشتر ئەگەر بەغدا خۆی دەستووری جێبەجێ بکردایە دۆخەکە بەو ڕۆژە نەدەگەیشت: "بەڵام ئەمڕۆ کە دەزانێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە، بەردەوام باسی دەستوور دەکات، ئەمڕۆ باڵانسەکە بەلای عەبادیدا شکاوەتەوە، خۆی وەک لایەنی بەهێز دەبینێ".

گوتیشی: "دەستوور باسی دەسەڵاتی هاوبەش و ئیدارەی هاوبەش دەکات نەک بەکارهێنانی هێز و ئەو جۆرە مامەڵەیە".

ڕۆژی 25ی ئەیلولی ڕابردوو، کورد گشتپرسی ئەنجامدا و 92%ی بەشداربووان دەنگیان بە بەڵێ دا. ڕۆژانی دواتر کاردانەوەکان لە بەغدا و تاران و ئەنقەرەوە توندبوون و هەماهەنگیی سەربازی و ئیداری و سیاسییان بەپەلە خستە واری جێبەجێکردنەوە. دواتریش لە 16ی ئەم مانگە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بە پشتیوانی سوپای قودسی ئێران پەلاماری کەرکووکیان دا. دواتر لایەنێکی نێو یەکێتی تۆمەتبار کرا بەوەی پێشتر هەماهەنگی لەگەڵ کردوون بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکووک، بەمەش لێکترازانێکی نێوخۆیی دروستبوو کە هێندەی دیکە هێزی بەخشییە بەغدا.

پەرلەمانتارێکی پارتی، لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ هەرچەندە کورد بەردەوام داوای گفتوگۆ دەکات و بەغداش ڕەتیدەکاتەوە، بەڵام هێشتا میکانیزمی گفتوگۆکردنیش دیار نییە، ئەردەڵان نورەدین هەروەها دەڵێ: "بێگومان لە ئەگەری پەسەندکردنی دانوستاندنیش لەلایەن بەغداوە، کورد لە ڕێگای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گفتوگۆ دەکات".

بەڵام مەسعود حەیدەر، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ ئەگەر حکومەت هەر ئەم حکومەتەی ئێستای هەرێمی کوردستان بێت، پێیوانییە دانوستاندن ئەنجامی هەبێ: "چونکە دەبێ لایەنەکان حکومەتێکی ڕزگاری نیشتمانی پێکبێنن و کاغەزێکی نوێ بۆ دانوستاندن ئامادە بکەن، ئەو میکانیزمەی جاران دانوستاندنی پێدەکرا، فاشیلە".

وا دەردەکەوێ عەبادی لەگەڵ سوپاکەیدا سەرئێشەی سیاسیی زۆرتری ناردبێ بۆ باشووری کوردستان. چونکە ئێستا هەریەکە لە گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی داوای حکومەتێکی ڕزگاری نیشتمانی دەکەن و ئەوەش بە تاکە دەرچەی کێشە نێوخۆییەکان دەزانن، لە بەرامبەریشدا دوێنێ یەکشەممە 32 حیزبی کوردستانی لە هەولێر کۆبوونەوە و جەختیان لەسەر یەکڕیزی نێوخۆیی و دەستگرتن بە ئەنجامەکانی گشتپرسی کردەوە.

ڕەنگین عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکێتی، ڕەتیدەکاتەوە یەکێتی بیەوێ بە تەنیا بچێتە دانوستاندنەوە لەگەڵ بەغدا "هەر لایەنێک بیەوێ وا بکات نە سەرکەوتوو دەبێ و نە هیچی دەستدەکەوێ. دەبێ هەرێمی کوردستان بەهێزەوە گفتوگۆ بکات و هێزەکەش ئەوەیە هەموو لایەنەکان بەیەکەوە بن".

ئابووری
رووداو
ژمارە (478) - دووشەممە 2017/10/23

## کۆمپانیا تورکییەکان 1.3 ملیار دۆلاریان لە کوردستانە

**رووداو- هەولێر**

هەرێمی کوردستان، سێیەم بازاڕی سەرەکیی کاڵاکانی تورکیایە بۆیە سەرەڕای دژایەتییەکان بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی باشووری کوردستان، کاریگەری لەسەر سەرمایەدار و بازرگانانی تورکیا نەکردووە. سامان عارەب، بەڕێوەبەری دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر بە (رووداو)ی گوت "کۆمپانیا تورکییەکان و کۆمپانیاکانی دیکەش هیچ داوایەکیان پێشکەش نەکردووە بۆ ئەوەی کارەکانیان رابگرن، پێش گشتپرسی و دوای گشتپرسیش کارەکانیان بەردەوامە و تاوەکو ئێستا وەبەرهێنان دەکەن". ئێستا لە هەرێمی کوردستان کۆمپانیا تورکییەکان سەرپەرشتی 16 پرۆژەی وەبەرهێنان دەکەن بە سەرمایەی ملیارێک و 130 ملیۆن دۆلار، هەروەها لە 10 پرۆژەی دیکەشدا هاوبەشن، کە سەرمایەکەی 666 ملیۆن دۆلارە.



## چاوەڕێی باران دەکەن

# ئەمساڵ جووتیاران 3 ملیۆن دۆنم گەنم دەچێنن

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

وەرزی چاندنی گەنم نزیک بووەتەوە، وەزارەتی کشتوکاڵیش پێشبینی دەکات ئەمساڵ زیاتر لە سێ ملیۆن دۆنم زەوی بەگەنم بچێندرێ، بەڵام بەهۆی دابیننەکردنی بودجەوە، ئەمساڵ نەیتوانیوە هیچ بنەتۆیەک بۆ جووتیاران دابین بکات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە هەشت ساڵی رابردوودا رووبەری چاندراوی گەنم لە هەرێمی کوردستان ساڵ بەساڵ بەرەو هەڵکشانە، بە جۆرێک لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ سێ ملیۆن و 552 هەزار دۆنم زیاد بووە.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "ئەگەر تا ناوەڕاستی کانوونی یەکەم بارانی پێویست بباریێ، پێشبینی دەکەین ئەمساڵ زیاتر لە 3 ملیۆن دۆنم زەوی بەگەنم بچێندرێ".

بۆ چاندنی ئەم رووبەرە پێشبینیکراوە، جووتیاران پێویستیان بە زیاتر لە 97 هەزار تۆن بنەتۆی گەنمە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ تا ئێستا هیچ بنەتۆیەکی بۆ جووتیاران دابین نەکردووە.

فاروق عەلی هۆکارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ رووندەکاتەوە و دەڵێت: "بەهۆی دابیننەکردنی بودجە بۆ کڕینی بنەتۆ، ئەمساڵ ناتوانین هیچ بنەتۆیەک بەسەر جووتیاراندا دابەش بکەین".

گوتیشی: "وەک هاوکارییەک بۆ جووتیاران، ئەمساڵ نزیکەی 3 هەزار تۆن گەنممان بەنرخی پاڵپشتی 75% بۆ جووتیاران پاک کردووەتەوە، تا وەرزی چاندنیش لەوانەیە 3 هەزار تۆنی دیکەش پاک بکەینەوە، بەنیازبووین لە دهۆک و سلێمانیش گەنم بۆ جووتیاران پاک بکەینەوە، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجەوە نەمانتوانی".

> **فاروق عەلی:**
> ئەمساڵ نزیکەی 3 هەزار تۆن گەنممان بەنرخی پاڵپشتی 75% بۆ جووتیاران پاک کردووەتەوە

پارێزگای سلێمانی لەڕووی رووبەری چاندنی گەنمەوە لە دوای پارێزگای هەولێر بەپلەی دووەم دێت، ساڵانە زیاتر لە ملیۆنێک دۆنم زەوی بەگەنم و جۆ لەو پارێزگایە دەچێندرێ.

رزگار محەممەد، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کشتوکاڵی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە، پارێزگای سلێمانیش ئەمساڵ هیچ بڕە پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، بۆیە ئەمساڵ ناتوانین هیچ بنەتۆیەک بەسەر جووتیاراندا دابەش بکەین".

بەڵام رزگار محەممەد دەڵێت: "وەک پاڵپشتییەک بۆ جووتیاران پرۆژەیەکمان بۆ پاککردنەوە و دەرمانکردنی گەنمی جووتیاران هەیە کە لە بەرامبەر پاککردنەوە و دەرمانکردنی هەر تۆنێک گەنم تەنیا 20 هەزار دینار لە جووتیار وەردەگرین، بەڵام بەهۆی درەنگ رەزامەندیدان و دابینکردنی پارەکە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، تاوەکو ئێستا پرۆسەکە دەستی پێنەکردووە، ئەمە لەکاتێکدایە وەرزی چاندن نزیک بووەتەوە و جووتیارانیش ئامادەکاریان کردووە بۆ چاندنی رووبەری زیاتر لە 850 هەزار دۆنم زەوی بە گەنم و 250 هەزار دۆنم بە جۆ".

باشترین کات بۆ چاندنی گەنم لە هەرێمی کوردستان 15ی تشرینی دووەمە، بەڵام ئەگەر باران تاوەکو نیوەی یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمیش دوابکەوێ، کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەم نابێت.

سەلیم محەممەد، جووتیارێکی پێشکەوتووی ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە، ساڵانە نزیکەی 500 دۆنم زەوی خۆی و جووتیارانی دیکە لەگوندەکانی کەردز و پاڵانی بە گەنم دەچێنێ و ئەمساڵیش ئامادەکاری بۆ چاندنی گەنم کردووە و دەڵێت "ئامادەکاریم بۆ چاندنی 500 دۆنم زەوی بە گەنم کردووە، بەڵام لە ئێستاوە ترسمان هەیە دووبارە حکومەتی عێراق بیانووێک بدۆزێتەوە و گەنمەکەمان لێوەرنەگرێ یان پارەکە هاوشێوەی ساڵانی رابردوو دوابخات و تووشی زیان ببینەوە".

سەلیم محەممەد، گوتی "چاندنی گەنم قازانجی نەماوە، بەڵام جووتیاری بووەتە پیشەمان و ناتوانین دەستبەرداری ببین".

گوتیشی "ئەگەر حکومەت بەرهەمەکەمان بە نرخی پاڵپشت لێنەکڕێتەوە و ناچاربین وەک ساڵی رابردوو لە بازاڕ بیفرۆشین ئەوە دووبارە تووشی زیانی زۆر دەبینەوە، چونکە پەیین و بنەتۆ و گاز گرانە و بەرهەمەکەش بەهۆی زۆری لەکاتی پێگەیشتن وەک پێویست پارە ناکات".

بە گوێرەی پێشبینییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەمساڵ بە بەراورد بە ساڵی رابردوو 550 هەزار دۆنم کەمتر زەوی بەگەنم دەچێندرێ، ئەمە لەکاتێکدایە لە ساڵانی پێشتر رووبەری چێندراو بەردەوام لە هەڵکشاندابوو.

سەلیم محەممەد دەڵێت "ماوەی سێ ساڵە حکومەتی عێراق بەشێوەی پچر پچر پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان دەدات و بڕی وەرگرتن و نرخەکەشی کەمکردووەتەوە، بۆیە جووتیاران جۆرێک لە ساردبوونەوەیان لە چاندنی گەنم پێوە دیارە". سەلیم محەممەد گوتیشی "بەشێک لەو جووتیارانەی زەویەکانیان بیری تێدایە لە جیاتی چاندنی گەنم ئێستا فێر بوون زەوییەکانیان بە کرێ ساڵانە دەدەن بە خەڵکی دیکە بۆ چاندنی سەوزە، بەشێکیشیان بە بەیار دەیهێڵنەوە".

**رووبەری چێندراوی گەنم لە هەشت ساڵی رابردوودا لە کوردستان بە دۆنم**

| پارێزگا | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 715.190 | 793.267 | 973.666 | 540.000 | 1.032.892 | 1.034.559 | 1.398.709 | 1.300.000 |
| سلێمانی | 492.200 | 521.650 | 542.102 | 513.400 | 599.400 | 908.400 | 986.180 | 1.029.915 |
| دهۆک | 446.863 | 845.288 | 784.978 | 516.685 | 866.410 | 730.000 | 800.869 | 907.945 |
| گەرمیان | 283.125 | 283.125 | 283.125 | 167.324 | 161.595 | 392.179 | 126.002 | 315.000 |
| هەرێم | 1.937.378 | 2.443.330 | 2.583.871 | 1.737.409 | 2.660.297 | 3.065.138 | 3.311.760 | 3.552.860 |


لە هەشت ساڵی رابردوودا رووبەری چێندراوی گەنم لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ سێ ملیۆن و 552 هەزار دۆنم زیاد بووە (فۆتۆ: رووداو)

# نرخی مریشک لە کوردستان بە رێژەی 50% دادەبەزێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

نرخی مریشک بەڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێ، خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەریش هۆکارەکەی بۆ بەردەوامیی هاوردەکردنی مریشکی بەستوو، هەروەها کەمبوونەوەی خواست لەسەر مریشکی کوردستان لە شارەکانی عێراق دەگەڕێننەوە و دەڵێن بەرەوڕووی زیانێکی زۆر بوونەتەوە.

> **بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ:**
> ئێستا هیچ سانسۆرێک لەسەر هاوردەکردنی مریشک نییە

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو 1350 کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت لە هەرێمی کوردستان هەن: (463 کێڵگە لە هەولێر، 264 دهۆک، 515 سلێمانی و 108 کێڵگەش لە گەرمیان)، ئێستا نزیکەی 70%ی ئەو کێڵگانە کاردەکەن و بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 100 هەزار تۆن مریشک، ئەم بڕەش کەمترە لەپێداویستی هەرێمی کوردستان کە 134 هەزار تۆن مریشکە لە ساڵێکدا، بۆیە بازاڕ ناچارە پشت بە هاوردە ببەستێ، بەڵام ئەو بڕەی هاوردە دەکرێ زۆر زۆرە و ئەمەش زیانی لە کێڵگەکانی پەلەوەری ناوخۆ داوە.

رەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت: "پێشتر بەگوێرەی پێویستی، مانگانە لیژنەی پارێزگاکان ئەو بڕە گۆشتەیان دیاری دەکرد کە پێویستە هاوردە بکرێ، ئێمەش نووسراومان بۆ بازرگانان دەکرد و جۆرێک لەرێکخستن لە هاوردەکردندا هەبوو، بەڵام ئێستا سانسۆر لەسەر هاوردەکردن نەماوە، بازرگانان بەگوێرەی خواستی بازاڕ بە لێشاو مریشک هاوردە دەکەن و هیچ پرسێک بەئێمە ناکەن".

رەمەزان محەممەد هەروەها دەڵێت: "ئەم مانگە لیژنەی پێویستییەکانی پارێزگای دهۆک داوای هاوردەکردنی 400 تۆن مریشکی بەستوویان کردووە، بەڵام دڵنیابە رۆژانە هەزار تۆن هاوردە دەکرێت، ئەم لێشاوی هاوردەیەش کاریگەری لەسەر دابەزینی نرخی مریشک هەبووە".

گوتیشی: "جگە لە مریشکی هاوردە، زیادبوونی ژمارەی کێڵگەکان و نزیکیی نرخی مریشک لە شارەکانی عێراق لەگەڵ شارەکانی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا هۆکارێکی دیکەیە کە بەشێک لە خاوەن کێڵگەکان نەتوانن مریشکەکانیان لە شارەکانی عێراق بفرۆشن".

### خاوەن کێڵگەکان لەسەر زەرەرن

بارزان یوسف، خاوەنی پرۆژەی پەلەوەری رێباس لە شاری هەولێر کە ئێستا زیاتر 24 هەزار مریشک لە کێڵگەکەیدا هەیە، بە (رووداو)ی گوت: "مریشکەکانم هەفتەیەکیان ماوە، ئەگەر لەم ماوەیە رێگەی شارەکانی عێراق گرفتی نەبێت و نرخ وەک ئێستا بمێنێ، ئەوە رەنگە زەرەرێکی زۆر نەکەم، بەپێچەوانەوە ئەگەر نرخ زیاتر دابەزێت و مریشکەکان بەهۆی بێ بازاڕی بمێننەوە، زەرەرێکی زۆر دەکەم".

بەشێکی ئەو زیانەی بارزان باسی دەکات بە هۆی گۆڕانی وەرزی ساڵە و دەڵێت "ئێستا بەرەو وەرزی سەرما دەڕۆین، پێویستمان بە بەکارهێنانی بۆیلەرە بۆ گەرمی، کە بە گوێرەی رووبەری دەواجنەکە بۆ هەر وەجبەیەک 10 — 15 ملیۆن دیناری پێویستە".

شارەکانی عێراق خواستیان لەسەر مریشکی کێش کەمە، مریشکیش لە تەمەنی 35 رۆژی کێشەکەی دەبێتە 1700 — 2000 گرام، هەندێک لەو خاوەن کێڵگەکان لەو تەمەنەدا مریشکەکانیان رەوانەی شارەکانی عێراق دەکەن، بەڵام خەڵکی کوردستان حەزیان بە مریشکی زیندووی کێش زۆرە، ئەمەش 45 رۆژ چاوەڕوانی دەوێ.

بارزان یوسف، دەڵێت "لە تەمەنی 35 رۆژی خەرجی کیلۆیەک مریشک نزیکەی 1700 دینار لەسەر خاوەن کێڵگە دەکەوێت، بەڵام ئەگەر لەتەمەنی 45 رۆژی کە کێشی دەگاتە سەرووی سێ کیلۆ خەرجییەکەی دەگاتە نزیکەی 2100 دینار. ئێستا نرخی مریشک زیندوو لە کێڵگە بەکۆ بە 1600 تاوەکو 1650 دینار دەفرۆشرێ، بەو پێیە لە هەر کیلۆیەک 400 — 500 دینار زەرەر دەکەین، ئەوەش بەو مەرجەی کە رێژەی مردنی مریشکەکان کەم بێ".

بەگوتەی ئەو خاوەن پرۆژەیە، سێ شت بوونەتە هۆکاری دابەزینی نرخی مریشک، ئەوانیش لێشاوی هاوردەکردنی مریشی بەستوو، کەمبوونەوەی خواست لە شارەکانی عێراق بەهۆی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆیان و لاوازی توانای دارایی خەڵک بۆ کڕین مریشک، بارزان یوسف، دەڵێت "کێڵگەکانی دهۆک 80%ی بەرهەمەکانیان بۆ شارەکانی عێراقە، بۆیە کاتێک خواست لە شارەکانی عێراق لاواز دەبێت، تەواوی بەرهەمی دهۆک دێتە هەولێر و سلێمانی، ئەمەش وادەکات نرخ بەشێوەی بەرچاو دابەزێت".

بارزان یوسف هەروەها دەڵێت "لە شارەکانی عێراق لە وەرزی گەرما بەهۆی زۆری ڤایرۆس و نەخۆشی مریشک بەخێوناکەن و زیاتر پشت بە هاوردو مریشکی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان دەبەستن، بەڵام ئێستا کێڵگەکانیان لەکاردان و لەتوانیاندا هەیە 65%ی پێویستییەکان پڕبکەنەوە، بۆیە خواست لەسەر بەرهەمی ئێمە لە عێراق کەم بووەتەوە".

بارزان بە پێویستی دەزانێت بۆ هاوسەنکردنی نرخ و کەمکردنەوەی زیانەکان، حکومەت گومرگی زیاتر بخاتە سەر گۆشتی مریشکی هاوردە.



> **خاوەن کێڵگەیەکی پەلەوەر:**
> لە فرۆشتنی هەر کیلۆیەک مریشک 500 دینار زەرەر دەکەین

### بێ پلانن

بەبڕوای دکتۆر سەلاح مستەفا، سەرۆکی رێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی پەلەوەر، جگە لە هاوردەکردنی مریشک بەلێشاو و کەمبوونەوەی خواست لەشارەکانی عێراق بەهۆی پێگەیشتنی بەرهەمی خۆیان، بێ پلانی خاوەن کێڵگەکانیش لە دانانەوەی مریشک هۆکارێکی دیکەیە بۆ دابەزینی نرخی مریشک، چونکە وەک ئەو دەڵێت "خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر هیچ هەماهەنگییەک لەنێوانیاندا نییە، هەر کەس بۆ خۆی مریشک دادەنێتەوە، بۆ نمونە ماوەیەک بەر لەئێستا بەهۆی کەمی دانانەوە نرخ بەرزبووەوە، ئێستا بەهۆی زۆری دانانەوە، دابەزیوە".

دکتۆر سەلاح پێیوایە "تاکە رێگە بۆ هاوسەنگکردنی نرخی مریشک ئەوەیە لە جیاتی کۆمپانیاکان حکومەت بەگوێرەی پێویستی بازار مریشک هاوردە بکات و لەرێگەی کۆمپانیایەک جا چ کەرتی گشتی یان تایبەت بێت، مریشک بەنرخێکی دیاریکراو لەکێڵگەکان بکڕێتەوە بەفرێشی یان بە بەستوویی بیخاتە بازاڕەکانەوە".

گرفتی سەرەکی وەزارەتی کشتوکاڵ لەوەدایە خەڵکی هەولێر و سلێمانی خواستیان لەسەر خواردنی مریشکی زیندووە و خەڵکی پارێزگای دهۆکیش حەز لە خواردنی مریشک بەستووی تورکی دەکەن، ئەمەش وایکردووە وەزارەت ناچاربێت چاوپۆشی لە فرۆستنی مریشک بەشێوەی زیندوو بکات.

رەمەزان محەممەد دەڵێت "جگە لە سنورداركردنی مریشکی هاوردە، تاکە رێگە بۆ هاوسەنگکردنی نرخی مریشکی خۆماڵی، کڕینەوەی مریشکی کێڵگەکانە، پاشان سەربڕینیان لە سەربڕخانەکان، دواتر بە فرێش و بەستوویی بخرێنە بازاڕەکانەوە".


ساڵانە لە هەرێمی کوردستان 134 هەزار تۆن گۆشتی مریشک دەخورێت

# بەغدا و هەولێر..
# خولێکی دیکەی ململانێ لەسەر زلهێزەکانی نەوت

**ڕووداو- هەولێر**

گەڕانەوەی سوپا و پۆلیسی عێراق بۆ پارێزگای کەرکوک، دەرگای بەڕووی ململانێیەکی نوێ لە نێوان بەغدا و هەولێردا کردووەتەوە کە بە چەک یەکلایی نابێتەوە و لە دەوروبەری کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک دەبێت. لەو شەڕەدا عێراق بەدوای کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانەوەیە و کوردستانیش پێش هەموو شتێک دەیەوێت لە ڕێگەی زلهێزێکی نەوتییەوە دڵنیایی بۆ کۆمپانیاکانی دیکەی نەوت بگەڕێنێتەوە.

دوو ڕۆژ دوای دەستگرتن بەسەر شاری کەرکوکدا، وەزارەتی نەوتی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە عەبدولجەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق داواکارییەکی بۆ کۆمپانیای نەوتی بەریتانی (BP) ناردووە، بۆ ئەوەی بەخێرایی بێن و دەست بە لێکۆڵینەوە بکەن و پەرە بە کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای کەرکوک بدەن.

ڕۆژێک دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیای ڕوسنێفتی ڕووسی واژۆ کرد کە لەسەر بنەمای هاوبەشیی لە بەرهەمهێنان دەبێت و جگە لەمەش کۆمپانیا ڕووسییەکە دەبێتە خاوەنی 60%ی تۆڕی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

هەنگاوەکەی ڕوسنێفت بەشێکە لە پلانی حکومەتی ڕووسیا بۆ ئەوەی شوێنی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەهێز بکاتەوە کە لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە لاواز ببوو. ئەم ڕێککەوتنە بۆ هەرێمی کوردستانیش قازانجی گەورەی تێدایە، بەتایبەتیش لە ڕەوشێکی ئاڵۆزی ئەمنی وەکوو ئێستا کە دەکرێ کاریگەری لەسەر متمانەی کۆمپانیاکانی دیکە دابنێ.

کۆمپانیای ڕوسنێفت کۆمپانیایەکی حکومیی ڕووسیایە و وجودی ئەو کۆمپانیایە لە کوردستان بە قەبارەی وەبەرهێنانی 3.5 ملیار دۆلارەوە دەتوانێ گومانەکان بەرامبەر ئاسایشی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان برەوێنێتەوە.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکان لە کۆنفرانسێکدا لە ڤیرۆنای ئیتاڵیا داوای لە وەبەرهێنەرەکان کرد "کوردستان لەبیر نەکەن". ئەو داوایە چەند کاژێرێک پێش کۆبوونەوەی هەورامی و ئیگۆر ساچین، سەرۆکی کۆمپانیای ڕوسنێفت هات کە تێیدا گرێبەستی نێوان کوردستان و کۆمپانیا ڕووسییەکە واژۆ کرا.

سەرچاوەیەکی نزیک لە کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند "حیساباتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەوە دامەزراوە کە وجودی ڕوسنێفت و کریملین لە هەرێمی کوردستان هەستی ئارامی بۆ وەبەرهێنەران دەگەڕێنێتەوە، کورد شەڕی دژی داعشی کردووە، بەڵام ئێستا هەست دەکات (لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە) پشتگوێ خراوە و ئێرانیش هەڕەشەی لێدەکات".

ڕووداوەکانی کەرکوک کاریگەریی گەورەیان لەسەر هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان داناوە، بە جۆرێک ئاستی ناردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 65% دابەزیوە و گەیشتووەتە 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەم گۆڕانە قەرزدەرەکانی هەرێمی کوردستانی نیگەران کردووە، چونکە بڕیار بوو هەولێر لە ڕێگەی پێدانی پشکی نەوتەوە قەرزەکانی ئەوان بداتەوە. حاڵی حازر حکومەتی هەرێمی کوردستان چوار ملیار دۆلاری ڕوسنێفت، بازرگانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و تورکیا قەرزدارە.

بڕیار وایە کۆمپانیای ڕوسنێفت تۆڕی گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان فراوانتر بکات و توانای ئەو تۆڕە لە 600 هەزار بەرمیلەوە لە ڕۆژێکدا بۆ 950 هەزار بەرمیل بەرز بکاتەوە کە دەکاتە 1%ی کۆی هەناردەی نەوتی جیهان. سەرچاوە ئاگادارەکان لە ڕێککەوتنەکە بە (ڕۆیتەرز)یان ڕاگەیاند، قەبارەی وەبەرهێنانی ڕوسنێفت لەو پرۆژەیە خۆی لە 1.8 ملیار دۆلار دەدات، دوای تەواوبوونی پرۆژەکەش، کۆمپانیا ڕووسییەکە دەبێتە خاوەنی 60%ی بۆرییەکە و کۆمپانیای کار خاوەنی بەشەکەی دیکەی دەبێت.

ڕوسنێفت پێشتر 1.2 ملیار دۆلاری بە قەرز بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابوو، جگە لەمەش هەولێر و کۆمپانیا ڕووسییەکە لەسەر گەڕان لە پێنج کێڵگەی نەوتی ڕێککەوتبوون کە هەندێکیان دەکەونە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و تاوەکو ئێستا دیار نییە چارەنووسیان چی دەبێت. قەبارەی وەبەرهێنانی ڕوسنێفت لەو پرۆژەیە خۆی لە 400 ملیۆن دۆلار دەدات.

> ئاستی ناردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی 65% دابەزیوە و گەیشتووەتە 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا



کۆمپانیای (BP)ی بەریتانی: ئەگەر سەقامگیری بۆ کەرکووک بگەڕێتەوە هیچ پێشنیازێک ڕەت ناکەینەوە (فۆتۆ: AFP)

### هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق

پەیوەندیی حکومەتی عێراق بە کۆمپانیای نەوتی بەریتانیاوە تاوەکو ئێستا فەرمی نەبووەتەوە. بۆب دودلی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە، ڕایگەیاند کە ئەو لە ڕێگەی هەواڵەکانەوە زانیویەتی حکومەتی عێراق بە نیازی پێشنیازێکی لەو چەشنەیە، بەڵام تاوەکوو ئێستا هیچ داوایەکیان بەدەست نەگەیشتووە، جەختی لەوەش کردەوە پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوتی کەرکووک کاری زۆری دەوێت".

دودلی لەبارەی ئەگەری گەڕانەوەی (BP) بۆ کەرکووک گوتی "ئێمە لە زووەوە ئاشنایەتیمان بە کەرکووک هەیە، تاوەکو ساڵی 2015ش لەو ناوچەیە کاری ڕاوێژکاریی تەکنیکیمان دەکرد. ئەگەر سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، ئەوە ئێمە هیچ پێشنیازێک ڕەت ناکەینەوە"، بەڕێوەبەرەکەی (BP) جەختی لەوەش کردەوە کە ئەوان ئاگادارن لەوەی کەرکووک شوێنێکی زۆر جیاوازە.

کۆمپانیای نەوتی بەریتانی لەساڵی 1927 یەکەم کێڵگەی نەوتی لە عێراق دۆزییەوە و کێڵگەکەش لە ناوچەی کەرکووک بوو، ئەوکات کێڵگەکانی کەرکووک گەورەترین کێڵگەی دۆزراوە بوون لە جیهاندا. دۆزینەوەی کێڵگەکانی کەرکوک 10 ساڵ پێش کێڵگەی غەوار لە ڕۆژهەڵاتی سعودیە بوون کە ئێستا بە گەورەترین کێڵگەی جیهان دادەنرێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ناوەندی ئۆیڵ پرایس (OilPrice) کارکردن لە کێڵگەکانی کەرکووک کارێکی ئاسان نییە، چونکە لەلایەکەوە ئەو ناوچانە شوێنی ناکۆکی لەسەری کۆمەڵێک لایەنن و پێناچێت چارەنووسیان بەمزووانە یەکلایی ببێتەوە. نەوت کاڵایەکی جیۆپۆلیتیکییە و هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و سەربازی کە کاریگەری لەسەر ئەو ناوچەیە دابنێت، یەکسەر کەرتی نەوتی ئەو ناوچەیەش دەگرێتەوە. سەرچاوەیەک کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت بە (بلومبێرگ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند، هەردوو کێڵگەی بای حەسەن و ئاڤانا وەستاون، لەبەر ئەوەی بەشێک لە کەرەستەکانی کێڵگەکان دیارنەماون.

حکومەتی عێراق بیری لەوە کردووەتەوە لە ڕێگەی تۆڕێکی بۆڕیی کۆنەوە نەوت بۆ تورکیا بگوازێتەوە، شارەزایان پێیانوایە ئەم هەنگاوە واقیعبینانە نییە، چونکە تۆڕی بۆڕییەکان یەکجار کۆنن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیەکی بنەڕەتی هەیە.

ژمارەیەک لە شارەزایانیش پێیانوایە بەرژەوەندیی حکومەتی عێراق لەوەدایە کەڵک لە تۆڕی بۆڕییەکانی کوردستان وەربگرێت، ئەگەرچی حکومەتی عێراق دەشتوانێت بە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی باشوور کەمبوونەوەی بەرهەمی باکوور قەرەبوو بکاتەوە. ڕۆژی شەممەی ڕابردوو حکومەتی عێراق ڕایگەیاند ئاستی هەناردەی نەوتی باشوور 200 هەزار بەرمیل بەرز بووەتەوە، چاودێرانی بازاڕی نەوت پێیانوایە تورکیا بەم هەنگاوە دڵخۆش نابێت لەبەر ئەوەی بایەخی جیۆپۆلیتیکی خۆی بۆ گواستنەوەی وزەی عێراق لەدەست دەدات.



**بیلال سەعید**

# یەکێتی "نەوت بەرامبەر خاک"ی قبوڵ کرد

ڕۆژێک پێش داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن حەشدی شیعی و سوپای عێراق بە پاڵپشتیی ئێران، دەگوترێ حەیدەر عەبادی نامەیەکی شەش خاڵی بە فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراقدا ناردووە بۆ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، لەخاڵی یەکەمدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە کورد دەبێ کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکانی دەوروبەری کەرکووک ڕادەستی بەغدا بکاتەوە.

تەنیا ڕۆژێک دوای داواکەی حەیدەر عەبادی، شەوی 2017/10/16 هێرشی حەشدی شیعی و سوپای عێراق بۆ سەر شاری کەرکووک و دەوروبەری دەستیپێکرد، لە ماوەیەکی کەمدا بەهۆی پاشەکشەی بەشێک لە هێزەکانی یەکێتی، تەواوی کەرکووک و دەوروبەری کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی حەشدی شیعی و سوپای عێراق. بە ماوەیەکی کەم دوای پاشەکشێیەکە، بەرپرسە سەربازی و سیاسییەکانی یەکێتی کەوتنە پاساو هێنانەوە بۆ ئەو پاشەکشەیە، هەندێکیان گوتیان شەڕەکە نابەرامبەر بوو، ئەگەر پاشەکشەیان نەکردایە، ڕەنگە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە شەهیدبوونایە، بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر لێدوانی ئاڵا تاڵەبانی، پەرلەمانتاری یەکێتی و وەستا ڕەسوڵ فەرماندەی سەربازیی یەکێتی بوو، ئەوەی یەکەمیان گوتی "هێرشەکەی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی کێڵگە نەوتییە دزراوەکانە و ئێمە ئەو شەڕە ناکەین". فەرماندە سەربازییەکەی یەکێتیش گوتی "بەرگری لە نەوتی دزراو ناکەین".

کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک لە 8 کێڵگەی سەرەکی پێکهاتوون، بەڵام ئێستا تەنیا لە پێنج کێڵگەیان نەوت بەرهەم دێ، ئەوانیش کێڵگەکانی (جەمبوور، خەبازە، بابەگوڕگوڕ، بای حەسەن و ئاڤانا)یە. کێڵگە نەوتییەکانی ئاڤانا و بای حەسەن کە دەکەونە ڕۆژئاوای کەرکووک، لە دوای هاتنی داعش لە ساڵی 2014ەوە، لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دەپارێزران، نەوتەکەشی لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە دەفرۆشرا، بەپێی زانیارییەکان بەرهەمی ڕۆژانەی ئەم دوو کێڵگە نەوتییە نزیکەی 350 هەزار بەرمیلە کە دەکاتە زیاتر لە 50%ی هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی هەرێمی کوردستان.

> کۆمپانیای (بی پی) بەڕیتانی ڕازی نابێ ریسک بە سەرمایەکەی بکات لە ناوچەیەک کە ناوی لێنراوە "کێشە لەسەر

هاتنی داعش لەساڵی 2014 هەرچەندە مەترسییەکی گەورەی لەسەر ڕووبەرێکی بەرفراوانی خاکی هەرێمی کوردستان دروستکرد و ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون لەپێناو کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکان، بەڵام لەیەک کاتدا لە سنووری کەرکووک توانرا بەهۆی هەڵاتنی سوپای عێراق، خاک و نەوت و بەڕێوەبردنی کەرکووک بەیەکجاری بکەوێتە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە خەونێکی لەمێژینەی کورد و سەرکردایەتییەکەی بوو.

لەبەرئەوە ئەگەر خوێندنەوەیەک بۆ هەڵوێست و لێدوانەکانی بەرپرسانی یەکێتی لە ساڵانی ڕابردوو بکەین و هەروەها بۆ لێدوانەکانی وەستا ڕەسوڵ و ئاڵا تاڵەبانی، بەئاشکرا هەست بە ڕێککەوتنێک دەکەین بۆ بەدەستەوەدانی کەرکووک و تەواوی کێڵگە نەوتییەکان، ئەویش تەنیا لە پێناوی وەرگرتنەوەی لە پارتی و کۆنترۆڵکردنەوەی لەلایەن یەکێتی و حکومەتی عێراقەوە.

نۆ ساڵ پێش ئێستا و لە 2008/10/28، گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، پرۆژەیەکی 48 لاپەڕەیی بەناونیشانی "نەوت لەپێناوی خاک" بڵاوکردەوە. پوختەی پرۆژەکە بەم شێوەیە بوو کە لایەنی هەرێمی کوردستان دەستبەرداری خواستی گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکانی دیکەی کوردستان دەبێت، واتە هەوڵی جێبەجێکردنی مادەی 140 نادات، لەبەرامبەریشدا تورکیا یارمەتی هەرێمی کوردستان دەدات تا نەوتەکەی بۆ بازاڕەکانی جیهان هەناردە بکات.

بەڵام ئەو دەستکەوتە گرنگەی ساڵی 2014 دەستی کوردستان کەوت لە وەرگرتنەوەی نەوتی کەرکووک و بەستنەوەی نەوتەکە بەبۆڕی نەوتی کوردستان- تورکیا، بەم هەوڵەی بەشێک لە یەکێتی گەڕایەوە خاڵی سفر، یان بەلایەنی کەم پێش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، دەتوانین بڵێین یەکێتی بەم هەنگاوە نەوتی وەرگرت و لەپێناویدا خاکی بەخشی بە عێراق، لەکاتێکدا دەکرا شەڕ لەپێناوی خاکدا بکات و خاوەنی نەوتیش بێت.

حکومەتی عێراق لەگەڵ کۆنترۆڵکردنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک ڕایگەیاند کە بانگهێشتی کۆمپانیای بی پی بەریتانی کردووە بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای کێڵگە نەوتییەکان بۆ یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، بەڵام کۆمپانیاکە دەڵێت تاوەکو ئێستا بە فەرمی هیچ پێشنیازێکی لەو جۆرەیان پێنەگەیشتووە. ڕەنگە کۆمپانیاکەش وا بە ئاسانی ڕازی نەبێ ریسک بە سەرمایەکەی بکات لە ناوچەیەک کە ناوی لێنراوە "کێشە لەسەر".

ئێستا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو لە گرنگترین کێڵگە نەوتییەکانی لەدەستداوە، ئایا چۆن دەتوانێ نەوتی کەرکووک لە دانوستاندنەکاندا بەکاربهێنێ؟

هەرچەندە پێش داگیرکردنی کەرکووک بەچەند ڕۆژێک، عێراق ئاماژەی بە دووبارە نۆژەنکردنەوەی بۆڕی گواستنەوەی نەوتی کەرکووک- جەیهان کردووە کە چەند ساڵێکە لەکارکەوتووە، بەڵام نۆژەنکردنەوەی کاتێکی زۆر و تێچوویەکی زۆری دەوێت، بۆیە باشترین کارتی هەرێمی کوردستان بۆڕیی نەوتی کوردستان- جەیهانە کە ئێستا نەوتی کێڵگەکانی کوردستان و کەرکووکی پێدا ڕەوانەی تورکیا دەکرێت، کوردستان دەتوانێ ئەم بۆڕییە لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەغدا بەکاربهێنێ.


ساڵانی پێش 2014 لە کاتی گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراق، گفتوگۆش لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فایلی نەوت و بودجە لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرا، زۆرجار دەگەیشتنە ڕێککەوتن، بەڵام زۆرینەی جار ڕێککەوتنەکە لەلایەن عێراقەوە جێبەجێ نەکراوە، یان ڕێککەوتنەکە لە زستاندا واژۆ دەکرا و لە بەهاردا هەڵدەوەشایەوە، بۆیە پێویستە هەر ڕێککەوتنێک کە دێتەکایەوە لەسەر کۆی پرۆسەی دارایی و ئابووری نێوان هەرێم و بەغدا بە ئامادەبوونی لایەنی سێیەم بەتایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان بێت، بۆ ئەوەی دواتر بۆ ڕای گشتی ڕوون ببێتەوە کە کێ پابەند نییە بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان، نەک بەغدا و هەولێر یەکدی تۆمەتبار بکەن.



"یەکێتی بەبێ بەخشینی خاکیش دەیتوانی ببێتە خاوەنی نەوتی کەرکووک"

بەڵام کێشەکە ئەوەیە لەبەرئەوەی لە عێراق تا ئێستا یاسای نەوت و گاز نییە، هەر هەوڵێک بدرێت لە فایلی نەوت لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بێسوود دەبێت، هەردوولا خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ مادە و بڕگەکانی دەستووری عێراق هەیە بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە پرۆسەی نەوت و گاز لەنێوان ناوەند و هەرێم و پارێزگاکان.

گرنگە هەرێمی کوردستان داکۆکی لە مافە داراییەکانی کەرکووک بکات کە لە ساڵانی ڕابردوودا لای حکومەتی عێراق بووە و تا ئێستا نەگەڕێنراونەتەوە، وەک پارەی پترۆدۆلاری پێش 2014، هەروەها داوای تەرخانکردنی پێنج دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی فرۆشراو بکات، بۆ کەرکووک و ناوچەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق.



## هاکان گۆرانییەک بۆ کەرکووک دەڵێت

**ڕووداو– هەولێر**

گۆرانیی "بەچەندتان فرۆشت؟" کە لەبارەی کەرکووک گوتراوە، لەماوەیەکی کەمدا هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی. ئەو کەسەی گۆرانییەکەی گوتووە، لە ڕێگەی تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە. دوای بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگۆیەکی زۆر دروستبوو، کە گۆرانییەکە لەلایەن زەکەریا عەبدوڵڵاوە گوتراوە. بەڵام هاکان نەسرەدین، ئەو کەسەی گۆرانییەکەی گوتووە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گۆرانییە هی منە. من، لە تەلەڤیزیۆنێک کاردەکەم، کاتێک لە کار دەگەڕامەوە و لە نزیک مەکتەب سیاسیی یەکێتی خەڵکی کەرکووکم بینی، کە چۆن ئاوارە دەبن، دڵم پڕ بوو و ئەو تێکستەم نووسی".

## دەیزانی ئاسمانی کوردستان دادەخرێت، بەڵام هاتە سلێمانی

## تەکایوکی یۆشیدا، سینەماکار و دەرهێنەری ژاپۆنی بۆ (ڕووداو):

# کۆمەڵکوژی خاڵی هاوبەشی سینەمای کوردی و ژاپۆنییە



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- سلێمانی**

دەرهێنەرێکی بەناوبانگە و خاوەنی دەیان فیلمی سینەماییە، لە تۆکیۆ دەژی، ئەگەرچی دەیزانی گەمارۆ دەخرێتە سەر ئاسمانی کوردستان و دەبێ بە ترانزێت لە بەغداوە بچێتە وڵاتێکی دیکە و پاشان بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، بەهۆی نەبوونی سنوور لە سینەمادا، بڕیاری دا بێتە سلێمانی بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵی فیلم. تاکایوکی یوشیدا دەرهێنەری ژاپۆنی لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکەدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "کۆمەڵکوژی خاڵی هاوبەشی سینەمای کوردی و ژاپۆنییە".

**ڕووداو: ئەندامی لێژنەی داوەرانی فێستیڤاڵی فیلمی سلێمانی بوویت، ئاستی فیلمە کوردییەکان چۆن بوو؟**

**تەکایوکی یۆشیدا:** من تا ئێستا سەیری هەندێک فیلمی کوردیم کردووە، بە تایبەتی فیلمی دۆکیۆمێنتاری، چونکە من ئەندامی لێژنەی داوەریی بەشی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان بووم، هەروەها سەیری هەندێک فیلمی دیکەی سینەمایی کوردیم کردووە، زۆربەیان سەرنجی منیان ڕاکێشا، چونکە ئێستا کاتێکی زۆر گرنگە لە مێژووی کوردستاندا. چەند ڕۆژێک لەمەوپێش گشتپرسیی سەربەخۆیی بەڕێوەچوو. ئەم شتانە بوونە هۆی ئەوەی بیر لە فیلمی کوردی بکەمەوە و سەیریان بکەم، بۆم دەرکەوت کە فیلمەکان دەتوانن پێت بڵێن چۆن ئێرە دەبێتە وڵاتێکی سەربەخۆ. ئەم فیلمە کوردییانە منیان سەرسام کردووە.

**ڕووداو: پێتوایە هیچ لێکچوونێک لە نێوان سینەمای کوردی و سینەمای ژاپۆنیدا هەبێت؟**

**تەکایوکی یۆشیدا:** بۆ نموونە من فیلمێکم بینی، سەبارەت بە کەسێکە کە هەردوو قاچی لەدەستداوە، ئەوەش لە جینۆسایدی هەڵەبجە لەساڵی 1988، ئەو ئێستا لەسەر کورسییە و دەیەوێت بە کوردستاندا گەشت بکات. یادەوەریی جینۆسایدی هەڵەبجە زۆر هاوشێوەی جینۆسایدی هیرۆشیما یان ناکازاکییە کە ساڵی 1945 لە ژاپۆن ڕوویدا.

**ڕووداو: بەبۆچوونی تۆ وەک دەرهێنەرێک، پەیوەندی نێوان سینەما و وڵاتێکی سەربەخۆ چییە؟**

**تەکایوکی یۆشیدا:** فیلم دەتوانێت پەیامێک بێت نەک بە ڕاستەوخۆیی، بەڵکو لە ڕێگەی مومارەسەی کلتوورییەوە، ئەمە زۆر گرنگە بۆ ناردنی پەیامی سیاسی، هەر بۆیە من پێموایە فیلم لە کوردستان یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ.

**ڕووداو: باشە، بابێینە سەر بارودۆخی سینەما و بەرهەمهێنانی سینەمایی لە ژاپۆن، لەوێ چۆنە؟**

**تەکایوکی یۆشیدا:** بەشێوەیەکی گشتی، لە ژاپۆن، جیاوازیی هەیە لە نێوان بەرهەمهێنانی فیلمەکان لە ستۆدیۆ یان لە دەرەوە، ئێستا جیاوازییەکان گەورەتر و گەورەتر دەبن، ئێستا کاری باش دەکرێ، بەڵام تێچوونی فیلمەکانی دەرەوە لە فیلمەکانی ناو ستۆدیۆ زیاترە. حکومەتی ژاپۆن پاڵپشتیی بەرهەمهێنەرانی فیلم و هەروەها ئەکتەرەکان دەکات، چ بە سەربەخۆیی کار بکەن یان نا.

**ڕووداو: ئەو ماوەیەی لە کوردستان بوویت، لە شاری سلێمانی، چ شتێکی کوردستان سەرنجی ڕاکێشایت؟**

**تەکایوکی یۆشیدا:** ڕۆژێک دوای ئەوەی گەیشتمە سلێمانی. ستافی فێستیڤاڵەکە منیان برد بۆ بازاڕ، زۆر شتی سەرنجڕاکێشم بینی، سەرسام بووم بە کەلەپووری گەلی کورد لە بازاڕی ناوەندی شاری سلێمانی.

**ڕووداو: ئەو کاتەی لە سلێمانی بوویت، ئاسمانی کوردستان بەڕووی گەشتە ئاسمانییەکاندا داخرابوون، تۆ چۆن گەیشتیتە سلێمانی؟**

**تەکایوکی یۆشیدا:** من توانیم بەر لە داخرانی فڕۆکەخانە بگەمە فڕۆکەخانەی سلێمانی، زۆر بەختەوەر بووم و ئێستاش لێرەم، نەک هەر من بەڵکو زۆر میوانی ئەم فێستیڤاڵە لە وڵاتانی دیکەوە هاتوون، فیلم یان سینەما هیچ سنوورێکی نییە، هەر بۆیە من پێموایە سنوور، چۆن بتوانم بیڵێم، ئێمە پێویستە سنوور نەهێڵین لە نێوان عێراق و کوردستان و پێکەوەژیانی نێو وڵات، کولتووری جیاواز بە بڕوای من زۆر گرنگە.

**ڕووداو: تۆ دەتزانی ئاسمانی کوردستان دادەخرێت و ئەگەری هەیە سنووریش دابخرێت؟**

**تەکایوکی یۆشیدا:** بەڵێ دەمزانی، بەڵام وەک گوتم سینەما هیچ سنوورێکی نییە.

**ڕووداو: ئێوە وەک سینەماکاری ئاسیایی دەتوانن سوود لە چیرۆکەکانی کوردستان وەربگرن بۆ دروستکردنی فیلم؟ بەتایبەتی چیرۆکەکانی شەڕی داعش؟**

**تەکایوکی یۆشیدا:** من دڵنیا نیم لە لایەنەکانی، بەڵام ئێستا زۆر فیلم هەن، بە تایبەتی فیلمی دۆکیومێنتاری کە فۆکەسەکەیان لەسەر چیرۆکەکانی داعشە، من دڵنیا نیم لەوەی کە لەسەر ئەو چیرۆکانەی داعش فیلم بەرهەم دەهێندرێن یان نا، بەڵام پێموایە ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو چیرۆکانە بکرێنە فیلم، جا لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بێت یان ژاپۆن.

> بە فیلمی کوردی سەرسام بووم

> کاتی ئەوەیە چیرۆکەکانی شەڕی داعش بکرێنە فیلم

## فیلمەکەی ڕکابەریی ڕۆمیۆ و جولێتی شەکسپیر دەکات

# فیلمسازێک لە خۆڵەمێشی کوردستان ئەڵماس دروست دەکات



**کانی غولام**
**ڕووداو- هەولێر**

لە فیلمێکی نوێدا کە مانگی ڕابردوو لە نیویۆرک نمایش کرا، گۆرانییەکی کۆنی کوردی زیندوو بووەوە، نەنکێکی کورد لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیەک لە مانهاتن لە ویلایەتی نیویۆرک، ئەو گۆرانییە بۆ نەوەکەی دەڵێت. فیلمی "زەر" کە ڕکابەریی ڕۆمیۆ و جولێتی ویلیام شەکسپیر دەکات، باس لە خۆشەویستییەکی تاڵ دەکات کە بووەتە قوربانیی دابونەریت.

بۆ ئەوەی بەتەواوەتی هەست بە قورسایی تراژیدیای گۆرانییەکە بکەین، بەناو ڕێڕەوی کاتدا دەگەڕێینەوە پارێزگای دێرسیم لە باکووری کوردستان، واتە هەمان ئەو شوێنەی کە لەژێر سێبەری درەختێکی گوێزدا شوانێکی قۆز چاوی بە کچێکی جوان بەناوی زەر دەکەوێت. خۆشەویستییەکەیان سنوور ناناسێت و بەردەوام وەکوو دیمەنی سەوزایی داوێنی شاخەکانی کوردستان فراوان دەبێتەوە. ئەوان بە نیازی زەماوەندن، بەڵام نەریتی کۆمەڵایەتی دژیان دەوەستێ.

باوکی زەر کە پیاوێکی دەوڵەمەندە و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێزە، ناتوانێت قبووڵی بکات کچەکەی لەگەڵ کوڕێکی دەستکورتی بێماڵدا زەماوەند بکات، بەڵکو دەیەوێت کچەکەی بە پیاوێک بدات کە خۆی هەڵیبژاردووە. ئەو پیاوە بە دڵی زەر نییە، بۆیەش لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بڕیار دەدەن لە شەوی زەماوەندەکەدا ڕابکەن.

زەر لە شەوێکی سارددا بەرەو شوێنی ژوانەکەیان ڕادەکات، بەڵام تۆفان و کڕێوە تەنگی پێهەڵدەچنێ و لە سەرمان ڕەق دەبێتەوە. پاش ماوەیەک کە تۆفانەکە دامرکایەوە و لەگەڵ دەرکەوتنی کازیوەی بەرەبەیاندا، شوانە ئەڤیندارەکە هەواڵی مەرگی زەری پێدەگات. شوانەکە لە ناوەوە تێکدەشکێ، خەم وەکوو برینێک دڵی دادەگرێت و دەبێت بە ئاوازێک بەناو "زەر". ئەو ئاوازە وەکوو میراتێک پشتاوپشت بە نەوەی ئەمڕۆ گەیشتووە.

ساڵی 1930 کچێکی دیکە بە ناوی "زەریفە" لە نزیک هەمان گوند لەدایک دەبێت کە کارەساتەکەی زەر و ئەڤیندارەکەی تێیدا ڕوودابوو. زەریفە گۆرانیی "زەر"ی بەر گوێ دەکەوێت و خۆیشی جاروبار لەبەرخۆیەوە دەیڵێتەوە. کاتێک تەمەنی تەنیا هەشت ساڵە، کەمپینی "پاککردنەوە" بە فەرمانی ئەتاتورک دەستپێدەکات، پاککردنەوە ناوێکی نەرم و ڕێزدارانە بوو بۆ هەڵمەتی کۆمەڵکوژیی کورد. ئەتاتورک دەیگوت کوردەکان دەبێ بکرێنە تورک.

دایک و باوکی زەریفە لەو هەڵمەتەدا دەکوژرێن و ئەویش بەناچاری پەنا بۆ دارستانێکی نزیک گوندەکەی خۆیان دەبات. سەربازەکانی تورکیا لە دارستانەکەدا دەیدۆزنەوە و وەکو غەنیمەی جەنگی دەیدەنە کۆڵۆنێلێکی تورک و هەر لە ماڵی ئەو کۆڵۆنێلە گەورە دەبێت و دواتریش شوو بە کۆڵۆنێلێکی دیکە بەناوی "هەپیتورک" دەکات، بەو جۆرە ناوی بوو بە "زەریفە هەپیتورک"، بێ ئەوەی هیچ خۆشییەک لەدڵیدا شک بەرێت.

زەریفە لە دەرەوە بە تورکی دەئاخڤێت و لەناو خۆیدا ئەو ئاوازە دەڵێتەوە کە وشە و ئاوازە کوردییەکەی وەکوو نەخشێکی هەڵکۆڵراو لەسەر لەوحی یادەوەری ماوەتەوە. لە ساڵانی پەنجای تەمەنیدا چیدی گۆرانییەکە لەناو خۆیدا ناڵێتەوە، بەڵکو بە دەنگی بەرز بۆ کچەکەی دەڵێتەوە، بێ ئەوەی بهێڵێت کوڕەکەی گوێی لێبێت.

کوڕەکەی بەرپرسی بانکێکە لە نیویۆرک و کاتێک کوڕی دەبێت، داوا لە زەریفە دەکات ناوێکی لێ بنێ. زەریفە ناوی دەنێت ژان. ژانێک کە وەکوو ئاوازەکە لە ناویدا جێی گرتووە.

ژان ئاگای لە ڕەگوڕیشەی کوردیی خۆی نییە، بەڵام کاتێک نەنکی لە تەمەنی سەرووی هەشتا ساڵیدا تووشی شێرپەنجە دەبێت و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی مانهاتن بۆ چارەسەری کیمیایی دەخەوێنرێت، لەوێ ژان لە ڕەچەڵەکی خۆی ئاگادار دەبێتەوە. دیداری نێوان ژان و زەریفە ڕێک ئەو کاتەیە کە فیلمەکە لێیەوە دەستپێدەکات و لە شوێنی لەدایکبوونی گۆرانی زەر لە چیاکانی دێرسیم کۆتایی دێت.

ژان لە کۆمەڵگایەکی ئازادی وەکوو ئەمریکادا لەدایکبووە. بەڵام زەریفە ڕزگاربووی "جینۆساید"ە. دیداری زەریفە و نەنکی، دیداری دوو ئەزموون و دوو ژیانی تەواو جیاوازە، بەم حاڵەشەوە دیدارێکی ئەفسوناوییە. لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا، زەریفە گۆرانی "زەر" بۆ ژان دەڵێت. ژان یەک وشەی تێناگات، بەڵام لەو گۆرانییەوە بۆی دەردەکەوێت نەنکی کوردە، نەک تورک.

زەریفە دەمرێت و ژان لە ناو کەلوپەلەکانیدا دوو دەنک گوێز دەدۆزێتەوە. ژان بڕیار دەدات لەگەڵ تەرمی نەنکیدا بگەڕێتەوە باکووری کوردستان. زەریفە لە نزیک گۆڕی هاوژینە کۆچکردووەکەی دەنێژرێت، بەڵام دوو گوێزەکە وەکوو ئەمانەتێک لای ژان دەمێننەوە.

ژان هێشتا گۆرانییەکەی نەنکی لە مێشکیدا دەزرینگێتەوە، بۆیەش پرسیار لە پووری دەکات و باوکیشی بە دەنگی بەرز پێی دەڵێت "دەمت دابخە". بەڵام ژان واز ناهێنێ و دەڵێت "من ئاگاداری ناکۆکیی نێوان کورد و تورکم". باوکی زللەیەکی لێدەدات و هەڕەشەی لێدەکات "خۆت بە بابەتێکەوە ماندوو مەکە کە ماوەکەی بەسەرچووە". ئەوەی باوکی ژان دەیڵێت بیرکردنەوەی باوی کۆمەڵگای تورکییە بۆ پرسی کورد، ئەوان کێشەی کورد بە کێشەیەکی "بەسەرچوو" دەزانن.

بەڵام ژان کۆڵ نادات و بەدوای ڕاستیی ژیانی نەنکی و چۆنێتی ڕزگاربوونی لە جینۆساید دەگەڕێت. بۆیە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی گۆرانیی "زەر"ی تێدا لەدایکبووە. گەڕانی ژان پەردە لەسەر کارەساتەکانی سەردەمێکی تاریکی تورکیا هەڵدەداتەوە، کۆماری تورکیا لەو سەردەمەدا 40 بۆ 70 هەزار کورد بە گوللە، بۆمب و چەکی ژەهراوی دەکوژێت.

بینەر لە فیلمەکەدا بۆی دەردەکەوێت کە شوانە ئەڤیندارەکە سەردانی کانیاو و شوێنی دارگوێزەکەی کردووەتەوە. شوانەکە بەدەم شینەوە دەڵێت: "من دوو فرمێسکم ڕشت، درەختە گوێزەکە دوو دەنکە گوێزی لێکەوت". لەوێوە دوو دەنکە گوێزەکە مانایەکی تایبەتی لەلای ژان وەردەگرن.

ئەو گوندەی ژان بەنیاز بوو سەردانی بکات، لەژێر ئاوی بەنداوێکدا ون بووە. بەشێک لە فیلمەکەی کازم ئۆزیش لەژێر گوشاری سانسۆری حکومەتی تورکیادا ون بووە، بەتایبەتیش چوار خولەکی کە تەرخانکراوە بۆ دیمەنەکانی جینۆساید و سەردانی ژان بۆ لای چەکدارانی ڕزگاریی کوردستان.

کازم ئۆز، دەرهێنەری فیلمەکە، چیرۆکی خۆی و سینەما بۆ سەردەمی ناڕەزایەتییەکان لەدژی حکومەتی تورکیا دەگەڕێنێتەوە. ئۆز دەڵێت "لە قۆناغی خوێندنی زانکۆدا خۆپیشاندانمان کرد و منیش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرام و خرامە نێو هۆڵێکی سینەما. یەک ڕۆژ لەوێ دەستبەسەر بووم و ئەو ڕۆژە بەس بوو بۆ ئەوەی کەیفم بە سینەما بێ".

ڕووداوەکانی دێرسیم سەختن، بەڵام کازم ئۆز لە خۆڵەمێشی ئەو سەختییانەوە بەرهەمێکی هونەری داهێناوە کە لە ئەڵماسێکی بەنرخ دەچێت.

> "ئەو ڕۆژەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرام بۆ من بەس بوو تا سینەمام خۆش بوێت"


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حليب


Life
NATUREL SPRING WATER

## ژنە کارگوزارێک دەکوژرێ

**روودا و — سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی رایگەیاند، تەرمی ژنێکی 45 ساڵیان لە گەڕەکی کەنەکەوەی شاری سلێمانی دۆزیوەتەوە. بەپێی هەواڵێک کە لە پەیجی فەیسبووکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بڵاوکراوەتەوە، ئێوارەی رۆژی 2017/10/20 لە گەڕەکی کەنەکەوەی شاری سلێمانی تەرمی ژنێکی بە کوژراوی دۆزراوەتەوە . دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، تەرمی ژنەکە رەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکیی شاری سلێمانی کرا و پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ رووداوەکە کراوەتەوە. بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس ژنەکە ناوی (س.م.ع) بووە و کارگوزاری فەرمانگەیەکی حکومەت بووە.



روودا و
ژنان
ژمارە (478) - دووشەممە 2017/10/23

# رێکخراوێک
# بە 10 هەزار دینار هاوسەرت بۆ دەدۆزنەوە

**دیمەن بورهان**
**روودا و — هەولێر**

شەش خۆبەخش لە شاری هەڵەبجە رێکخراوێک بەناوی "پاکیزە" پێکدێنن، ئامانجی رێکخراوەکە وەک خۆبەخشەکان باسی دەکەن، بەیەکگەیاندنی کوڕان و کچانە بە مەبەستی پێکهێنانی خێزان.

سەردار محەممەد، بەرپرسی رێکخراوی پاکیزە لە پارێزگای هەڵەبجە، لەبارەی بیرۆکەی رێکخراوەکە بە (روودا و)ی گوت: "دەمێک بوو بیرۆکەی ئەم رێکخراوەمان هەبوو، لەلایەن چەند برا و خوشکێکی دڵسۆزەوە کاری بۆ کرا، بەهۆی نەبوونی شوێن، نەتوانرا رابگەیەندرێت، بەڵام ساڵێک لەمەوبەر من دەستنیشانکرام بۆ بەڕێوەبردنی ئەم رێکخراوە".

رێکخراوەکە ماوەیەکی کەمە دامەزراوە، بەڵام زۆر بە زوویی ناسران و تاوەکو ئێستاش چەندین کەس لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە پەیوەندیی پێوە کردوون و هەندێکیان داوا دەکەن لە شارەکانی دیکەش ئۆفیس بکەنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەوان تەنیا پشت بە هاوکاریی کەسانی خێرخواز دەبەستن، ناتوانن ئۆفیسی دیکە بکەنەوە، بەڵام بەنیازن نوێنەریان لە شارەکان هەبێ.

### "ئامانجمان کەمکردنەوەی قەیرەییە"

بەرپرسی رێکخراوی پاکیزە نایشارێتەوە بەهۆی کارەکەیانەوە توانجی زۆریان لێدەدرێ، بەڵام ئەوان گوێ بە توانج نادەن و لەسەر کارەکەی خۆیان بەردەوام دەبن "لە زۆر شوێن خەڵک توانجمان لێدەدەن و رێکخراوەکە بە کار و شوێنێکی نابەجێ دەزانن و وا سەیری دەکرێت، بەڵام ئامانجی ئێمە تەنیا کەمکردنەوەی رێژەی قەیرەبوون و ئاشتکردنەوەی ئەو هاوژینانەیە کە بەهۆی کێشەیەکەوە لەیەکتری زیز بوون".

سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشتکردنەوەی ژن و پیاوە زیزەکان، سەردار محەممەد دەڵێت: "لەڕێگەی چەند پیاوماقوڵێک و مامۆستای ئایینییەوە کێشەی هاوژینە زیزبووەکان چارەسەر دەکەین کە بە سوپاسەوە زۆر باش بەدەم داواکارییەکانمانەوە دێن بۆ ئەوەی رێگری لە هەڵوەشانەوە و سەرگەردانبوونی خێزانەکان بکەن".

کارەکانی ئەو رێکخراوە بێ بەرامبەر نییە، بەڵام دەڵێن حەقەکەیان زۆر لە خەڵکی دیکە هەرزانترە. سەردار دەڵێت: "رێکخراو هەیە ئەگەر کەسێک بیەوێت لە رێگەی ئەوانەوە هاوسەرگیری بکات، 25 هەزار دیناری لێوەردەگرن رەنگە سەریش نەگرێ، بەڵام ئێمە بۆ جارێک یان سەد جاریش بێت تەنیا یەکجار 10 هەزار دیناریان لێوەردەگرین".

> „
> مەرجی هاوسەرگیریی زۆربەی کچان مەنسەب و بڕوانامە و پارەیە
>
> خۆبەخشێکی رێکخراوەکە

### خێزانێکی خۆبەخش

مامۆستا نەرمین ئیبراهیم کە ماوەی حەڤدە ساڵە مامۆستایە و لەو رێکخراوە بەشێوەیەکی خۆبەخش کاردەکات، بە (روودا و)ی گوت: "پێش ئەوەی شوو بکەم، زۆر حەزم لەم کارە خێرخوازییە بوو، بۆیە بە شانازییەوە لە رێکخراوەکە کاردەکەم، ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی و شانازیی منیشە هاوژینەکەمە، کە ئەویش هەمان بیرۆکە و کاری منی لەلا پەسەندە و شانبەشانی یەکتر رۆژانە لە رێکخراوەکە کاردەکەین".

### چۆن دوو کەس بەیەک دەگەیەنن؟

مامۆستا نەرمین سەبارەت بە چۆنیەتی بەیەکگەیاندنی دوو کەس و چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە دەڵێت: "سەرەتا کەسەکە کچ بێت یان کوڕ پەیوەندیمان پێوەدەکات و فۆرمێک پڕ دەکاتەوە. ئەو مەرجانەمان بۆ دەنووسێت کە دەیەوێت لە کەسی بەرامبەردا هەبێت، هەروەها وێنەیەکی خۆشی لەلامان دادەنێ".

مامۆستا نەرمین باسی مەرجەکان دەکات و دەڵێت: "ئەوەی جێگەی داخە زۆر لە کچان لە مەرجەکانیاندا زیاتر داوای پیاوێک دەکەن کە پۆست و بڕوانامەی هەبێت، دوای ئەوەش ئەو کچانەن کە دەیانەوێت پیاوەکە دەوڵەمەند بێت".

سەبارەت بە مەرجی کوڕانیش، مامۆستا نەرمین دەڵێ: "مەرجی ئەوان بە پلەی یەک جوانییە، دواتریش منداڵ و کەم تەمەن بێت، بەڵام ئەمە لەگەڵ کاری ئێمە ناگونجێ، ئێمە دەمانەوێ خێزانێکی باش و بەسوود بۆ کۆمەڵگە دروست بکەین. بەڵام هەندێکیان زۆر سەیرن، یوسف نین و داوای زولەیخا دەکەن! یان تەمەنی 40 ساڵە، داوای کچی 14 ساڵ دەکات. ئەوانەی داوای کەسانی هاوتەمەن یان هاوپیشەی خۆیان دەکەن زۆر کەمن".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو کچ و کوڕانەی لەڕێگەی رێکخراوەکەوە بەیەکگەیشتوون، مامۆستا نەرمین دەڵێت "تائێستا لەڕێگەی ئەم رێکخراوەوە زیاتر لە 50 کچ و کوڕمان بەیەکگەیاندوون کە بەخۆشحاڵییەوە زۆر ئاسوودەن و ژیانێکی خۆش بەیەکەوە بەسەردەبەن، تەنیا یەک حاڵەتمان هەیە کە بە دەستگیرانداری جیابوونەتەوە، ئەویش دوای ئەوەی کچەکە پەشیمان بووەوە لە شووکردن".



> "یوسف نین و داوای زولەیخا دەکەن"

مامۆستا نەرمین دەشڵێت: "داوا لە کچان دەکەم لە هەر شوێنێکی کوردستان بن نەترسن و شەرم نەکەن، زۆربەی کچان داوام لێدەکەن هاوژینیان بۆ بدۆزمەوە، بەڵام لە دەرەوەی رێکخراوەکە و نایانەوێت بێن بۆ رێکخراوەکە، چونکە وەک خۆیان دەڵێن نامانەوێت کەس پێیان بزانێت کە خۆیان داوایان کردووە پیاویان بۆ بدۆزنەوە و ببنە هاوژینیان، بەڵام بەخۆشحاڵیشەوە کەسانێک هەن بەتایبەت لە سلێمانی دەڵێن ناومان بنووسن و خاوەنی هەموو شتێکین، تەنیا پیاوێکی باشمان دەوێ".

### بەدوای ئافرەتی فەرمانبەردا دەگەڕێن

سەبارەت بە تەمەنی ئەو کچ و کوڕانەی پەیوەندی بە رێکخراوەکەوە دەکەن، مامۆستا نەرمین بە (روودا و)ی گوت: "لە تەمەنی 24 ساڵانەوە هەتا تەمەنی 60 ساڵان رووما تێدەکەن، پێشمەرگە دێن داوای کەسی فەرمانبەر دەکەن تا پێکەوە بتوانن هاوکاری یەکدی بکەن، بەڵام هەندێکی دیکە بڕوانامەیان لەلا گرنگ نییە و دەڵێن تەنیا دەمانەوێت جوان و باڵابەرز و منداڵ بێ".

(پ.س) تەمەنی 39 ساڵە و کارمەندی فەرمانگەیەکە لە سلێمانی، ئەو خۆی لە رێکخراوەکە ناونووس کردووە و داواکارە کەسێکی شیاوی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو دەڵێت: "لەلام گرنگ نییە دەوڵەمەند بێت، چونکە خۆم 16 ساڵە مووچەخۆرم". (پ.س) گوتیشی: "هاوژینی یەکەمم پیاوێکی بەتەمەن بوو، کاتێک هاوسەرگیریم لەگەڵ کرد تەنیا بیرم لەلای ئاڵتوون و ئۆتۆمبێل بوو، بەڵام ئێستا دەزانم پیاوێکی راستگۆ و بەڕەوشت هەموو ماڵی دنیا دەهێنێ، هیچ شەرمیش ناکەم کە خۆم هاتووم و فۆڕمم پڕکردووەتەوە، دەستخۆشیش لەو رێکخراوە دەکەم کە بیر لە ئێمە دەکاتەوە، زۆر لەلام ئاساییە کە سەردانیان دەکەم".

## پیاوان لەبەر ناوبانگیان سکاڵا تۆمار ناکەن

# بەناوی هاوسەرگیرییەوە گیرفانی پیاوەکانیان دەبڕن

**دیمەن بورهان**
**روودا و — هەولێر**

مەجید، 65 ساڵ، ناوی خوازراوی پیاوێکی کوردە، ساڵانێکە لە بازاڕی هەولێر بەهارات دەفرۆشێ، دوای مردنی هاوژینەکەی، لەگەڵ ئافرەتێکی ئاوارەی عەرەب هاوسەرگیری دەکات، بەڵام لەلایەن هاوژینە تازەکەیەوە بە جۆرێک داخکراوە کە قەت لە یادی ناکات.

مەجید دەڵێت: "حاجییەکی هاوڕێم، بێوەژنێکی کرێچی هەبوو کە ئاوارە بوو، چوار منداڵی هەبوو: سێ کچ و کوڕێک، تەمەنی 53 ساڵ بوو، پێیگوتم بۆ نایهێنیت؟ ژنێکی رێکوپێک و بەڕەوشتە، ساڵێکە کرێچی منە، هیچ هەڵەیەکم لێ نەبینیوە. کە بینیم بەڕاستی ژنێکی بەحەیا و حورمەت بوو، بەزەییم بە منداڵەکانیدا هاتەوە، بۆیە کاتێک پێمانگوت، بێ یەک و دوو رازی بوو، منیش رازی بووم".

مەجید دوای مردنی هاوژینەکەی، ماوەی سێ ساڵ لەلای کوڕەکەی بووە و هیچ گلەییەکی لێی نەبووە، زۆر بەباشیش خزمەتی کردووە، بەڵام حەزی کردووە ژن بهێنێ بۆ ئەوەی چیدی نەبێتە بارگرانی لەسەر کوڕەکەی. مەجید دەڵێت: "کوڕەکەم پێیگووتم ئەگەر ژن دەهێنی، کەسێک بهێنە ناسیاو بێت و منداڵی نەبێت، من رازی بووم، بەڵام کەس بە من رازی نەبوو، چونکە ژنی کورد تەمەنیان ببێت بە 50 ساڵ، دونیا کاول بکەی بەسەریاندا شوو ناکەنەوە، منیش نەدەکرا بەم تەمەنەوە کچی گەنج بهێنم، بۆیە پێمگوتن ژنێکم دەوێت تەمەنی لە 60 ساڵ کەمتر نەبێت و تەنیا هاوسەرینم بێت، کاتێک لەلای کوڕەکانم باسی ئەو ژنە عەرەبەم کرد، ئەوان رازی نەبوون، بەڵام من گوێم لێنەگرتن و هێنام و بوومە کرێچیی حاجییەکەی رەفیقم".

بەشێک لەوانەی وەکو مەجید هاوسەرگیری دەکەن، بەخت یاوەریان نابێ و لەلایەن ژنەکانیانەوە قۆڵیان دەبڕدرێ و دواتر بە تەنیا دەمێننەوە.



مەجید گوتی: "لە جەننەت دەژیام، شەوانە قاچەکانمی دەشۆری، بە زەیتی زەیتون دەیشێلام، هەموو خزم و کەس و هاوڕێکانم کە دەیانبینم، دەیانگوت زۆر گەنج بوویتەتەوە".

بەڵام مەجید تەنیا چوار مانگ لەو بەهەشتە مایەوە کە باسی دەکات.

"کوڕەکەی کەلسووم تەمەنی 25 ساڵان بوو، داوای 5 ملیۆن دیناری لێکردم، گوتی لەگەڵ خوشکەکانم دەچینەوە بەغدا و لە ماڵی باپیرم دەژین، هەقیشیان بە من و دایکیانەوە نەبێت، منیش پارەکەم پێدان، ئەوان رۆیشتن، بەڵام نەمزانی ئەو کارەیان تاکتیکە".

وەک مەجید باسی دەکات، منداڵەکانی هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەو هاوسەرگیرییە نەبوون، چونکە پێشتر چیرۆکی هەندێک لەو ژنانەیان زانیبوو. مەجید دەڵێ: "کوڕەکانم سەردانیان نەدەکردم، بەڵام من دەچووم بۆ لایان، بەردەوام دەیانگوت نهێنی خۆت لەلای ئەو ژنە نەدرکێنی و نابێت بزانێت چ سەروەت و سامانێکت هەیە، بەڵام مامەڵەی ژنەکە هێندە باش و میهرەبانانە بوو لەگەڵم، ئامادەبووم هەموو سەروەتی خۆمی بدەمێ".

دواجار ئەو رۆژە هات کە مەجید چاوەڕێی نەدەکرد. مەجید گوتی "رۆژێک کەلسووم گریا و گوتی تەلەفۆنم بۆ کراوە، دەبێت بڕۆم بۆ بەغدا، کچەکە نەخۆشە و گورچیلەی بۆ دەگۆڕن. پێمگوت لەگەڵت دێم، بەڵام گوتی نامەوێت ماڵی خەزورم بتبینن، چونکە پێیان خۆش نییە شووم کردووەتەوە، کاتێک لێم پرسی ماڵی خەزورت لەڕووی داراییەوە باشن؟ گوتی نەخێر، بەڵام بە کۆمەک بۆی کۆدەکەینەوە، منیش چووم سێ ملیۆن دینارم بۆ هێنا، سەرەتا رەتیکردەوە، دواتر بەزۆر پێمدا، کەلسوم بۆ ماوەی هەفتەیەک رۆیشت، رۆژانە چەند جارێک تەلەفۆنی بۆ دەکردم و دەیگوت خۆت جوان داپۆشە سەرمات نەبێت و خواردنی گەرمکراوە نەخۆیت".

> „
> پیرەپیاوێک
> کاتێک دەخەوتم گیرفانەکانم دەگەڕا

وەک مەجید باسی دەکات، چەند رۆژێک پێش هاتنەوەی، کلیلی خانووەکەی خۆی لە کوڕەکانی وەرگرتووە و ماڵەکەی پێ خاوێن کردوونەتەوە، کاتێک کەلسوم گەڕاوەتەوە، پێکەوە چوونەتە ناو خانووەکە.

مەجید دەڵێت: "شەوێک بەخەبەرهاتم، بینیم کەلسوم لەسەر جێگەکە نەبوو، کە چوومە دەرەوە، بینیم لە ژووری پشتەوە بە چەقۆ خەریکی کەنتۆرەکەیە، هێز لە ئەژنۆم نەما، بەڕاستی ترسام بمکوژێت، خێرا چوومەوە نێو جێگەکەم، بۆ رۆژی دواتر نەموێرا تەنانەت بشچم تەماشای پارەکانم بکەم، گوتم با هەست نەکات. شەوی دواتر 200 هەزار دینارم لە دوکان هێنایەوە لە نێو گیرفانی کراسەکەمم دانا، شەو هەندێک پارەی دەرکرد و خەوتەوە. پێموابێت 40 هەزاری دەرهێنابوو، شەوی پێشتریش لە کانتۆرەکەدا کە زیاتر لە 20 هەزار دۆلاری تێدا بوو، هەزار دۆلاری دەرهێنابوو".

رۆژی دواتر مەجید دەچێتە لای کوڕەکەی و پێیدەڵێت مەلایەک بهێنە "کەلسومم تەڵاق دا، بەبێ ئەوەی کوڕەکانم بزانن، چونکە ئەوکاتە بیانزانیبایە درزیم لێدەکات، دەیانکوشت، بۆیە ترسام کێشە دروست بێت. بە ریشی سپیشەوە نەدەکرا بچمە بنکەی پۆلیس و دادگا. نامەوێت خەڵک پێمبڵێن پیرەپیاوە هەڵخەڵەتاوەکە، بۆیە دواتر گەڕامەوە ماڵەوە و پێمگوت دەزانم تۆ دزیت و بۆ پارە شووت پێکردووم".

مەجید دواتر بۆی دەرکەوتووە کە تووشی چ کارەساتێک بووە. ئەو دەڵێت "دواتر بۆیان باسکردم کە ئەو ژنە سێ جار لە سلێمانی و هەڵەبجە شووی کردووە و لە هەولێریش شووی بە من کردووە، تەنیا پارەی کێشاوەتەوە، دەشزانم هاوژینەکەی لە ژیاندا ماوە و بازرگانیی پێوەدەکات".

مەجید تەنیا کەس نییە چیرۆکی لەو جۆرەی هەبێ. ئەو دەڵێت: "من باش دەرچووم، ئێستا دەبیستم پیاو هەیە چەندین دەفتەر دۆلاری لەلایەن ئەو ژنانەوە لێ بردراوە و هەڵهاتوون. گەنجێکی کورد کچێکی عەرەبی هێناوە و دوای مانگێک بووکەکە دەڵێت سەردانی ماڵی باوکم دەکەم با خەسووشم بێت، دوای ئەوەی دەیبات، لەوێ باوکی کچەکە، خەسووەکە دەستبەسەر دەکات و لەبەرامبەر 60 هەزار دۆلار دەینێرێتەوە".

لەبارەی ئەم حاڵەتانە، رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (روودا و)ی گوت "کەیسمان هەیە کە ژنێکی عەرەب لە کاتی سەفەری هاوژینەکەیدا، 50 هەزار دۆلاری لێ دزیوە و هەڵهاتووە. لە بنکەکانمان سکاڵا تۆمارکراوە لەسەری، بەڵام ئەمە تایبەتە بە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان".

رێباز زێوەر مستەفا، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لەو بارەیەوە دەڵێت: "ئەو کەیسانە هەن، بەڵام پیاوان زۆر جار لەبەر سومعەیان نایەن سکاڵا تۆمار بکەن".

## سەقفی خانوو بەسەر گەنجێکدا دەڕوخێ



**ڕووداو- سلێمانی**

گەنجێکی دانیشتووی شاری سلێمانی، بەهۆی داڕمانی سەقفی خانوویەک گیانی لە دەستدا. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی پۆلیسی سلێمانی لە پەیجەکەیان لەتۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک روویداوە، ئەو ڕووداوە ڕۆژی 2017/10/21 لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی ڕوویداوە. پۆلیس دەڵێت "گەنجەکە ناوی (ه،ب،ک)بووە و تەمەنی 23 ساڵ بووە، لەکاتی کارکردندا سەقفی خانوویەک دەڕوخێت بەسەریداو دەستبەجێ گیانلەدەستدەدات". دوای گەیشتی هێزەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی و تیمە فریاگوزارییەکان تەرمی گەنجەگە ڕەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی کراوە و پزیشکی پەڕاوی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە.

# لەبەر حەشدی شەعبی کەرکووکی بەجێهێشت و لە هەولێر کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

نەهرۆ لوقمان خدر، تەمەن 29 ساڵان، ماوەی 12 ساڵ پێشمەرگە بوو. ئێوارەی ڕۆژی 2017/10/20 لە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون لە ناحیەی کەسنەزان، لە دەمەقاڵێی نێوان ئاوارەکان و دەزگا ئەمنیەکاندا کە بۆ بەرگرتن لە پشێوی و وەڵامدانەوەی داواکارییەکانیان هاتبوون، بە گوللەیەک کوژرا.

نەهرۆ خێزاندار بوو، خاوەنی دوو کوڕ بوو، لە فەرماندەیی پێشمەرگەی سلێمانی دەوامی دەکرد و پاسەوانی بەرپرسی ئەو فەرماندەییە بوو. ئەو بۆ ئەوەی ژن و منداڵەکانی لە دەستی حەشدی شەعبی سەلامەت بن، گەڕەکی شۆریجەی کەرکووکی جێهێشت، بەڵام لە هەولێر بەدەستی کارمەندێکی هێزە ئەمنییەکان کوژرا.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی 2017/10/20 گردبوونەوەیەکی نارەزایی لەلایەن هەندێک ئاوارەی شاری کەرکووک کە لە کۆمەڵگەی دەشتی بەهەشت نیشتەجێکراون، ئەنجام دەدرێ کە وەک خۆیان دەڵێن بەهۆی نەبوونی ئاو و کەلوپەل و پێداویستی بووە.

نەقیب ئیدریس لوقمان کە برای نەهرۆیە و خۆی کەسێک بووە لە خۆپیشاندەرەکان، بە (ڕووداو)ی گوت "نزیکەی کاژێر حەوتی ئێوارە بوو، بەهۆی نەبوونی ئاو و خۆراکی پێویست بۆ ئاوارەکان کە دوو ڕۆژ بوو نانی پێویستمان نەبوو بۆ ماڵ و منداڵەکانمان، لەسەر دووسایدی کەسنەزان — هەولێر کۆبووینەوە و داوای هاوکاریمان لە هاووڵاتیان کرد، کەسانی خێرخواز زۆربوون کە دەهاتن بۆ لامان، بەڵام ئەوانەی چاودێرییان دەکردین، ڕێگەیان نەدەدا خێرخوازەکان ڕاستەوخۆ کۆمەک و هاوکارییەکانیانمان بۆ بهێنن، ئێمەش ویستمان بێینە دەرەوە و دەنگمان بگاتە بەرپرسان، بەڵام چەند کەسێکی دەزگا ئەمنییەکان کە لەوێ بوون، بە شێوەیەکی ناشیرین وەڵامیان داینەوە".

نەقیب ئیدریس دەشڵێت: "نەهرۆی برام کە ئەو ڕۆژە لە دەوام بوو، تازە گەڕابووەوە، بە بیستنی گردبوونەوەمان هاتە شوێنی ڕووداوەکە و پێیگوتن ئەم خەڵکە بۆ خۆشیی خۆی نەهاتووەتە ئێرە، هەموومان بۆ پاراستنی نامووس و منداڵمان شاری کەرکووکمان بەجێهێشتووە، ئەگینا ئێمە لە شەڕی داعش نەترساوین و بەرگریمان کردووە، چۆن ئێستا دەترسین؟ بۆیە کە هاتووینە ئێرە داوای مافی خۆمان دەکەین و دەبێت مامەڵەتان جوان بێت و داواکارییەکانمان بگەیەنن، لەم قسانەدا خەڵک و ئەو دەزگایە بوو بە دەمەقاڵەیان، ئەوان بە ئەنقەست تەقەیان لە براکەم کرد و کوشتیان".

نەقیب ئیدریس زۆر پەسنی ئازایەتی براکەی دەدات و دەڵێت: "براکەم قارەمانی شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بوو، وێنەی براکەم کە پێشمەرگەیەکی بریندای لەکۆڵ ناوە و بەداخەوە دوایی شەهید بوو، هەموو دنیای هەژاند، ئێستا شەهید نەهرۆش چوو بۆ لای ئەو".

بەگوتەی نەقیب ئیدریس، مونا حوسێنی هاوژینی نەهرۆ ئێستا لە حاڵێکی زۆر خراپدایە و هەموویان بۆ ئەم ڕووداوە چاوەڕواننەکراوە تاساون. نەقیب ئیدریس باس لەوە دەکات کە ئەوان شەش برای پێشمەرگە بوون لەگەڵ باوکیان، تائێستا لە خانەوادەیاندا 18 شەهیدیان هەیە، بە هەژاری و سەربەرزی ژیاون. ئەو دەڵێت "ئەوەی جێی نیگەرانیمانە، ئێمە لە دەستی عەرەب و تانک و تەیارەکانیان هەڵهاتین، بەڵام براکەمان بەدەستی کوردێک کوژرا".

لوقمان خدر کە باوکی نەهرۆیە، دەڵێت "ئەژنۆم شکا، شێری مەیدانم شەڕ نەیپێکا، بەڵام لە دەمەقاڵێدا کوژرا. نەهرۆی من بە ناحەق کوژرا، بەڵام من و شەش کوڕم پێشمەرگەین و نامەوێت خوێن بڕژێت، کە ڕووداوەکە ڕوویدا دەستی هەموو گەنجەکانم ماچ کرد بۆ ئەوەی بۆ خوێنی نەهرۆ شەڕ نەکەن".


دەشڵێت: "بەرپرسێکی باڵا هاتە لامان و هاوخەمیی خۆی لەبارەی ڕووداوەکە دەربڕی، بەڵام ئەو دەزگایەی وایان لە کوڕەکەم کرد لێیان نەپرسیوین".

لەبارەی ئەوەی سکاڵایان تۆمار کردووە یان نا، باوکی نەهرۆ دەڵێت: "سکاڵامان لەدژی تەقەکەرەکە تۆمار کردووە، ویستیشمان تەرمی کوڕەکەم ببەینەوە، بەڵام بەهۆی خراپیی باری ئەمنی نەمانتوانی و لە گۆڕستانی بنەسڵاوە بەخاکمان سپارد".

شایەتحاڵێک کە تا کاژێرێک دوای ڕووداوەکەش لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێکی دیکە لە شوێنی ڕووداوکە مابووەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "بەهۆی نەبوونی ئاو، ئاوارەکان هاتنە سەر جادە، بوو بە دەنگەدەنگ و شەقامیان گرت، ئەو دەزگایە تەقەی کرد، بەڵام بەهۆی قەرەباڵغییەوە نازانم کوشتنی نەهرۆ بەمەبەست بوو یان نا".

ئەو شایەتحاڵە دەشڵێت: "چەند کەسێک لەناو ئاوارەکانیشدا چەکیان پێبوو، تەقە لە هەردوولا هەبوو"، بەڵام نەقیب ئیدریس، برای نەهرۆ لوقمان ڕەتیدەکاتەوە هیچ کەسێک لە ئاوارەکان چەکیان پێبووبێت.

(ڕووداو) پەیوەندی بە دەزگا ئەمنییەکانەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون قسە لەسەر ئەو ڕووداوە بکەن.



نەهرۆ بەهۆی فۆتۆیەکی (ڕووداو) وەک پێشمەرگەیەکی ئازا ناوبانگی لە جیهاندا دەرکرد (فۆتۆ: ڕووداو)



ژیلەمۆ عەبدولقادر
موقەدەمی مافپەروەر

# بە کۆمێنتێک پێوەبوو

هەندێک بەکارهێنەری فەیسبووک بە تایبەتی کوڕان، بەردەوام خەریکی تەڵە دانانەوەن بۆ کچان، زۆرجار کچان لەو تەڵانە دەردەچن و هەندێکجاریش پێوەدەبن، وەکو ئەو کچەی کە لێرە چیرۆکەکەی باس دەکەین.

ئەو کچە بۆی گێڕاینەوە و گوتی "من بەکارهێنەرێکی چالاکی فەیسبووکم، جگە لەوەی بەردەوام پۆست دەکەم، کۆمێنت بۆ هەندێک لە هاوڕێیانم و پەیجەکانیش دەنووسم. ڕۆژێکیان کۆمێنتێکم بۆ پەیجێک نووسی، زۆری پێنەچوو، لە مەسینجەرەوە نامەیەکم بۆ هات، زۆری پێدا هەڵگوتبووم و نووسیبووی دەمێکە بەدوای کچێکی ڕۆشنبیر و ڕۆمانسی وەکو تۆدا دەگەڕێم، چوومە نێو ئەکاونتەکەت بەراستی لە پۆستەکانت بۆم دەرکەوت کە کەسێکی ڕۆشنفکری، هەست ناسکی، بۆیە حەز دەکەم ببینە هاوڕێ، کاتێک پرسیم لێی لە کوێ دادەنیشی، گوتی لە ئەورووپام، چەند وێنەیەکی خۆیشی بۆ ناردم، وێنەکانی زۆر سەرنجڕاکێش بوون، زیاتر لە ئەکتەر و شتی وا دەچوو. من باوەڕم بە قسەکانی کرد".

قسە و نامە گۆڕینەوە لە نێوان کچەکە و کوڕەکە بەردەوام بووە، تا ئەو ڕۆژەی کوڕەکە گوتوویەتی دەگەڕێمەوە کوردستان و مارەت دەکەم، ئیدی متمانەی کچەکە بە کوڕەکە زیاتر دەبێ، بەڵام کوڕەکە مەرجی هەبووە. ئەو کچە باسی مەرجەکە دەکات و دەڵێت: "پێیگوتم بەڵام بەر لەوەی بێمە لات حەز دەکەم هەندێک تاتوو بکەی و نەشتەرگەریی جوانکاریش بۆ لووتت بکەی، کرێمیش بەکاربهێنە، ئەگەر پارەشت نییە، من پارەت بۆ دەنێرم، بەڵام من گوتم کێشە نییە پارەم هەیە، حەزم نەکرد خۆم لاواز نیشان بدەم بەرامبەر ئەو. کوڕەکە تەلەفۆنی بۆ کردمەوە، پزیشکێکی برادەرم کە پزیشکی جوانکارییە دێتە لات و کرێمەکانت بۆ دێنێ، منیش گوتم خۆم دەچمە لای، بەڵام ئەو گوتی عیادەی نییە، زۆرتر دەچێتە ماڵان، یان کچان دەچنە لای، منیش گوتم کێشە نییە ناونیشانی ماڵی خوشکەکەی خۆمم پێدا و هات بۆ ئەوێ، دوو سێ کرێمی دامێ، بەڵام پارەیەکی زۆری لێوەرگرتم. هەندێک وێنەی جەستەشی گرتم بۆ ئەوەی دواتر تاتووی لەسەر بکەم. دوای ماوەیەک دیسان بە کۆمەڵێک کرێمەوە گەڕایەوە و گوتی ئەوانەش بەکاربهێنە، پارەیەکی زۆرتر لە جاری پێشووی لێوەرگرتم، گوایە کرێمەکان ئەسڵین. دوای سێ ڕۆژ تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی دەزانی برادەرەکەی ئەورووپات مرد؟ ئیدی تەلەفۆن و چات لە نێوانمان نەما. دوای ماوەیەک هەر ئەو دکتۆرە پەیوەندی پێوەکردم و نامەی نارد کە پەیوەندیمان هەبێ، بەڵام من ڕەتمکردەوە، کەچی ئەو واز ناهێنێ و دەڵێت ئەگەر پەیوەندیم لەگەڵ نەبەستی ئەو وێنانە بڵاودەکەمەوە کە بۆ تاتۆ گرتبووم".

کچەکە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی بەرز بوو، بۆیە توانی بە ڕێگایەکی ئاسان خۆی لەدەست فێڵ و تەڵەکەکانی ئەو کوڕە ڕزگار بکات. تەلەفۆن بۆ کوڕەکە دەکات کە یەکدی ببینن، ئێمەشی ئاگادار کردەوە، کاتێک گەیشتنە لای یەکدی، هەردووکیان هێنران بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەمان. لە کوڕەکەمان پرسی، تۆ پزیشکی؟ گوتی: نەخێر من تەنیا هەندێک شارەزاییم لە جوانکاریدا هەیە. بەڵام کچەکە هاواری بەسەردا کرد و گوتی نەخێر تۆ فێڵبازی، هەمان ئەو کەسەشی کە گوتت لە ئەورووپام، کوڕەکە نکۆڵی لەوە کرد. کچەکە لە ترسی کەسوکاری نەیوێرا سکاڵا تۆمار بکات، بۆیە بەڵێننامە بە کوڕەکە پڕ کرایەوە کە وێنەکانی کچەکە ڕەش بکاتەوە و دۆسیەکەیان داخرا.

ئەگەر ئەو کچە سکاڵای تۆمارکردبا، ئەوە بەپێی مادە 456 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەی دەکرا. مادەکە دەڵێت: "سزا دەدرێت بە حەپسکردن، هەر کەسێک بە ڕێگای فرتوفێڵ یان ناوی درۆ یان سیفەتێکی ناڕاست کەسێک لە خشتە ببات و دەستی بگاتە ماڵ و سامانی گواستراوە و نەگواستراوەی".

# ڕاگیراوانی گرتووخانەی ڕانیە داوای یەکلاکردنەوەی چارەنووسیان دەکەن



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

ژمارەیەک زیندانی کە بە تۆمەتی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون، ماوەیەکی درێژ بەسەر ڕاگیرانیاندا تێپەڕیوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان تەواو بووە، بەڵام دادگای سلێمانی پشتگوێی خستوون.

ئەو ڕاگیراوانە کە ژمارەیان 15 کەسە (14 پیاو و یەک ئافرەت)، لە گرتووخانەی گرتن و گواستنەوەی ڕانیەن و هەموویان بە تۆمەتی بازرگانی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون. ئەوان چەند ڕۆژێک مانیان لە خواردن گرت، ئێستا نووسینگەی مافی مرۆڤ کار لەسەر دۆسیەکانیان دەکات.

ئاکۆ عەبدوڵڵا، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینگەی مافی مرۆڤ لە ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت: "ژمارەیەک بەندکراو لە گرتووخانەکانی ئاسایشی ڕاپەڕین پەیوەندییان پێوەکردین کە بەهۆی دواکەوتنی دۆسیەکانیان لە دادگا مانیان گرتبوو، ئەوانە سەرجەمیان بەپێی ماددە 14ی هۆشبەر دەستگیرکراون".

بەپێی یاسای ئوسوڵی محاکەماتی جەزائی، تۆمەتبار دەبێ لە ماوەی شەش مانگدا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ تەواو بکرێ و دۆسیەکەی بۆ دادگا ئامادەکرابێ، بەڵام ئاکۆ عەبدوڵڵا دەڵێ: "هەندێک لەو ڕاگیراوانە زیاتر لە ساڵێکە لێکۆڵینەوە لەگەڵیان تەواو بووە، هێشتا دۆسیەکەیان ئیحالەی دادگا نەکراوە، ئەوان داوا دەکەن لەوە زیاتر دۆسیەکانیان دوانەکەوێ".

ئاکۆ عەبدوڵڵا قسەکانی ئەو ڕاگیراوانە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت :"لەگەڵ ئاسایش قسەمان کردووە، ئەوان دەڵێن سەرجەم کارەکانیان لەلای ئێمە تەواو بووە، چاوەڕێین دادگا دۆسیەکانیان وەربگرێ".

ئاکۆ عەبدوڵڵا هۆکاری دواکەوتنی دۆسیەکان لە دادگا دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆریی دۆسیەکان و کەمیی دادوەر لە دادگاکانی تاوان. گوتیشی "ئێمە لەو بارەیەوە ڕاپۆرتێکمان بۆ سەرووی خۆمان بەرز کردووەتەوە".

ئەو بەرپرسەی مافی مرۆڤ باسی ڕەوشی زیندانییەکان دەکات و دەڵێت "شوێنەکەیان کە بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕانیەیە، مەرجی گرتووخانەی تێدا نییە، شوێنەکەیان زۆر تەسکە، تەوالێتەکانیان بەکەڵک نایەن، شوێنی خۆدانەبەرخۆری نییە، ئەوەش کاریگەریی خراپی لەسەر تەندروستی ڕاگیراوان دەبێ، بۆیە نابێت ئەو ڕاگیراوانە بۆ ماوەیەکی درێژ تێیدا بمێننەوە".

موقەدەم محەممەد فازڵ، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش ڕاپەڕین لەسەر هێشتنەوەی ئەو دۆسیانە بە (ڕووداو)ی گوت "بەشی پەیوەندیدار لە بەڕێوەبەرایەتیمان و خودی بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕاپەڕین لەگەڵ دادگاکانی سلێمانی قسەیان کردووە، بەدواداچوون بۆ هۆکاری دواکەوتنی ئەو دۆسیانە دەکەن، ئینشائەڵڵا لە ماوەیەکی نزیکدا کۆتایی بەو گرفتە دێ".

هەرچەندە بەپێی یاسا دەبێ لە ماوەی شەش مانگدا لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتباران تەواوبێ، بەڵام هەندێک لە دۆسیەکان زیاتر لە ساڵێک لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێ، گوتەبێژی ئاسایشی ڕاپەڕین ڕەتیکردەوە هیچ کەمتەرخەمییەک لەلایەن ئەوانەوە هەبێ و دەڵێت: "دۆسیەکانی ماددەی هۆشبەر ئاڵۆزن، هەندێک لەو دۆسیانە زیاتر لە ساڵێک لێکۆڵینەوەیان تێدا دەکرێ، دۆزینەوەی تۆمەتبار و نەهاتنی شایەتی ڕووداوەکان و گۆڕینی ئیعتراف لەلایەن شایەت و تۆمەتباران، هۆکاری دواکەوتنی دۆسیەکانن".

ئەو بەرپرسەی ئاسایش ئاماژە بەوەدەدات هەرچەند دۆسیەکان زووتر یەکلایی ببنەوە لە قازانجی ئەوانە، چونکە هەرچەند بەندکراو زۆربن، بارگرانی و خەرجیان زیاتر لەسەر ئەوان دەکەوێ.

سەبارەت بە ڕەوشی گرتووخانەکانیش موقەدەم محەممەد ڕەتیکردەوە گرتووخانەکەیان هیچ کێشەیەکی هەبێ و گوتی "گرتووخانەکانمان خراپ و بێ کواڵیتی نین، چونکە بەردەوام لەژێر چاودێری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین، مامەڵەی کارمەندانیشمان لەگەڵ بەندکراوان زۆرباشە".

پارێزەر ڕێناس عالی مەلا کە چالاکڤانێکی ڕووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە دەڵێت بەشێک لە هۆکاری دواکەوتنی دۆسیەی ڕاگیراوانی ماددەی هۆشبەر، پەیوەندی بەو یاسایەیە هەیە کە پێی دادگایی دەکرێن و یاساکە گرێ و گۆڵی زۆری تێدایە.

ئەو پارێزەرە دەڵێت "یاساکە دوو بڕگەی تێدایە کە بەشێکیان تایبەتە بەو کەسانەی مەدەنین، بڕگەی دووەمیشیان تایبەتە بە کەسی سەربازی کە سزاکەی زۆر توندە و بە کەفالەتیش ئازاد ناکرێ، بەڵام ئەو دوو بڕگەیە تاوەکو نەگاتە دادگا یەکلایی ناکرێتەوە".

ڕێناس عالی باسی هۆکاری دواکەوتنی دۆسیەکان لە دادگا دەکات و دەڵێت "بەهۆی کەڵەکەبوونی دۆسیە و کەمی ژمارەی دادوەران لەدادگاکان، وایکردووە گیراوەکان ماوەیەکی زیاتر لە بنکەکانی ئاسایش بمێننەوە". گوتیشی "هەر دۆسیەیەک دەبێ لە ماوەی 4-6 مانگ یەکلایی بکرێتەوە، ئەگەر لەو ماوەیە تێپەڕی دادوەرەکان بەرەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبنەوە".

بە گوتەی ئەو پارێزەرە پێشتر لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین یەک گرتووخانە هەبووە، بەڵام ئێستا دوو گرتووخانەن و ژمارەی تۆمەتبارانیش زۆرن. بۆ ئەوەی دۆسیەی تۆمەتباران زۆر لە ئاسایش و پۆلیس نەمێننەوە، ئەو پارێزەرە پێشنیاز دەکات کە فەرمانگەی داواکاری گشتی، دادگای تاوانەکان و دادگای تێهەڵچوونەوە لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین بکرێنەوە.

### پۆزش

لە ژمارەی پێشووی هەفتەنامەی ڕووداو، ژمارە 477، ڕاپۆرتێک لە لاپەڕە (13) بە سەردێڕی (پزیشکەکەی هەولێر خۆی خنکاند یان خنکاندیان؟) بڵاوکراوەتەوە. ئێمە وێڕای دەربڕینی هاوخەمیمان لەگەڵ خانەوادەی بەڕێزی قوربانییەکە کە لەو ڕاپۆرتەدا ناوی هاتووە، داوای لێبووردنیش لەو خانەوادە دڵسووتاوە دەکەین کە هەندێ قسە لەو ڕاپۆرتەدا لە زاری دایکی قوربانییەکەوە بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا ڕایدەگەیەنین کە ئەوە بەهۆی هەڵەیەکی بێ مەبەستی ئێمە ڕوویداوە. دووبارە داوای لێبووردن و سەبووریش بۆ دڵی ئەندامانی ئەو خێزانە دەکەین.

## پەیمانگەیەکی ئەمریکی لەبارەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق

# جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق لە قازانجی هەردوولایە

**رووداو- هەولێر**

لە ساڵی 2003ەوە بەرپرسانی حکومەتی ئەمریکا هەموو ساڵێک هۆشدارییان داوە کە ئەمساڵ ساڵێکی هەستیار دەبێت، هەموو جارێکیش هۆشدارییەکان راست دەرچوون. بەبۆچوونی شارەزایەکی ئەمریکی ساڵی داهاتووش وەکوو ساڵانی پێشوو چاوەڕێی رووداوی گەورەی بۆ عێراقییەکان لێدەکرێت، چونکە لەو ساڵەدا هەم کۆتایی بە داعش دەهێنرێ و هەم هەڵبژاردنی گشتیی بەڕێوەدەچێت، جگە لەمانەش دەرهاویشتەکانی گشتپرسیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان روونتر دەردەکەون.

کێنیس پۆلاک، توێژەر لە پەیمانگای دەستپێشخەریی ئەمریکی (AEI) لە راپۆرتێکدا کە پێشکەشی لیژنەی هێزە سەربازییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکای کردووە باس لەو هەنگاوانە دەکات کە لە ساڵی داهاتوودا دەبێ ئەمریکا بیانهاوێژێ، لەو چوارچێوەیەش باسی پرسی کوردستان لە عێراق دەکات.

### • پرسی کورد

پۆلاک جەخت لەوە دەکاتەوە کە "من پێشوازی لە بیرۆکەی فیدرالیزم یان کۆنفیدرالیزمی کوردی - عێراقی دەکەم، هەڵبەت ئەگەر کوردەکان خۆیان ئەمەیان بوێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە گومانێکی بەهێزم هەبووە کە جیابوونەوە تاکە چارەسەری راستەقینەیە بۆ کێشەکە". چونکە "دانانی بە ناچاری کورد لە وڵاتی عێراق جگە لە شەڕ و نەهامەتی بۆ کورد و عەرەب هیچی دیکەی لێ نەکەوتووەتەوە".

توێژەرە ئەمریکییەکە ساڵانێکی زۆرە هاتوچۆی عێراق و کوردستانی کردووە و دۆستایەتییەکی باشی لەگەڵ بەرپرسانی هەردوولا هەیە، بەم حاڵەشەوە پۆلاک جەخت لەوە دەکاتەوە کە "جیابوونەوەی کوردستان (لە عێراق) لە قازانجی هەردوو لایەنە. وەکوو پێشتریشم گوتوومە کوردستان خاڵی لاوازی عێراقە، نەک هێزێکی یارمەتیدەر".

لای کێنیس پۆلاک کێشەکە هەر بەوەندە نابڕێتەوە کە جیابوونەوەی کورد بۆ هەردوو لایەن باشترە، بەڵکو کێشەی دیکەشی هەیە، کە گرنگترینیان ئەوەیە چۆن جیابوونەوە بەشێوازێکی دۆستانە رووبدات؟ لە کاتێکدا بەر لە جیابوونەوەکە کورد و عەرەب زۆر کێشەیان لەبەردەمە کە دەبێ لە پاش دانوستاندنێکی زۆر لەسەری رێکبکەون. لە پاش گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوول بە ئاشکرا دەرکەوتووە هەموو کێشەکانی سەربەخۆیی کوردستان بە بەغدادا تێناپەڕن، بەڵکو ئێران، تورکیا و تەنانەت وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکەش بەشێک لە کێشەکەن.

بەبۆچوونی لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە "جیابوونەوەی دۆستانەی کورد و عێراق کات، نیازپاکی و دیپلۆماسییەکی بنیاتنەری دەوێت، بەڵام ئێستا هیچکام لەمانە بەردەست نین". ئەوەش دەخاتەڕوو کە بەرژەوەندی ئەمریکا لەوە دایە "ئەو جیابوونەوەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانە رووبدات"، بەڵام لەهەمانکاتدا کۆمەڵێک کێشەش هەن کە ئەمریکا نابێ هەڵوێستیان تێدا وەربگرێت، لەوانەش دیاریکردنی سنوورەکان، چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان و بەتایبەتیش کێڵگە نەوتییەکان و چارەنووسی ئەو 1.5 ئاوارە عەرەبەی لە هەرێمی کوردستانن.

بەگوێرەی راپۆرتەکە ئەمریکا دەتوانێت رۆڵی "نێوبژیوانێکی باش بگێڕێت و یارمەتی هەردوولا بدات کۆمەڵێک چارەسەر بدۆزنەوە کە لای هەردووکیان پەسەند بێت". جیا لەمە ئەمریکا دەتوانێت یارمەتی لایەنەکان بدات کە لە هەندێک حاڵەتدا باجی قورس بدەن، لە بەرامبەریشدا بەشێوەی تاکلایەنە یان دوو چەندلایەنە قەرەبووی ئەو لایەنە بکرێتەوە کە لە دانوستاندنەکەدا باجی داوە.

> حەشد ببێتە نوسخەیەکی دیکەی پاسداران کارەسات دەخولقێ

بە بۆچوونی پۆلاک ئەگەر کورد لە عێراق جیاببێتەوە "قورسایی دیموگرافیک و قورسایی بازنەکانی هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەی عێراق زیاتر دەبێت و ئەمەش وادەکات ئەمریکا رۆڵێکی گرنگتری هەبێت لە یارمەتیدانی عێراقی عەرەبی بۆ ئەوەی سیستەمێکی سیاسی سەقامگیرتر، دادپەروەرتر و سەربەخۆتری هەبێ".

ئیدارەی باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، هەوڵێکی زۆری دا تاوەکوو کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر چارەسەر بکات، هەر ئەم هەوڵەش وایکرد جۆرێک لە سەقامگیری سیاسی و هاوکارییەکی سەربازیی بەرچاو لە نێوان هەولێر و بەغدادا بێتەئاراوە. بەڵام لە دوای گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان، حکومەتی عێراق هەڕەشە لە هەموو ئەو دەستکەوتانە دەکات کە لە چەند ساڵی رابردوودا کورد بەدەستی هێناون. پۆلاک پێیوایە "ئەگەر لەچوارچێوەی پلانێکی درێژخایەندا (لەسەر مۆدێلی دابەشبوونی چیکۆسلاڤاکیا) کار بۆ جودابوونەوەی کورد لە عێراق نەکرێت، ئەوە هەموو دەستکەوتە کورتخایەنەکان کاڵ دەبنەوە و دواجاریش لەدەست دەچن، وەکوو چۆن لە رابردوودا روویداوە".

پۆلاک پێشنیاز دەکات ئەمریکا لەسەر دوو ئاستی هاوتەریب و هاوکات هەوڵی دەستپێکردنی دانوستاندنی کوردستان و عێراق بدات: لە ئاستی یەکەمدا فۆکەس دەخرێتەسەر "پرۆسەیەکی درێژخایەن بۆ جیابوونەوەی کورد (لە عێراق)". لە ئاستی دووەمیشدا فۆکەس دەخرێتەسەر "پەیوەندییە کورتخایەنەکانی بەغدا و هەولێر". کە تێیدا کۆمەڵێک بابەتی ئاڵۆزی وەکوو هاوکاریی ئەمنی، ئیدارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و داهاتی نەوت و سیاستی دارایی".

توێژەرە ئەمریکییەکە پێیوایە لە پلانە کورتخانەیەدا دەبێ کار بۆ رێککەوتن لەسەر ستروکتورێکی فیدرال یان کۆنفیدرال بکرێت کە بە هۆیەوە کوردستان وەکوو بەشێک لە عێراق دەمێنێتەوە، تاوەکوو ئەو کاتەی پرۆسە درێژخایەنەکە دەتوانێت زەمینەی دروستبوونی چارەسەرێک بهێنێتە ئاراوە کە جێی پەسندی هەموو لایەنەکان بێ.

> چۆڵکردنی مەیدانی عێراق بۆ ئێران ئاکامی کارەساتباری دەبێت

### • بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق

عێراق دووەم گەورەترین بەرهەمێنەری نەوتی ئۆپێکە، لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیشەوە خاڵی بە یەک بەستنەوەی باکوور و باشووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بۆیەش پۆلاک عێراق بە فاکتەرێکی گرنگ لە ئابووریی جیهان دەزانێت، جەختیش لەوە دەکاتەوە بەهاری عەرەبی ئەو بۆچوونە باوەی رۆژئاواییەکانی رەتکردەوە کە تەنیا دەسەڵاتی دیکتاتۆری دەتوانێت سەقامگیری و ئاسایشی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بپارێزێت.

ماوەی نزیک سەدەیەکە عێراق چەندین کودێتا، سەرهەڵدانی نێوخۆیی و کوشتاری بە کۆمەڵ و شەڕی نێوخۆیی بە خۆیەوە بینیوە، توندوتیژییەکانی دەسەڵاتی سەدام حوسێنیش بەس نەبوون بۆ ئەوەی لە رێگەی تۆقاندنەوە جۆرێک لە سەقامگیری لە عێراقدا بەدیبهێنێ. هەوڵەکانی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق، بۆ قایمکردنی دەسەڵاتی تاکڕاوانەی خۆی لە عێراق بەهێزبوونەوەی قاعیدەی عێراق و دواجار داعشی لێکەوتەوە.

بۆیەش پۆلاک پێیوایە "ئارامی و سەقامگیریی عێراق پێویستی بە پلورالیزم، سیستەمێکی دیموکرات و سەروەری یاسا، شەفافییەتی ئیداری و دەسەڵاتی نوێنەرایەتی هەیە" کە هەم متمانە بە کۆمەڵگە جیاوازەکانی عێراق بدات و هەمیش گەشەی ئابووری و دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات گەرەنتی بکات، لەم سۆنگەیەشەوە لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە پێشنیاز دەکات "ئەمریکا دروستکردنەوەی عێراقێکی پلورالیستیی بکاتە ئامانجی خۆی، چونکە ئەمە تاکە رێگەی واقیعبینانەیە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراقێکی ئارام و سەقامگیردا پارێزراو بێ".

عێراق خاڵی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەمریکایە. کەم نین ئەوانەی عێراق بە پارێزگای ژمارە 32ی ئێران دەزانن. لە شەڕی عێراقدا زیاتر لە 4500 سەربازی ئەمریکی کوژراون، بەڵام ئەمڕۆکە ئێران خاوەنی یەکەمی عێراقە نەک ئەمریکا. هەوڵەکانی ئەمریکاش بۆ نزیککردنەوەی سیاسەتی خۆیان لەگەڵ ئێران لە عێراق شکستیان هێناوە. وەکوو لە راپۆرتی پەیمانگە ئەمریکییەکەدا هاتووە "ئێرانییەکان سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەسەر دوژمنایەتیکردنی ئەمریکا دارشتووە، بۆیەش سیاسەتەکانی ئێران لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەگەیەنن.

دەسەڵاتی ئێران لە عێراق، هاوپەیمانەکانی ئەمریکاشی لە ناوچەکە نیگەران کردووە کە لە وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل پێکدێن. هاوپەیمانەکانی ئەمریکا نیگەرانن لەوەی تاران خاکی عێراق وەکوو بنکەیەک بۆ دروستکردنی نائارامی و بشێوی لە هەموو ناوچەکە بەکاربهێنێت، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە هیلالی شیعە (کە لە تارانەوە بۆ بەرزاییەکانی جەولان درێژدەبێتەوە) بەناو عێراقدا تێدەپەڕێت. کێنیس پۆلاک جەخت لەوە دەکاتەوە جێهێشتنی عێراق و چۆڵکردنی مەیدان بۆ ئەوەی ئێران پڕی بکاتەوە "ئاکامی کارەساتباری دەبێت".

### • هاوکارییە ئەمنی و سەربازییەکان پاش داعش:

ئیدارەی ئێستای ئەمریکا پێیوایە کشانەوەی هێزەکانیان لە 2011 هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانەوەی شەڕی نێوخۆ و دەرکەوتنی داعش بوو. پۆلاک وێڕای پشتگیری کردن لەو بۆچوونە پێیوایە ئیدارەی کۆشکی سپی

> ئەگەر کورد جیاببێتەوە قورسایی عەرەبی شیعە زیاتر دەبێ

نابێ هەڵەی ئیدارەی پێشوو دووبارە بکاتەوە، بۆیەش پێشنیار دەکات لەپاش تێکشکاندنی داعش "ئەمریکا بەلایەنی کەم 10 هەزار سەرباز لە عێراق بهێڵێتەوە"، کە ئەرکیان زیاتر "سیاسی" و "ئاشتیپارێزانە" بێت تاوەکوو سەربازی، پێشیوایە ئەم ئەرکەی سوپای ئەمریکا دەتوانێت "رێگە لە سەرهەڵدانەوەی شەڕی نێوخۆ بگرێت... بە تایبەتیش لەو دۆخەی ئێستا کە حەشدی شەعبی هەن و هەموو کاتیش لەژێر فەرمانی بەغدادا کار ناکەن".

لە سەردەمی مالیکیدا سوپای عێراق بەسیاسی کرا و بەشێوەیەکی سیستەماتیک ئەو بەرپرسانەی لادا کە ئەمریکا دایناببوون و لە جێی ئەوان ئەو بەرپرسانەی دانا کە ئەمریکا لایدابوون. بەگوێرەی راپۆرتەکە، حزووری هێزەکانی ئەمریکا دەبێتە هۆ ئەوەی سوپای عێراق جارێکی دیکە بە سیاسی نەکرێتەوە، وەکوو چۆن لە 2012 هێزە ئەمنییەکانی عێراق وەکوو میلیشیای مالیکی، لەقەڵەم دەدران.

پێگە و پێناسەی حەشدی شەعبی یەکێک لە کێشانەیە کە لە چەند ساڵی داهاتوودا یەخەی عێراقییەکان دەگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو هێزانە بە یەکجاری دەبنە بەشێک لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق یان وەکوو کۆپییەکی سوپای پاسدارانی ئێرانیان لێدێت لە عێراق. پۆلاک پێیوایە ئەگەری دووەمیان ئەگەرێکی بەهێزە و کارەساتیش دەخولقێنێت و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاش بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکە بۆ وجوودی ئێرانییەکان و حیزبوڵڵا لە عێراق، کە هاوشان لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی درێژە بە مانەوەی خۆیان دەدەن.

توێژەرەکەی پەیمانگای دەستپێشخەری جەخت لەوەش دەکاتەوە کە هەموو سەرکردە سیاسییەکانی عێراق (بەوانەشەوە کە پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان لەگەڵ ئێران هەیە) لەسەر ئەوە کۆکن کە حزووری هێزەکانی ئەمریکا و بەردەوامی هاوکارییەکان نەک هەر بەسوودە، بەڵکو زەروریشە. بەڵام پۆلاک پێیوایە بۆ ئەوەی عێراقییەکان بتوانن ئەمریکا وەکوو ئەلتەرناتیڤێکی ئێران لە عێراق سەیری بکەن، پێویستە واشنتن سەرچاوەیەکی دارایی، دیلۆماسی و سەربازی زۆر بخاتەگەڕ.

### • هاوکارییە سیاسییەکان

ناکارامەیی سیاسی و ئیدارەی هۆکار و بزوێنەری سەرەکی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی عێراق بووە کە هەموو جارێک کێشەیان بۆ دەستکەوتە ئەمنی و سەربازییەکان دروستکردووە. بۆیەش پۆلاک پێیوایە ئەگەر "عێراق نەتوانێت سیستەمی سیاسییەکەی راست بکاتەوە، ئەوە هیچکام لە هەنگاوەکانی دیکە گرنگ نین"، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە "عێراقییەکان خۆیان بە تەنیا ناتوانن کێشە سیاسییەکانیان چارەسەر بکەن"، بەڵکو پێویستیان بە هاوکارییەکی دەرەکیی بەرچاو هەیە، تاکە وڵاتیش کە توانا و ویستی راستکردنەوەی کێشەکانی عێراقی هەبێت، ئەمریکایە.

عێراق وڵاتێکە هەم لەڕووی ئیداری و هەمیش لەڕووی روئیای داهاتووەوە تووشی چەند بەرەکی بووە. عەرەبە سوننەکان پێویستیان بەوەیە شار و شارۆچکەکانیان پاش شەڕی داعش ئاوەدان بکرێنەوە. هەروەها بۆ ئەوەی بتوانن متمانە بە بەغدا بکەن، پێویستە ئاشتەواییەکی سیاسیی راستەقینە ببینن. عەرەبە شیعەکانیش کە زۆرینەی عێراق پێکدەهێنن دەخوازن چاکسازنی سیاسی، ئیداری و ئابووری گەورە لە عێراقدا ببینن، تاوەکوو بتوانن بەو رەفاهییەتە بگەن کە لە 2003ەوە بەڵێنیان پێدەدرێ.

بەبۆچوونی پۆلاک لەم نێوانە کوردیش فۆکەسی خستووەتە سەر ئامانجی درێژخایەنی سەربەخۆیی و ئامانجی کورتخایەنی بەدەستهێنانی دەستکەوتی دارایی زیاترە لە بەغدا، بۆ ئەوەی کێشە ئابوورییەکانی خۆی پێ چارەسەر بکات.

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 2018 بەڕێوەدەچن، نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانیش وایکردووە هێزە عەرەبە سوننە و شیعەکانی عێراق لەبری تەرکیز لەسەر چاکسازی کرداری و چارەسەری کێشە سیاسی و ئیدارییەکان پڕوپاگەندە بۆ خۆیان بکەن. هەڵبژاردن ناکۆکیی نێوان هێزە عێراقییەکانی تۆختر کردووەتەوە و هەر کام لە هێزە عێراقییەکان فۆکەس دەخاتە سەر ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی.

پۆلاک پێیوایە بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە بنەڕەتییەکانی عێراق وادەخوازێت "ئەمریکا سیاسەتێکی نوێ بۆ عێراقی پاش داعش دابڕێژێت، بۆ ئەمەش دەبێت کۆمەڵێک ئامانجی درێژخایەن بۆ عێراقی پاش داعش دابنرێن کە ئەمریکا سیاسەتی خۆی لەسەر دابڕێژێ".

لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا پۆلاک ژمارەیەک ئەلەوییەتی هەنووکەیی (واتە شەش بۆ 12 مانگی داهاتوو) و ئەلەوییەتی درێژخایەن لە عێراق دەخاتەڕوو کە ئەمریکا دەبێت تەرکیزیان بخاتەسەر:

### • ئەلەوییەتە کورتخایەنەکان:

یەکەم: گەرەنتی ئەوە بکرێت کە هەڵبژاردنێکی پاک و ئازاد لە بەهاری 2018 لە عێراق بەڕێوەبچێت.

دووەم: پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانی لە نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعەدا دەستپێبکات، بۆ ئەوەی هەردوولا درێژە بە دانوستاندن بدەن، نەک ئەوەی هەر کام لە لایەنەکان بەجیا بەدوای چارەسەری کێشەکاندا بگەڕێت.

سێیەم: پرۆسەی دیاریکردنی دوایین پێگە و چارەنووسی کورد لە عێراق دەستپێبکات.

چوارەم: قەناعەت بە خەڵکی عێراق بهێنرێ کە چاکسازی لە سیستەمی ئیدارەی گەندەڵی عێراق و سیستەمە سیاسییەکەی شتێکی مومکینە.

### • ئەولەوییەتە درێژخایەنەکان:

یەکەم: لە پاش دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیی، ئەمریکا رۆڵی نێوبژیوان لە نێوان سەرکردە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراقدا بگێڕێت (بە تایبەتیش سەرکردە عەرەبە سوننە و شیعەکان).

دووەم: یارمەتی عێراقییەکان بدرێت بۆ ئەوەی چاکسازی لە سیستەمی ئیداری و سیاسی وڵاتەکەیان بکەن، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق کارامەتر بێت، لە لایەکەی دیکەوە دەبێت هاوکاریی حکومەتی عێراق بکرێت بۆ ئەوەی سیستەمی ئیداری وڵاتەکە بەرەو نامەرکەزی بچێت و دەسەڵاتی پارێزگاکان زیاتر بکرێت.

سێیەم: پاش دەستپێکردنی گفتوگۆکان لەنێوان کوردستان و عێراق، ئەمریکا چاودێریی دانوستاندنەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بکات، بۆ ئەوەی پێگە و چارەنووسی کورد یەکلا ببێتەوە.

> دەبێ ئەمریکا لانیکەم 10 هەزار سەرباز لە عێراق بهێڵێتەوە

> کوردستان خاڵی لاوازی عێراقە، نەک هێزێکی یارمەتیدەر



"جیابوونەوەی دۆستانەی کورد و عێراق کات، نیازپاکی و دیپلۆماسییەکی بنیاتنەری دەوێت، بەڵام ئێستا هیچکام لەمانە بەردەست نین" (فۆتۆ: AFP)

# قەڵەوی لەنێو منداڵانی کوردستان روو لەهەڵکشانە

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

قەڵەویی منداڵان بووەتە گرفتێکی گەورەی جیهانی، توێژینەوەکان دەڵێن لە منداڵانیشدا هاوشێوەی گەورەکان چەندین لێکەوتەی خراپی تەندروستیی دەبێت، لەسەر ئاستی جیهان 10 هێندە زیادی کردووە و پزیشکانی کوردستانیش هۆشداری دەدەن کە لە کوردستانیش روو لەزیادبوونە، داواش لە دایکان و باوکان دەکەن منداڵەکانیان لە قەڵەوی بپارێزن.

## قەڵەویی منداڵان گرفتێکی جیهانییە

توێژینەوەیەکی نوێ دەڵێ لە 40 ساڵی رابردوودا لەسەر ئاستی جیهان قەڵەویی منداڵان 10 هێندە زیادی کردووە و بەردەوام لە زیادبوونیشدایە، بە تایبەت لە وڵاتانی هەژار و مامناوەندی کیشوەری ئاسیا.

توێژەرەکان کە سەر بە کۆلێژی شاهانەی لەندەن و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانین، دەڵێن لە ئەمریکا و باکووری رۆژئاوای ئەورووپا ڕێژەی قەڵەویی منداڵان زیادی نەکردووە، بەڵام لەوێش ڕێژەکە هەر بەرزە.

ماجید عیززەت، سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا گوتی: "لە 40 ساڵی رابردوودا ژمارەی نەوجەوان و منداڵانی قەڵەو لە 11 ملیۆنەوە زیادی کردووە بۆ 120 ملیۆن کە زیاترە لە 10 هێندە".

بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، لە ساڵی 2016 دا لەسەر ئاستی جیهان 8%ی کوڕان و 6%ی کچان قەڵەو بوون، ئەوە لە کاتێکدایە لە ساڵی 1975 دا ڕێژەی قەڵەویی کچان و کوڕان کەمتر بوو لە 1%.

توێژینەوەکە دەریخستووە 213 ملیۆن منداڵ و نەوجەوان (لە تەمەنی 5-13 ساڵان) کێشیان لە ئاسایی زیاترە، ئەوان داوایان کردووە خۆراکی منداڵان لە قوتابخانە و ماڵەوە تەندروستانە بکرێ و هانی چالاکیی جەستەیی بدرێ، تاوەکوو ڕێگابگرین لە پەیدابوونی نەوەیەکی نوێ لە کەسانی پێگەیشتوو کە بەهۆی قەڵەوییەوە لە مەترسییەکی زۆری تووشبووندا بن بە شەکرە، نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە.



پزیشکێک:
کەمبوونەوەی چالاکی جەستەیی منداڵی ئێستا هۆکارێکی بەربڵاوی قەڵەوبوونە

## منداڵانی کوردستانیش قەڵەون

پزیشکێکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان دەڵێ لە کوردستانیش قەڵەویی منداڵان بە بەراورد بە پێشوو زیادی کردووە، بەڵام هێشتا هۆشیاریی خەڵک لە ئاستێکدا نییە ئەو منداڵانە ببەنە لای پزیشک کە کێشیان لە ئاسایی زیاترە.

د.کۆیان زاهیر، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان بە (ڕووداو)ی گوت: "لێرە تەنیا کاتێک بۆ چارەسەری قەڵەویی منداڵ داوای هاریکاریی پزیشک دەکرێ کە قەڵەوییەکە گەیشتبێتە ئاستێکی بەرز".

پزیشکە پسپۆڕەکە هۆشداری دەدات کە قەڵەویی منداڵان ڕێگە خۆشدەکات بۆ تێکچوونی باری تەندروستی و تەنانەت تووشبوون بە چەندین نەخۆشی "شەکرەی جۆری دوو، بەرزەپەستانی خوێن، نەخۆشییەکانی دڵ، پرخە و تێکچوونی خەو، لە هەندێک باریشدا نەخۆشیی جگەر و تێکچوونی باڵانسی هۆرمۆنی کە هۆکارێکی زوو باڵغبوونە".

سەبارەت بە چارەسەریش، ئەو پزیشکە دەڵێت: "سەرەتا بە باشکردنی شێوازی ژیان (باشکردنی شێوازی خواردن و زیادکردنی چالاکیی جەستەیی) چارەسەر دەکرێ و تەنیا ئەگەر ئەم ڕێوشوێنانە کاریگەرییان نەبوو، یان قەڵەوییەکە لە راددەبەدەر بوو، پەنا بۆ دەرمان و ڕێگەچارەی پزیشکیی دەبرێ".

## شێوازی ژیانی ئەمڕۆ ڕێگەخۆشکەرە

پسپۆڕێکی خۆراک دەڵێ شێوازی ژیانی ئەم سەردەمە ڕێگەخۆشکەرە بۆ قەڵەوبوونی منداڵان.

د.کامەران ژاژڵەیی کە پزیشکی نەشتەرگەرییە و 11 ساڵ ئەزموونی لە زانستی خۆراک و چارەسەری خۆراکیی قەڵەوی هەیە، دەڵێ ساڵ بە ساڵ ژمارەی منداڵانی قەڵەو روو لە زیادبوونە، بەو پێیەی خەڵک زیاتر و زیاتر بەرەو ژیانی مۆدێرن و رۆژئاوایی دەچن. "ژەمەکانی نەوەکانی جاران قەبارەیان گەورە و وزەی کەمیان تێدابوو، وەکوو سەوزە و میوە و دانەوێڵەکان، بەڵام ئێستا خەڵک پەنا بۆ فاستفوود و خۆراکە نوێیەکانی دیکە دەبەن کە قەبارەیان بچووک و پڕ وزەن، بۆیە تاوەکوو کەسەکە تێردەخوات بڕێکی زۆری وزە وەردەگرێ".

دکتۆر کامەران دەڵێ جاران خەڵکی زۆر کەم و لەکاتی دیاریکراو کێک و خواردنەوەی گازییانی دەخوات، بەڵام ئێستا خەریکە دەبێتە نەریتی رۆژانە و هەموویشی دەبێتە وزەی سەربار "خواردنی جاران پڕ ریشاڵی خۆراکیش بوون، بۆیە کەسەکە دەرنگتر برسی دەبووەوە، بەڵام ئێستا چونکە ریشاڵیان کەمە، زوو برسییان دەبێتەوە".

پزیشکەکە داوا دەکات لەنێوان ژەمەکاندا میوە بە منداڵان بدرێ نەک کێک و چیپس و شیرینی دەستکرد، چونکە میوە هەم پڕ ڤیتامینە و بۆ تەندروستیی باشە، هەم وزەیەکی کەمتر دەدات، کەچی ئەوانەی دیکە دروست پێچەوانەی ئەوەن.

## خۆراک تاکە هۆکار نییە

دکتۆر کامەران دەڵێ خۆراک تەنیا بەشێکی هۆکارەکانی قەڵەوییە و کەمبوونەوەی چالاکیی جەستەیی منداڵی ئێستا هۆکارێکی دیکەی بەربڵاویی قەڵەوییە "منداڵی جاران راکردن و خەتخەتێن و پاسکیلسوارییان دەکرد، کەچی منداڵی ئێستا خەریکی ئایپاد و مۆبایل و هاوشێوەکانیانن کە هیچ چالاکییەکی جەستەییان تێدا نییە".

بۆیە پسپۆڕەکەی زانستی خۆراک داوا لە خەڵکی دەکات کاتێک دیاری بۆ منداڵەکانیان دەکڕن، بیر لەوە بەکەنەوە پایسکیلێکیان پێشکەش بکەن نەک ئایپادێک!

داوا لە قوتابخانەکانیش دەکات گرنگیی بە وانەی وەرزش بدەن و ئەو منداڵانە خەڵات بکەن کە وەرزش و چالاکیی جەستەیی زۆرتر لە وانەکەدا ئەنجامدەدەن، بێ گوێدانە ئەوەی لە وانەکانی دیکەدا ئاستی چۆنە.

نەریتی خەوی ئێستاش هۆکارێکی ڕێگاخۆشکەرە. دکتۆر کامەران "جاران منداڵ شەوان زوو دەنووستن و بەیانی زوو هەڵدەستان و نانیان دەخوارد، کەچی ئێستا شەو درەنگ دەخەون و نزیکی نیوەڕۆ هەڵدەستن و نانی بەیانی ناخۆن، ئەمە هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ لە جەستەدا بەرزدەکاتەوە کە دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی چەوریی لە جەستەدا".



هونەر ڕێبوار

## کاسبی بۆ حکومەت دەکەی؟

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی رۆژهەڵات لە هەولێر ئێشکگر بووم، ژنە نەخۆشەکە هاتە ژوورەوە، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی دیاربوو کە ئاو بە لووتیەوە راناوەستێ و گوتی دکتۆر زۆر نەخۆشم، دەرمانێکی باشم بۆ بنووسە با لەم پەتایە رزگارم ببێت.

کە مێژووی نەخۆشییەکەیم لێپرسی، زانیم تەنیا پەتایەکی وەرزیی گرتووە و پێویستی بەوە نییە عەلاگەیەک دەرمانی بۆ بنووسی، بەڵام نەخۆشەکە چۆن قەناعەت بەم قسەیە دەکات؟

ژنەکە گوتی کە ئاو بە لووتیدا دێتە خوارەوە و تووشی کۆکە بووە، ئازاری زۆری جەستەی هەیە و تای لەگەڵە، گوتیشی هەموو گیانی دێشێت و قورگی دەزووڕێتەوە.

من ئەمە یەکەم نەخۆش و دوایین نەخۆشیشم نەبوو. لە سەرەتای وەرزی پاییزدا، کەم ماڵ هەیە کەسێک، زیاتر لە کەسێک یان هەموویان تووشی ئەم پەتایە نەبن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە نەخۆشییەکی زۆر سەختە.

لە زانستی پزیشکیدا کاتێک کەسێک تووشی پەتایەکی وەرزی و سەرمابوون دەبێت، ئەمە هۆکارەکەی ڤایرۆسە، نەخۆشەکە پێویستی بە وەرگرتنی دەرمانە دژەبەکتریاکان نییە بۆ چارەسەر. ئەوەی دەکرێت تەنیا لابردنی نیشانەکانیەتی.

بە نەخۆشەکەم گوت پێویستت بە پشوودانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین حەبێک بۆ ئازار و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی "تا" یەکەی بنووسین، بەڵام نەخۆشەکە ئاوا ئاسان رازی نەبوو! گوتی: "دکتۆر من ئەم هەموو ڕێگەیەم بڕیوە، بەمن دەڵێی ئیسراحەت بکە، دەتەوێت بەم چەند دەنک حەبە بمنێرییەوە ماڵەوە، چووبامە عیادەی کۆڵانەکەی خۆمان دەرمانی زیاتری دەدامێ".

من دەمزانی دوای ئەوەی چەندین جار سەردانی عیادە لاکۆڵانەکانی کردووە، ئاسان نییە کە رازی بکەم دەرمانی بۆ نەنووسم، هەروەها بۆم دەرکەوت ئەو کەسەی کاری بۆ کردووە لە عیادەیەکی لاکۆڵان، بەبێ جیاکردنەوەی پەتایەکی وەرزی لە هەوکردنێکی بەکتریایی، هەموو جارێک کۆمەڵێک دەرمانی پێفرۆشتووە، (هیچ کامیان سوودیان نییە بۆ نەخۆشییەکەی و دوای چەند رۆژێک بەرگریی جەستە دەتوانێت بەسەر ڤایرۆسەکەدا زاڵ ببێت و لەناوی دەبات).

کە گوتم ناتوانم دەرمانی زۆری بۆ بنووسم، بەتوورەییەوە گوتی: دەتەوێت بەم شێوەیە ماڵداری بۆ حکومەت بکەی؟ حکومەت مەعاشی زۆرتان دەداتێ ئاوای بۆ دەکەی؟، بۆ منی نانووسی بۆ حکومەت ئەو دەرمانانە هەڵدەگری؟".

بە پێکەنینەوە ویستم ئارامی بکەمەوە و گوتم: ئەوەی من دەیکەم ماڵدارییە بۆ تەندروستی تۆ، دەمەوێ جەستەت بپارێزم لە بەکتریا سەرسەختەکان، چونکە بەکارهێنانی ئەم هەموو دەرمانە وات لێدەکات لە داهاتوودا بۆ هەوکردنێکی ئاسایی، دەرمانەکان کار لە جەستەت ناکەن و ناتوانن بەکاتریاکان بکوژن بە ئاسانی. ناچار کاغەزی چارەسەرەکەی لێوەرگرتم و گوتی تۆ دەڵێی ئیسراحەت بکە، ماندووم مەکە بێنە بابچم دەرمانەکە وەربگرم، بەڵکو چاک ببم.

زۆر گرنگە نەخۆش ئەو کاتەی دێتە نەخۆشخانە بڕوای تەواوی بە پزیشکەکە هەبێت، چونکە ئەوەی پزیشکەکە دەیکات بە هەموو شێوەیەک بۆ بەرژەوەندی نەخۆشەکەیە، ئەو نە پرۆسە و نە دەرمانی زیاد بۆ نەخۆش نانووسێت، نە هیچ کاتیش نەخۆش پشتگوێدەخات و لە بێدەرمانیدا چارەسەرەکەی دوادەخات، تەنانەت ئەگەر دەرمانەکە لەنێو نەخۆشخانەکەش نەبێت، بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی نەخۆشەکە داوا لە کەسوکاری نەخۆشەکە دەکات لە دەرەوە بۆی ئامادەبکەن.

## خاڵە قاوەییەکانی توێکڵی مۆز دژی شێرپەنجەن

ڕووداو- DW

هەتاوەکوو توێکڵی مۆز زۆرتر خاڵی قاوەیی لەسەر دەربکەوێ، واتای ئەوەیە ماددەی دژە شێرپەنجەی زۆرتری تێدایە.

مۆز بە سەوزیی لێدەکرێتەوە و کە زەرد بوو واتای پێگەیشتن و ئامادەییەتی بۆ خواردن، بەڵام ئەگەر زۆرتر هەڵبگیرێ، پەڵەی قاوەیی لەسەر توێکڵی مۆزەکە دەردەکەون. هەندێک کەس وادەزانن دەرکەوتنی ئەو پەڵانە نیشانەی تێکچوون و نەخۆشیی مۆزەکەیە، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە پاش دەرکەوتنی ئەو پەڵانە مۆزەکە زۆرترین بڕی ماددەی دژە ئۆکسێن و دژە شێرپەنجەی تێدایە.

جۆرناڵی (ئەندەرگراوند هێڵس)ی ئەمریکایی دەڵێ دەرکەوتنی پەڵە قاوەییەکان واتای ئەوەیە مۆزەکە دەوڵەمەندە بە ماددەی Tumor Necrosis Factor کە بەشێوەیەکی سرووشتی پەلاماری خانە نائاسایی و شێرپەنجەییەکان لە جەستەدا دەدات و لەنێویان دەبات.





## دەکرێ بەبێ گرێ، شێرپەنجەی مەمکت هەبێ؟

ڕووداو- مێڵسکلۆم

کاتێک خانمێک هەست بە گرێیەک دەکات لە مەمکیدا، ترسی شێرپەنجەی مەمک دایدەگرێ، بەڵام هەم هەموو گرێیەک شێرپەنجە نییە و هەم نەبوونی هیچ گرێیەکیش نیشانەی ئەوە نییە کە شێرپەنجەی مەمکت نییە! توێژینەوەکان دەڵێن یەک لە شەشی ئەو خانمانەی شێرپەنجەی مەمکیان هەبووە، هەستیان بەهیچ گرێیەک لە مەمکیاندا نەکردووە:

**ئەمانە چەند نیشانەیەکی دیکەی شێرپەنجەی مەمکن، لە حاڵەتی نەبوونی گرێدا:**

1- گۆڕانی شێوە و قەبارەی مەمک بەروارد بە پێشتر
2- پووکانەوە و ڕۆچوونی پێستی مەمک.
3- ئازاری مەمک و گۆی مەمک.
4- گۆڕانی شێوەی گۆی مەمک: بۆ نموونە ڕۆچوون و بەناوداچوون.
5- سووربوونەوە، توێ هەڵدان و ئەستووربوونی گۆی مەمک و پێستی مەمک.
6- گۆڕانی پێستی مەمک بۆ شێوەیەکی گرنج گرنج.
7- هاتنی دەردراوی جگە لە شیر لە گۆی مەمکەوە.
8- گەرمبوونی مەمک و ئازار کاتێک بۆ خودپشکنین دەیگوشی.

## هەڵبژاردنی داهاتوو پەردە لەسەر مەترسییەکان هەڵدەماڵێ

# حەشدی شەعبی.. بۆمبە تەوقیتکراوەکەی داهاتووی عێراق


سوپای قودس لە چەند ساڵی داهاتوودا سەرقاڵی دامەزراندنی "تابووری پێنجەم" دەبێت لەناو حکومەت و هێزە چەکدارەکانی عێراقدا،

**ڕووداو- هەولێر**

لە سێ ساڵی ڕابردوودا، سەرهەڵدانی داعش دەستی سوپای قودس و پاسدارانی ئێرانی بەگشتی واڵا کردووە بۆ ئەوەی تۆڕی میلیشیا شیعەکانی عێراق و لەوێشەوە دەسەڵات و کاریگەریی خۆی بەهێزتر بکات، لە پاش ڕووداوەکانی کەرکووک، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە هاوکارییەکانی حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی تاوەکو کەی بەردەوام دەبێت؟ ئایا حکومەت عێراق توانای ئەوەی هەیە سنوورێک بۆ حەشد و دەستێوەردانی ئێران لە سیاسەتی نێوخۆی عێراق دابنێ، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە دوای کەوتنی داعش، عێراق جارێکی دیکە دەبێتەوە مەیدانی ململانێی ئەمریکا و ئێران.

### پەیوەندییەکانی حەشد و تاران

لە کۆی 67 هێزی میلیشیایی حەشدی شەعبی، 40 میلیشیایان پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵ سوپای قودس هەیە، گەورەترین ئەو گرووپانەش عەسایبی ئەهلی هەق، کەتایبی حیزبوڵڵا و ڕێکخراوی بەدرن کە سەرکردەکانیان پەیوەندی لەمێژینە و قووڵیان لەگەڵ فەرماندەکانی سوپای پاسداران هەیە. بە گوێرەی مەزندەکانی حکومەتی عێراق نزیکەی 120 هەزار چەکداری حەشدی شەعبی لە عێراقدا هەن، بەڵام لەو ژمارەیە تەنیا 90 هەزار چەکداریان ئەرکیان پێ سپێردراوە، لەکۆی ئەو ژمارەیەش 50 هەزار چەکداریان لەو ڕێکخراوانەدا بە فەرمانی سوپای قودس جموجۆڵ دەکەن.

لە تشرینی دووەمی 2017 دا پەرلەمانی عێراق یاسایەکی پەسەند کرد کە تێیدا حەشدی شەعبی وەکوو بەشێک لە هێزە سەربازییەکانی عێراق دەناسێ. بەپێی ئەو یاسایە و لەسەر کاغەز، حەشدی شەعبی هێزێکی ناسیاسی و ناتایفییە و بە جیا لە هێزە میلیشیاییە ناحکومییەکان کاردەکات.

بەڵام میلیشیا هەرە بەهێزەکانی ناو حەشدی شەعبی لەلایەکەوە سەر بە لایەنێکی سیاسی - مەزهەبین و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی لایەنە سیاسییەکانیانەوە پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ سوپای قودس هەیە. ئەم پەیوەندییە دوو لایەنەیە کاریگەریی گەورە لەسەر کەشی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە نیسانی 2018 دادەنێت و دەکرێت درزی گەورە لە نێوان گرووپە شیعەکانی ناو حەشد دروست بکات.

شیعەکانی عێراق یەکەم گرووپی غەیرە ئێرانی بوون کە بەدەم بانگەوازی "بەرگریی پیرۆز"ی خومەینییەوە چوون لە سەرەتای شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا. هێزە شیعەکان نەیانتوانی ڕژێمی سەدام برووخێنن، بەڵام هەر ئەو پەیوەندییانە هەلی بۆ سوپای قودس ڕەخساند تۆڕێکی گەورە لەناو گەنجە شیعەکانی عێراق دروست بکات کە دواتر لە ساڵانی 2003 بۆ 2011 بەشێک بوون لە پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی میلیشیا شیعەکان لەدژی هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق.

لە ساڵانی سەرەتای ڕووخانی بەعسدا، سوپای قودس بۆ داڕشتنی پلان و کۆکردنەوەی ئەندام پشتی بە بنکە و بارەگای هێزە شیعەکانی عێراق دەبەست، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ماڵی عەبدولعەزیز حەکیم یەکێک لەو شوێنانە بووە، بەڵام لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، دەرفەت بۆ سوپای قودس ڕەخسا تا بیر لە پێکهێنانی ڕێکخراوێک بکاتەوە کە ژمارەیەک لە گرووپە گەورەکانی میلیشیای شیعی لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە، بۆیەش یەکەمجار "ڕۆڵەکانی عێراق" و دواتر "حەشدی شەعبی" پێکهێنرا.

> لە کۆی 67 هێزی میلیشیایی حەشدی شەعبی، 40یان پەیوەندیی بەهێزیان لەگەڵ سوپای قودس هەیە

لە چەقی ئەو پلانە نوێیەدا پەیوەندی و هاوکارییە کۆنەکانی ئەبوو مەهدی ئەلموهەندیس و قاسم سولەیمانی (فەرماندەی گشتیی سوپای قودس) ڕۆڵی سەرەکییان بینی. موهەندیس خۆی بە "سەربازی حاجی قاسم" دەزانێ.

### حەشد و داهاتووی عێراق

سوپای پاسداران و سوپای قودس کە لقی چالاکییە دەرەکییەکانی ئەو هێزەیە، لە ڕۆژی یەکەمەوە بۆ دوو ئامانجی تەواوکەری یەکدی دامەزراون. سوپای پاسداران بۆ پاراستنی ئامانج و بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی "شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" و سوپای قودس بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە لە دەرەوەی ئێران. ویلایەتی فەقیه یان سەرکردایەتیکردنی جیهانی ئیسلامی بەشێکی سەرەکیی لەو ئامانجە پێکدەهێنێ.

وەکوو لە ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتووە، سەیر نییە کە لە دوای 2003 وە بیرۆکەی "کۆماری ئیسلامیی عێراق" و "پابەندبوونی بە ویلایەتی فەقیە" بەشێوەیەکی بەربڵاو بەر گوێ دەکەوێت، بەڵام تاران دەزانێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە ڕووبەڕووی بەربەستی گەورە دەبێتەوە، بە تایبەتیش لە ناو کۆمەڵگەی شیعەی عێراقییەوە. ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، یەکێکە لەو کەسە دیارانەی بە توندی دژی "ویلایەتی فەقیە"ە و دەسەڵاتی ڕەمزیی ئەوەشی هەیە بەرەنگاریی هەوڵەکانی ئێران بۆ ئاراستەکردنی سیاسەت لە عێراق بێتەوە. ئێرانییەکان دەزانن سیستانی ئەو سەرمایە ڕەمزییەی هەیە کە بتوانێت هەوڵی میلیشیاکانی سەر بە سوپای قودس بۆ دروستکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی لە عێراق لاواز بکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە دۆخێکی ئاوادا ئێران دەبێت لە نێوان سەقامگیری نێو ماڵی شیعەی عێراق و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لە ڕێگەی پشتگیریکردن لە هەندێک گرووپی ناو حەشدی شەعبی، یەکێکیان هەڵبژێرێت. چونکە "سەقامگیری و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق یەکێک لە ئامانجە ستراتیژییەکانی تارانە". دروستبوونی ناکۆکیی گەورە لەناو ماڵی شیعە لەلایەکەوە بە قازانجی سوننەکانی عێراق و گرووپە توندئاژۆکانە، لە لایەکی دیکەشەوە دەرفەتی ئەوە بە ئەمریکا دەدات لەناو ماڵی شیعەی عێراقدا هاوبەشی بەهێز بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

ژمارەیەک میلیشیای شیعە دەکرێت لە عێراقی پاش داعشدا بەربەستی گەورە بۆ ئامانجە فراوانخوازەکانی سوپای قودس دروست بکەن، لەوانەش سەرایای سەلام کە سەر بە موقتەدا سەدرە و لیوای عەلی ئەکبەر و فیرقەی عەبباس ئەلقیتالییە کە فەرمان لە کەسایەتییە مەزهەبییەکانی نەجەف و کەربەلا وەردەگرن، نەک سوپای قودس.

نیکۆلاس ئەی هۆراس، توێژەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە فرەڕەنگیی ئامانج و ئەجێندا سیاسییەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەتوانێت ڕێگە بۆ ململانێ و تەنانەت شەڕی نێوان هێزەکان لە قۆناغی دوای داعش خۆش بکات. حکومەتی داهاتووی عێراق و سیاسەتی نێوخۆیی عێراق لە چەند ساڵی داهاتوودا مەیدانی ئەو ململانێ توندەی ناو ماڵی شیعە دەبێت، ئەوە جگە لەوەی ئەم ململانێیە کاریگەری لەسەر بەهێزبوونەوەی سوننەکانی عێراق دەبێت کە سەدر هەوڵ دەدات لێیان نزیک ببێتەوە.

سوپای قودس لە چەند ساڵی داهاتوودا سەرقاڵی دامەزراندنی "تابووری پێنجەم" دەبێت لەناو حکومەت و هێزە چەکدارەکانی عێراقدا، ئەم هەوڵە دەکرێت ئاکامی پێچەوانەی بۆ سوپای قودس هەبێت، بە تایبەتیش ئەگەر یاریکەرە گەورەکانی وەکوو سەدر و سیستانی بیانەوێت لە ڕێگەی دژایەتی سیاسەتی تارانەوە خەتی سیاسی خۆیان جیابکەنەوە، ئەمەش لە لایەکەوە حکومەتی عێراق و بڕیارەکانی لاواز دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە درزی گەورە لە نێوان هێزە سیاسییە شیعەکان و کۆمەڵگەی شیعەی عێراقیدا دروست دەکات.

## پاش کەوتنی خەلافەت

# داعش ڕوو لە چالاکیی پارتیزانی و دیجیتاڵ دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) شاری ڕەققەی پایتەختی دیفاکتۆی داعشی کۆنترۆڵ کردەوە، بەوەش داعش دوایین ناوچەی شارنشینی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەدەست دا. لەدەستدانی شارەکان لەلایەکەوە پەیوەندیی داعش و بنکەیەکی جەماوەریی گەورە دەپچڕێنێ و لەلایەکی دیکەشەوە ئاماژەیەکی زەقە بۆ شکستی پڕۆژەی "دەوڵەت" کە هەر لە سەرەتاوە بیانوویەکی باش بوو بۆ ئەوەی داعش چەکداری پێ ڕابکێشێ.

### داهاتووی داعش پاش ڕووخانی "دەولە"

ساڵێک لەمەوبەر سەرکردەکانی دەوڵەتی ئیسلامی پلانی هێرشی پارتیزانییان داڕشت. پلانەکە هاوکات بوو لەگەڵ بچووکبوونەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش، داڕشتن و ڕاگەیاندنی ئەو پلانە دەریدەخات کە داعش زانیبووی درەنگ یان زوو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات، بۆیە دەبێ بیر لە پلانێکی دیکە بکەنەوە. ئارۆن زێلین، شرۆڤەکاری بزووتنەوە جیهادییەکان لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە "سەرەڕای لەدەستدانی شارەکان داعش کۆتایی نەهاتووە. داعش پلانێکی هەیە کە بریتییە لەوەی بۆ دوژمنەکانی خۆی لە ناوچەکە لەبۆسەدا بێت، کاتی بەدەستەوە دەبێت بۆ دامەزراندنەوەی تۆڕەکانی خۆی، بۆ ئەوەی لایەنگرانی خۆی هانبدات لە ناوچە دوورەدەستەکان چالاکی بکەن".

ڕووخانی دەسەڵاتی داعش هەناسەیەکی ئارامی بە بەری دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەهێناوە. ئەندرو پارکەر، بەرپرسی دەزگای هەواڵگریی (MI5)ی بەریتانی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هەڕەشەی هێرشەکانی داعش فرەڕەهەندە، بە جۆرێک هەم داڕشتنی پلانی هێرشەکان خێراتر بوون و هەمیش قەبارەی هەڕەشەکان بێ وێنەن".

ژەنەراڵ جۆزێف دانفۆرد، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا، ڕای وایە بچووک بوونەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش و شکستی پڕۆژەی دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای سیستەمی دادوەریی و یاسایی شەرعی متمانەی ئەندام و لایەنگرانی داعش بەو گرووپە کەم دەکاتەوە. دانفۆرد دەڵێت "شکست و لەدەستدانی ناوچەکان ویست و ئارەزووی شەڕ لە لای ئەندامانی داعش کەم دەکاتەوە".

کاتێک لە 2011 هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە، "دەوڵەتیی ئیسلامی عێراق (داع)" تەنیا 700 چەکداری هەبوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ئەو کات ئەمریکا پاداشتی ئاشکراکردنی شوێن یان کوشتنی سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوەی لە پێنج ملیۆنەوە بۆ 100 هەزار دۆلار کەمکردەوە، چونکە هەستدەکرا قاعیدەی عێراق چیدی مەترسییەکی جیدی بۆ سەر عێراق و جیهان دروستناکات. سێ ساڵ دواتر سنووری دەسەڵاتی ئەو ڕێکخراوە لە دەروازەی بەغداوە بۆ کەنارەکانی دەریای نێوەڕاست فراوان بووەوە.

بەڵام داعشی ئێستا زۆر لەو قاعیدەیە بەهێزترە کە لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە 2011 هەبوون. بە گوێرەی بەرپرسانی سوپای ئەمریکا، ئێستا داعش 6 بۆ 10 هەزار چەکداری لە عێراق و سووریا هەیە، واتە ژمارەیە چەکدارانی ئەو ڕێکخراوە 8 بۆ 14 بەرامبەری ژمارەی چەکدارانی قاعیدە لە 2011یە. بۆیەش دانیال بایمەن، توێژەر لە پەیمانگای بڕووکینگز، جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هێشتا زووە باس لە کۆتاییهاتنی داعش بکەین".

بایمەن پێشبینی دەکات داعش لەو ناوچانەی پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بوون تۆڕێکی ژێرزەمینی دروستبکات، ئەگەریش لەو کارەدا سەرکەوتوو بێت، ئەوە "ڕێگری دەکات لەوەی حکومەت و هێزە بیانییەکان بتوانن نەزم و ئارامی بۆ ناوچەکان بگەڕێننەوە و تۆڕەکانی داعش بەیەکجاری هەڵوەشێننەوە".

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا داعش تۆڕێکی گەورەی پڕوپاگەندەی ئۆنلاینی دروستکردووە، لەدەستدانی ناوچە جوگرافییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو تۆڕانە دانانێن. بەشێکی زۆری ئەو هێرشانەی لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کراون، لە لایەن کەسانێکەوە بوون کە پەیوەندییان لەگەڵ داعش تەنیا بە شێوازی ئۆنلاین بووە و هیچکات سەردانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشیان نەکردووە. بەشێکی زۆر لەو کەسانە وەکوو شانەی نوستوو یان "گورگی تەنیا"ی داعشن.

> "شکست و لەدەستدانی ناوچەکان ویست و ئارەزووی شەڕ لە لای ئەندامانی داعش کەم دەکاتەوە"

### ئەگەری گەڕانەوەی داعش

وەکوو زۆربەی بەرپرسانی ئەمریکیش باس دەکەن، قۆناغە سەختەکە لەدوای دەرکردنی داعش لە شارەکان دەستپێدەکات. لەو قۆناغەدا کۆمەڵێک ئەولەویەتی قورس دەکەوێتەسەر شانی هێزە هاوپەیمانەکان و هێزەکانی حکومی یان ناوچەییەکان. یەکێک لەو ئەولەوییەتانە پاراستنی ئاسایشی ناوچە ڕزگارکراوەکان و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە دوای دەرکردنی چەکدارانی داعش لە ناوچەکەدا دروستدەبێت.

بۆ ئەوەش دەبێت هێزی لۆکاڵیی جێگەی متمانە دروست بکرێت کە لەلایەکەوە توانای پاراستنی ناوچەکانیان هەبێت و لە لایەکی دیکەشەوە دەستیان بە خوێنی خەڵکی ناوچەکە سوور نەبووبێت. داعش لە قۆناغی دوای ڕوخانی "دەوڵە":دا چاوی لەسەر درزە ئەمنییەکانی ئەو ناوچانە دەبێت کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بوون. ئەزموونی پێش 2013ی عێراق دەیسەلمێنێ یەکێک لەو هۆکارانەی درزی ئەمنی گەورە دەدات بە ڕێکخراوە جیهادییەکان بریتییە لە ناکۆکی نێوان خەڵکی ناوچەکە و هێزە ئەمنییەکان.

ئەولەویەتی دووەم ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانە. ئەو خەڵکەی کە ئێستا بە دەرکردنی داعش دڵخۆشن لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەڕێنەوە ناوچە وێرانەکانی خۆیان. درەنگ کەوتنی خزمەتگوزارییەکان دەتوانێ هۆکارێکی دیکە بێت بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە جارێکی دیکە لەدژی هێزەکانی ناوچەکانی خۆیان هەڵگەڕێنەوە. ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە پێشتر قاعیدە و ئێستا داعش دەتوانێت بیقۆزێتەوە.

ئەولەوییەتی سێیەم ئاشتەوایی نیشتمانییە لە نێوان پێکهاتە ناکۆکەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکان. ناکۆکی نێوان پێکهاتە تایفی و مەزهەبی و هۆزەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی داعش دەتوانێت لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای لەدەستدانی ناوچەکان پشتی پێ ببەستێ، بۆ ئەوەی شانەکانی خۆی لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بپارێزێت و لەلایەکی دیکەشەوە کێشە بۆ سەقامگیرکردنی ڕەوشی ئەمنی و دەستپێکردنی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان دروست بکات.

دانیال بایمەن جەخت دەکاتەوە ئەگەرچی داعش تووشی شکستی سەخت بووە، بەڵام بۆ سەرکەوتنێکی درێژخایەن پێویستە ئەو کێشە و قەیرانانە چارەسەر بکرێن کە لە داهاتوودا داعش و گرووپە جیهادییەکان دەکرێت بیانقۆزنەوە. ڕەوشی نێوخۆیی عێراق و سووریاش دەیسەلمێنێ ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانان پشکی شێر لە هەوڵانە نەگرنە ئەستۆی خۆیان، ئەوە داعش دەتوانێت ئەو کەلێن و کەموکورتییانە بەکاربهێنێ کە بەهۆی شەڕی داعش و کاولکارییەکانەوە لە کۆمەڵگای عێراق و سووریادا دروست بوون و ئێستا بەردەوامن.

چارەنووسی ڕۆژئاڤا پاش کەوتنی ڕەققە

# ئەمریکا پشت لە هەسەدە دەکات؟

**ڕووداو- هەولێر**

دوو ڕۆژ دوای ئازادکردنی ڕەققە، پایتەختی دیفاکتۆی داعش، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ڕایگەیاند کە ئیدارەیەکی نوێ بۆ شارەکە دادەنێ، بەڵام ئەوەی لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەڤانییەکەی هەسەدەدا سەرنجی میدیاکانی ڕاکێشا، وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی بەندکراوی پەکەکە بوو، ئەوە لە کاتێکدا کە هیچ ئاڵا یان سیمبولێکی تایبەت بە هێزە عەرەبەکانی بەشدار لە هەڵمەتی ڕزگارکردنی ڕەققە بەرچاو نەدەکەوت.

خەڵکی ڕەققە کە ماوەیەکی درێژیان لەسایەی خەلافەتەکەی داعشدا گوزەراند، ئێستا نیگەرانن لەوەی هێزێکی کوردی دەست بەسەر ناوچەکەیاندا بگرێ. محەممەد ئەلموساری، دامەزرێنەر و چالاکڤانی گرووپی (ڕەققە دەکوژرێ)، بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "وێنەکان بە ئاشکرا دەریدەخەن کێ کۆنترۆڵی ڕەققە دەکات".

بەڵام نیگەرانییەکان سەبارەت بە دەسەڵاتی (هەسەدە) لە ڕەققە تەنیا لە سووریادا کورت نابێتەوە، بەڵکو لێکەوتەی ناوچەیی گەورەشی دەبێت. هێزەکانی سووریای دیموکرات لە تشرینی یەکەمی 2015 بە بڕیاری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزرا. ئەو هێزە ڕۆڵی چەتر بۆ هەموو ئەو هێزانە دەگێڕێ کە بە هاوکاریی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعشدا بەشدارن. تورکیا ئەو هێزانە بە بەشێک لە پڕۆژەی پەکەکە بۆ فراوانکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی لە باکوور و ناوەڕاستی سووریا دەزانێت، بۆ ئەوەی قووڵاییەکی ستراتیژی لەناو خاکی سووریا بەدەستبهێنن.

وێنەکانی ئۆجەلان دەکرێت پەیوەندیی ئەمریکا و تورکیا ئاڵۆزتر بکات، ڕۆژی هەینیی ڕابردوو بن عەلی یڵدرم، سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند کە هەڵواسینی وێنەکانی سەرۆکی پەکەکە لە ڕەققە "زیانی جدی بە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا دەگەیەنێ". بەبۆچوونی یڵدرم هاوکارییەکانی واشنتن بۆ هەسەدە و یەپەگە تەنیا هاوکاریی لەگەڵ پەکەکە نییە، بەڵکو "داهاتووی سووریاش دەخاتە مەترسییەوە".

پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ڕەققە، حکومەتی تورکیا هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی لەو هەڵمەتەدا یەپەگە و هەسەدە بەشداری نەکەن، بەڵام ئیدارەی ئێستای ئەمریکا دەیویست هەرچی زووتره مەترسیی چەکدارانی داعش لەسەر ناوچەکە لابدات، بۆیەش گوێی لە داواکارییەکانی ئەنقەرە نەگرت.

داعش ئێستا تەنیا 3%ی خاکی عێراقی لەدەستە و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لە سووریاش یەکجار بچووک بووەتەوە، بەڵام وەکوو پێشتریش چاوەڕێ دەکرا، شکستی داعش بە مانای زیندووبوونەوەی ململانێ و ناکۆکییە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. نموونەی ئەمە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە هێرشەکانی سەر کەرکووکدا بینرا، کاتێک سوپای عێراق، حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدراڵی بە هاوکاریی سوپای قودسی ئێران هێرشیان کردە سەر ئەو ناوچانەی لە کاتی هێرشەکانی 2014ی داعش، چۆڵیان کردبوون.

عودەی یەکێک لەو کەسانەیە کە لە کاتی هێرشەکانی داعش ئاوارەی تورکیا بووە، ئێستاش چاوەڕێ دەکات لە ڕۆژی خۆیدا بگەڕێتەوە ڕەققە. بەڵام بەبۆچوونی عودەی، هەڵکردنی سمبوڵەکانی پەکەکە "بێڕێزی بووە بە خەڵکی ناوچەکە، چونکە ئەمە پەیامێکە پێمان دەڵێت سروشتی شارەکە گۆڕاوە".

فەرماندەکانی یەپەگە دەڵێن خەڵکی ناوچەکە نابێت بەهۆی دانانی ئەو وێنانەوە نیگەران بن. میرڤان ڕۆژئاڤا، فەرماندەی یەپەگە لەمبارەیەوە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاند "لای ئێمە ئۆجالان بیریارە. ئێمە وەکوو فەیلەسووفێک سەیری ئۆجەلان دەکەین کە دیموکراسی بڵاودەکاتەوە، ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە پارتە سیاسییەکەی ئۆجەلان و هێزە چەکدارەکانی سەر بە پارتەکەی ئەوەوە نییە".

یەکێک لەو پرسیارانەی دوای تێکشاندنی داعش لە ڕەققە زەق بووەتەوە، ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی واشنتن و هێزەکانی ڕۆژئاڤای کوردستان چی بەسەر دێت؟ ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی کەرکووک و بێدەنگیی ئەمریکا لە ئاست هێرشی هێزە عێراقییەکان بە هاوکاریی سوپای قودسی ئێران زیاتر ئەو پرسیارەیان تۆخ کردووەتەوە کە ئایا ئەمریکا دوای تێکشکانی خەلافەتەکەی داعش، پشت لە کوردی ڕۆژئاوا دەکات یان نا؟

ئێستا حکومەتی سووریا زۆربەی سووریای کۆنترۆڵکردووەتەوە. بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، بەڵێنی داوە بەهاوکاریی ڕووسیا و بەتایبەتیش ئێران هەموو ناوچەکانی دیکەی سووریا کۆنترۆڵ بکاتەوە، لەوانەش ڕەققە و ئەو ناوچانەی دەکەونە نێو هەرێمی ڕۆژئاڤا. تاوەکوو ئێستا دیار نییە ئەمریکا تا چەندە ئامادەیە بەرەنگاریی ئەو نیازەی حکومەتی سووریا ببێتەوە.

بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا بە ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە پاراستنی ئەو ناوچانەی هێزەکانی سووریا دیموکرات ڕزگاری کردوون. لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا ئەمریکا دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سووری خستەخوارەوە کە بەنیاز بوون لە هێزەکانی سووریای دیموکرات بدەن.

شارەزایان پێیانوایە پشتگیری ئەمریکا لە هەسەدە و یەپەگە بۆ ماوەی چەند مانگی دیکە بەردەوام دەبن، بەڵام دوای ئەوە دیار نییە ئەمریکا چی دەکات. ئەندرو تەبلەر، شارەزای کاروباری سووریا لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە "سیاسەتی بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکان تاوەکوو کۆتایی هاتنی شەڕی دژی داعش بەردەوام دەبێت. بەڵام دیار نییە دوای ئەمە پرۆسە سیاسییەکە چی بەسەر دێ".

ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی ئیدارەی ترەمپ دانیان بەوەدا ناوە کە لە قەیرانی سووریادا قورسایی سیاسەتی ئەمریکا لەسەر هەنگاوی سەربازی بووە و هەنگاوە دیپلۆماتیکەکانی پشتگوێ خستووە .بۆیەش ئێریک ڕۆبینسن، شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەزگای (RAND)، بۆچوونی وایە کە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتیی بەسەرکردایەتی ئەمریکا "ئامادەگی پێویستی بۆ قۆناغی پاش تێکشاندنی داعش نییە".

ئەندامانی ئەنجوومەنی ئیداریی ڕەققە سوورن لەسەر ئەوەی پاش ڕزگارکردنی ڕەققە ئامادە نین ئیدارەی ئەو شارە ڕادەستی هیچ لایەنێک، لەوانەش حکومەتی سووریا، بکەن. نەزمی محەممەد، ئەندامی ئەنجوومەنەکە، بە (تایمز)ی ئەمریکی گوتووە "پلانی لەو جۆرەمان نییە. ئێمە لە ڕژێم ناترسین، خۆ ڕژێمی سووریا لە داعش بەهێزتر نییە". بەڵام لە دوای تێکشاندنی داعش ژمارەیەک هاوکێشەی نوێ دێنە ئاراوە کە دەکرێت کاریگەریی گەورە لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر هێزەکانی سووریای دیموکرات و چارەنووسی حکومەتی سووریا دابنێن، لەوانەش پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا، هەنگاوە هاوبەشەکانی ئەمریکا و ڕووسیا بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕووسیا، ئێران و سووریا.



وێنەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ڕەققە نیگەرانی عەرەبی سوننە و تورکیای بەدوای خۆیدا هێنا

(فۆتۆ: AFP)

کاتالۆنییەکان: ئەوەکودێتای دەستوورییە

# مەدرید "مادەی ئەتۆمی" لە دژی کاتالۆنیا بەکاردێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

تەنیا سێ هەفتە بەسەر گشتپرسیی سەربەخۆیی کاتالۆنیادا تێپەڕیوە، بەڵام هەر ئەم ماوە کورتە بەس بووە بۆ ئەوەی ئیسپانیا بگەڕێتەوە قەیرانەکانی 1977. ڕۆژی شەممەی ڕابردوو 21ی تشرینی یەکەم حکومەتی ئیسپانیا بڕیاری دا دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیی کاتالۆنیا هەڵبوەشێنێتەوە و مەدرید ڕاستەوخۆ دەسەڵاتەکانی ئەو هەرێمە بگرێتە دەست.

ماریانۆ ڕاخۆی، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا، لە دوای کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لەگەڵ کابینەی حکومەتەکەی، ڕایگەیاند مادەی 155ی دەستووری ئیسپانیا بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی "دەسەڵاتی یاسا، پێکەوە ژیان و چاکسازیی ئابووری" بگەڕێننەوە. ڕاخۆی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا بە یاخیبوون و سەرپێچییەکی سیستەماتیک لە یاسا تۆمەتبار دەکات. بڕیار وایە دەسەڵاتی دامەزراوە و وەزارەتەکانی کاتالۆنیا بە دامەزراوە و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ئیسپانیا بسپێردرێت. کارمێ فۆرکادێل، سەرۆکی پەرلەمانی کاتالۆنیا ئەم هەنگاوەی حکومەتی ئیسپانیای بە "کودێتا" ناوبرد.

## مادەکە چی دەڵێت؟

مادەی 155 بە "مادەی ئەتۆمی" ناسراوە، لەبەر ئەوەی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە دەشێت سیستەمی سیاسی و ئیداریی ئیسپانیا تووشی قەیرانی گەورە بکات. ئەو مادەیە لەسەر بنەمای مادەیەکی دەستووری فیدراڵیی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا نووسراوە.

شارەزایانی یاسایی پێیانوایە مادەکە کۆمەڵێک کێشەی تێدایە، یەکێک لە کێشەکانی ئەوەیە دیاری نەکردووە حکومەتی ئیسپانیا چۆن دەسەڵاتەکانی هەرێمێک وەربگرێتەوە. کێشەیەکی دیکەی مادە دەستوورییەکە ئەوەیە دیاری نەکردووە ئەگەر دەسەڵاتی هەرێمەکە بەرەنگاری هەنگاوەکەی حکومەتی ناوەندی بووەوە، مەدرید چی پێدەکرێ؟

ئیسپانیا 17 هەرێمی هەیە، ئەوە یەکەمجارە حکومەتی ناوەندی بە کردەوە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی حکومەتی ناوەندی هەرێمێک سڕ بکات. ڕاخۆی یەکەم سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیایە پەنا بۆ مادەی 155 ببات کە بۆ "پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەل" دانراوە.

ڕاخۆی ئامادە نەبوو باسی ئەوە بکات کە مادە دەستوورییەکە چۆن جێبەجێ دەکات، بەڵام گوتی "ئێمە کۆتایی بە ئۆتۆنۆمی کاتالۆنیا ناهێنین، بەڵام دەسەڵات لەو کەسانە دەستێنینەوە کە پێچەوانەی یاسا جووڵاونەتەوە".

ڕاخۆی پێداگری لەسەر ئەوەش کرد کە ڕێگە بە حکومەتی کاتالۆنیا نادات هەڵبژاردن بکات و هیواخوازە ئەو هەڵبژارنە هەرێمییە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا بە چاودێریی حکومەتی ئیسپانیا بکرێ. ئەگەر کاتالۆنیا بتوانێت لە ماوەیەکی نزیکدا هەڵبژاردنی هەرێمی بکات، ئەوە ناکرێت کار بە مادەی 155 بکرێت، چونکە دەسەڵاتێکی نوێ هاتووەتە سەر کار.

بۆ جووڵاندنی مادەی 155 حکومەتەکەی ڕاخۆی دەبێت چاوەڕێی دەنگی ئەنجوومەنی پیرانی ئیسپانیا بکات. بڕیارە هەینی داهاتوو ئەنجوومەنی پیران کۆببنەوە و دەنگ لەسەر ئەو پرسە بدەن. ئەگەر پیرانی ئیسپانیا ئەو داوایەی حکومەتی ئیسپانیا پەسەند بکەن، ئەوە حکومەتی ئیسپانیا مافی ئەوەی دەبێت کەرتی دارایی، پۆلیس، میدیای حکومی، دامودەزگاکانی پەیوەندی و تەلەفۆن بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و بۆ ماوەی شەش مانگیش دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کاتالۆنیا سڕ بکات.

## هەڵوێستی کاتالۆنیا چییە؟

لێدوانەکانی بەرپرسانی حکومەتی ئیسپانیا کاردانەوەیەکی توندی لە لای بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا دروستکرد. شەوی شەممە کارلیس پۆژیمۆنت، سەرۆکی هەرێمی کاتالۆنیا، گوتارێکی بە سێ زمانی کاتالۆنی، ئیسپانی و ئینگلیزی پێشکەش کرد و گوتی لە کاتی مردنی ژەنەراڵ فرانکۆوە ئەوە خراپترین هێرشە بۆ سەر دامەزراوەکانی کاتالۆنیا. فرانکۆ لە ساڵی 1939 بۆ 1975 دەسەڵاتی ئیسپانیای لەدەست بوو، یەکەم هەنگاوی فرانکۆ هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کاتالۆنیا بوو.

پۆژیمۆنت گوتی: "ئێمە ناتوانین ئەم هێرشانە قەبووڵ بکەین، ئەوانەی سووکایەتییان بە کاتالانەکان دەکرد، ئێستا دەیانەوێت حوکمی ئێمە بکەن. داوا لە پەرلەمانی کاتالۆنیا دەکەم بڕیاری خۆی بدات لەبارەی چۆنێتی وەڵامدانەوەی ئێمە بەرامبەر بەم هێرشانەی سەر دیموکراسی". گوتارەکەی پۆژیمۆنت لە کاتێکدا بوو کە ڕۆژی شەممە 450 هەزار کەس لە خەڵکی کاتالۆنیا ڕژانە سەر شەقامەکانی بارسیلۆنا و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ بڕیاری دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی مەدرید بەسەر هەرێمەکەی خۆیاندا ڕەتکردەوە.

لە هەڵبژاردنی گشتیی ئیسپانیادا، تەنیا 8.5%ی دەنگدەرانی کاتالۆنیا دەنگیان بە پارتەکەی ڕاخۆی، واتە پارتی گەل، دابوو. بەرپرسانی کاتالۆنیا پێیانوایە حکومەتی ئەو پارتە ناتوانێت دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەسەر کاتالۆنیادا هەبێت، لەبەر ئەوەی زیاتر لە 90%ی دەنگدەرانی هەرێمەکە دەنگیان بە پارتەکانی دیکەی ئیسپانیا و کاتالۆنیا دابوو.

بەڵام پرسی سەربەخۆیی کاتالۆنیا زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئیسپانیا و پاشای ئیسپانیاشی والێکردووە پشتگیری لە هەنگاوەکانی ڕاخۆی بکەن. جگە لەمە لە کۆبوونەوەکەی هەفتەی پێشووی ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەورووپا، سەرکردەکانی وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە پشتگیریی خۆیان بۆ یەکپارچەیی خاکی ئیسپانیا دەربڕی.

هەر بۆیەش سەیر نییە بەشێک لە گوتارە تەلەفزیۆنییەکەی شەوی شەممەی پۆژیمۆنت ڕووی لە سەرکردەکانی یەکێتیی ئەوروپا بوو. پۆژیمۆنت گوتی "بەها بنەڕەتییەکانی ئەوروپا لە مەترسیدان، ئەوە تاوان نییە کە نەتەوەیەک بەشێوازێکی دیموکراتیک بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات".

چەند هەفتەیەک بەر لە دەستپێکردنی گشتپرسییەکەی کاتالۆنیا، حکومەتی ئیسپانیا کۆمەڵێک هەنگاوی توندی گرتنەبەر، لەوانەش دەستگرتن بەسەر فۆرمەکانی دەنگدان، دەستگیرکردنی چالاکڤانان و لایەنگرانی بیرۆکەی گشتپرسیی و سەربەخۆیی کاتالۆنیا. لە ڕۆژی گشتپرسییەکەی یەکی تشرینی یەکەمیشدا مەدرید ژمارەیەک زۆر پۆلیسی تایبەتی ڕەوانەی هەرێمەکە کرد بۆ ئەوەی دەرگای بنکەکانی دەنگدان دابخەن و ڕووبەڕووی دەنگدەران ببنەوە.

لە گشتپرسییەکەی سەرەتای ئەم مانگەدا زیاتر لە 90%ی دەنگەکان "بەڵێ" بوون بۆ دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆیی کاتالۆنیا، بەڵام ڕێژەی بەشداریی لەو گشتپرسییەدا تەنیا 43%ی ئەوانە بوو کە مافی دەنگدانیان هەیە.

چاکسازیی دەستووریی ساڵی 1978 بە تایبەتی بۆ ئەوە بوون کە خەونی سەربەخۆیی لای دانیشتووانی هەردوو هەرێمی کاتالۆنیا و باسک کاڵ بکەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی نەگوترێت پێگەیەکی تایبەتی بەو دوو هەرێمە دراوە، 15 ناوچەی دیکەی ئیسپانیاش کە هەندێکیان هیچ کێشەیەکی شوناسی و سیاسییان نییە، هەمان مافیان پێدرا. شارەزایانی یاسایی پێیانوایە حکومەتی ئیسپانیا دواجار تووشی ئەو ڕاستییە بووە کە یان دەبێت مافی تایبەتی و فراوانتر بەو دوو هەرێمە بدات، یان ئەوەتا چاکسازییەکی بنەڕەتی لە دەستووردا بکات و دەسەڵاتی هەموو هەرێمەکان فراوانتر بکات.



(فۆتۆ: AFP)



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئەم دۆخە چۆن تێپەڕێنین؟

هیچ کاتێک لە چرکەساتی شەڕ و کارەساتەکاندا ئەوە ناسەلمێ کە کێ لەسەر حەقە و کێ ناحەق، بەڵکوو لە شەڕدا بە کاولکاری و بەسوتماکبوونی مرۆڤەکان ئەوە دەسەلمێ کە کێ دەمێنێتەوە. بۆیە لێکۆڵینەوە و شەنوکەوکردنی هەق و ناهەق، هۆکارەکانی دروستبوونی شەڕ و ئەگەرەکانی خۆلادان لێی دەبێ بهێڵدرێتەوە بۆ دوای شەڕەکان و ئەوکات ئەرکی خەڵکانی پسپۆڕ و توێژەرانی شارەزای مێژوو، هەروەها ئەرکی لێکۆڵەرەکانە، ئەوەمان بە دروستی بۆ بەرنە مێژوووە کە ئەوەی لە ئۆکتۆبەری 2017 لە کوردستان رویدا چی بوو.

ئەوەی بۆ ئێستا گرنگە راگرتنی شەڕە، بۆ ئەوەی کورد واتەنی زەرەر لە نیوە بگەڕێتەوە، کەواتا ئەرکی هەرە لەپێشی ئێستای هەرکەسێک کە خەمی ئایندەی میللەتەکەیەتی، هەوڵدانە بۆ راگرتنی ئەو شەڕەی کە بەرۆکی میللەتەکەمانی گرتووە. چونکە لەبەر زۆر هۆکار لە هەلومەرجێکی وەک ئێستای کوردستاندا شەڕێکی نابەرابەرە، ئەنجامەکەشی روونە بە شکستی زیاتری خەڵکی کوردستان و لەدەستدانی زیاتری خاک و ئەو دەستکەوتانە تەواو دەبێت کە سەدەیەکە میللەتەکەمان قوربانی لە پێناویاندا بەخشیوە. بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بە جەستەیەکی بریندار و رۆحێکی شەکەتەوە لە گۆڕەپانەکە بمێنینەوە، پێویستمان بە ئارامبوونەوەی ئەو دۆخە ئاڵۆزەیە کە ئێستا لەناویدا دەگوزەرێین، دۆخێکە هیچکام لەوانەی بەشێکیشن لە خولقاندنی، نازانن ئەنجامەکانی چۆن دەبێت.

لە رووکەشدا ئەوەی روودەدات لە نێوان بەغدا و هەولێرە، بەڵام خوێندنەوەی پشتەوەی ئەم رووداوانە پێمان دەڵێت یارییەکە زۆر لەوە گەورەترە، ئەو هاوپەیمانێتیە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەی لەپشتەوەی ئەم شەڕەوە دەبینرێت، ئامانجگەلی زیاتریان هەیە لەوەی تەنها بۆ کشانەوەی هەرێمی کوردستان بێت بۆ پێش جەنگی داعش، یاخود بۆ پێش 2003 . چونکە رێگاکانی کشانەوەی هەرێم یاخود لاوازکردنی پێویستی بەو گەلەکۆمە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییە نەبوو، ئەوەی کراوە خوێندنەوەی مەترسی و هەڕەشەی زیاتری لێدەکرێت کە ئامانجەکە پیلانێک بێت بۆ کورد بەشێوەیەکی گشتی و دوای هەرێمی کوردستان پێگەی کوردی رۆژئاوا و ئەو دەستکەوتانەی ئەوانیش بخرێتە مەترسییەوە.

ئێران لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا پشتیوانی لە هێزێکی سیاسی دەکات کە لانیکەم پێی وابێت نابنە مەترسی بۆ بەرژەوەندییەکانی، لە باکوور پشتیوانی لە پەکەکە دەکا، لە رۆژئاوا لە پەیەدە و لە باشوور لە یەکێتی، تورکیاش هەرسێکیان بە مەترسی لەسەر خۆی دەبینێت، ئێستا تورکیا و ئێران وەکو یەک، بەڵام بە رۆڵگێڕانی جیاواز بەشێکن لەوەی دەگوزەرێت. ئەمریکا و ئێران وەک دوو ناکۆک و نەیاری یەکتری، ئەوانیش بە بینینی رۆڵی جیاواز، بەڵام هەردووکیان بەشێکن لەوەی بەسەر کوردستان دەهێنرێت. تەنانەت ئەو دابەشکارییەی لەناوخۆی کوردستان و لەناو خودی هێزەکانیش بەدی دەکرێت، هەمووی پەیوەندی بە هەڵوێستی سیاسی و جیاوازیی تێڕوانین و جۆری مامەڵەکردنەوە نییە لەگەڵ کێشەکان، ئەوەندەی گومانی ئەوە دەکرێت وەکو ئامراز رۆڵیان بەسەردا دابەشکرابێت بێ ئەوەی خۆشیان بزانن چی دەکەن و بۆ ئەوە دەکەن.

لە دۆخێکی وەهادا هەستیارانە مامەڵەکردن بۆ هێورکردنەوە و نیشتنەوەی تەپوتۆزی رووداوەکان کارێکی گرنگە، لانیکەم بۆ تێگەیشتن لەوەی چی دەگوزەرێت، تا بە بەرچاوێکی روونترەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکانی بکرێت. ئێستا ئەوە روونە کە شکستێکی گەورەی سیاسی و سەربازی و جیۆپۆلیتیکی بەسەر کوردستاندا هێنراوە، بەڵام هێشتا روون نییە ئەم شکستە لەم دۆخەدا لە کوێ تەواو دەبێت. ئایا رێگەی سەربازیی زیاتر دەگرنەبەر بۆ بچووککردنەوەی زیاتری کوردستان، یاخود ئەو بەشەی تری بە رێگەی گفتوگۆ و لەرێگەی فشارە دەستووری و یاساییەکانەوە تەواو دەکرێت. هەرچەندە مەعلومە بە شەڕ و بە ئاشتی بەغدا یەک ئامانجی هەیە و لە حاڵێکی وەک ئێستادا رەنگە شەڕ بۆ بەغدا رێگە ئاسانەکە بێ، بەڵام بۆ ئێستای کوردستان شەڕ رێگە هەرە مەترسیدارەکەیە، کەواتا پێویستە کوردستان وا بکات دەرگاکانی شەڕ لەسەر خۆی دابخات و بکەوێتە گفتوگۆ، کە سەر مێزی گفتوگۆش بۆ کورد هەر نابەرابەرە، بەغدا لەوپەڕی بەهێزی و کوردستانیش لەوپەڕی لاوازیدایە.

ئەگەر کوردستان بتوانێت رێگەکە بە بەغدا بگۆڕێت لە شەڕەوە بۆ گفتوگۆ، ئەگەرێکی باشە بەوەی تێپەڕینی کات یارمەتیدەر بێت بۆی، بەڵام ئەگەر بەغدا بتوانێ بە پاساو و بیانووەکانی وا بکات هەولێر دەرگای گفتوگۆ دابخات، شەڕەکە بە قازانجی بەغدا تەواو دەبێت. چونکە ئێستا هەولێر بەتەنیایە، بۆیە حەق وایە بێ گوێدانە نیگەرانی و ناکۆکییەکانی رابردوو، هەموو لایەنە سیاسییەکان و دەستەبژێرانی سیاسی و رووناکبیرانی کورد پێکەوە لەخەمی تێپەڕاندنی ئەم بارە دژوارەدا بن.

ئەوەی ئێستا گرنگە لە خەمی تێپەڕاندنی ئەم مەترسیانەدا، هەڵوێستی پارتیە، ئایا پارتی ئەو غروورە سیاسیەی ساڵانی رابردوو بەریداوە، یان هێشتا هەر مەستی سەرکەوتنەکانێتی بەسەر هێزە سیاسییە ناوخۆییە رکابەرەکانیدا؟ لەژێر گوشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەهۆی هەندێ بەرگریی پێشمەرگە وەک ئاماژەیەکی مەترسیدار بۆ جەنگێکی خوێناوی، بەغدا ئامادەیی دەربڕیوە بۆ گفتوگۆ. بەڵام مەیلێک لە بەغدا و لە کوردستانیش هەیە بۆ جۆرێکی تر مامەڵەکردن لە بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان و خەریکە دەبێتە مەرجی پێشوەخت بۆ رێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردی و پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان هەولێر و بەغدا، ئەویش گۆڕینی ئەم حوکمڕانیەی ئێستای کوردستانە بە حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی بەشێوەی کاتی تا هەڵبژاردنی داهاتوو.

حکومەتی رزگاری نیشتمانی، بەمەرجێ خەڵکی بێلایەن یان خەڵکانی ناو گۆڕان یان یەکێتی واجیهەی بن، پێموایە یارمەتیدەرێکی زۆر گەورەیە لە کەمکردنەوەی زیانەکان بۆ خەڵکی کوردستان. ئەویش بەپلەی یەکەم وا دەکات هەموو هێزە سیاسییەکان پێکەوە بکەونەوە بەرەیەک لە رووبەڕووبوونەوەی بەغدا، هەروەها ئەگەر بەشێوەی کاتییش بێ، ئاڵۆزییەکان رادەگرێت کە کوردستان زۆر پێویستی پێیەتی. تا ئەندازەیەکیش زەمینە خۆش دەکات بۆ هاوپەیمانێتی تازە لە ناوخۆی کوردستان و تەنانەت گۆڕانکاری لەو هاوپەیمانێتییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەش کە دروست بووە. هەروەها هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هاوبەش دروست دەکات لەنێوان هەموو هێزە سیاسیەکاندا لە رووداو و پێشهاتەکانی داهاتوو، بەتایبەت کە هەرێمی کوردستان لەدوای ئەم رووداوانەی ئێستاوە تووشی تەنگژەی دارایی و سیاسیی زیاتر دەبێت، کێشەی یاسایی زۆری لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەو بانک و کۆمپانیایانە بۆ دروست دەبێت کە پارەیان داوە بە هەرێمی کوردستان. جگە لەوەی ناکۆکی و ناتەباییە ناوخۆییەکانی کوردستانیش پێویستی بە رێکخستنەوە هەیە. هەموو ئەمانەش لەو رێگەیەوە دەستپێدەکات کە پارتی مل بدات بۆ کۆمەڵێ ئاڵوگۆڕ لە کوردستان، بەمە هەم خۆی و هەم میللەتەکەش لە کۆمەڵێک هەڕەشەی دیکە دەپارێزێت. ئەگەر هەر بەو غرووره سیاسییەی جارانیشەوە مامەڵە بکات، ئەوە سەری خۆی و کوردستانیش دەخوات.

> ئەگەر بەغدا بتوانێ بە پاساو و بیانووەکانی وا بکات هەولێر دەرگای گفتوگۆ دابخات، شەڕەکە بە قازانجی بەغدا تەواو دەبێت



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# با کۆرپەلە و سەتڵەچڵکاو پێکەوە تووڕهەڵنەدەین!

ئەوە شتێکی سەیر و چاوەڕواننەکراو نەبوو کە سەربەخۆییخوازیی کورد لەناو پاشاگەردانیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەگەڵ ئەجندای سیاسیی دەوڵەتانی ناوچە و تەنانەت زلهێزە بەناو دیمۆکراتیکە جیهانییەکانیش ناکۆک و ناتەبا بێ. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی دەوڵەت-سەنتەری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیش، وێناکردنی دۆخێکی ئایدیاڵ کە تێیدا کورد بتوانێ بە کەمترین تێچوون بەرزترین خەون و مافی نەتەوەیی خۆی وەدی بهێنێ، لە خۆشخەیاڵی واوەتر ناچێ (هەرچەندە گومان لەوەدا نییە ئەگەر ناوماڵی کورد گردوکۆ بووایە، کورد دەیتوانی باشتر بەرگەی پاشلەرزەکانی پەیامی ڕێفراندۆم بگرێت).

ئەو ئیحراجییە عێراقی، ناوچەیی و بگرە جیهانییەش کە ڕێفراندۆم دروستی کرد، هی ئەوە نەبوو کە - بەپێچەوانەی لافی دەسەڵاتدارانی بەغدا — ڕێفراندۆم کردەیەکی ناشەرعی بووبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە؛ ئەوان و هەموو ئەوەکانی تریش، بۆیە وا لە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم دەسەڵمینەوە و ئێستاش بە ئاکامەکەی قەڵسن، چونکە هەموو لایەک لە بنەمای بەهێزی ئەخلاقی و مەشروعیەتی دیمۆکراتیکی بڕیارێک دڵنیان کە پشت بە ڕێفراندۆم ببەستێ. ڕێفراندۆم کاراترین مێکانیزمی دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆیە. لەهەمووشی مەترسیدارتر — بێگومان لە ڕوانگەی ئەوانەوە - ئەوەیە کە دەنگی "بەڵێ" لە ڕێفراندۆمی کوردستاندا، مەجالی بۆ هیچ مانۆڕدانێک لەسەر ئەوەی خەڵکی کوردستان چی دەوێ و چی ناوێ، نەهێشتەوە. کورد بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا، بە مەشروعترین شێواز، مەشروعترین داوای خۆی بەگوێی دنیادا دا.

ئەوانەی بەزەبری هێز داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی ڕێفراندۆم دەکەن، لەبەرئەوەیە کە هیچ ڕێگەیەکی لۆژیکییان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئاکامی ڕێفراندۆمەکە و بایەخی ستراتیژیکی پەیامەکەی، پێ شک نایەت. ڕاستە ئێستا کۆسپی گەورە -بەڵام کاتی - هاتوونە ڕێی وەدیهاتنی ئامانجەکانی ڕێفراندۆمی 25 ی سێپتەمبەری کوردستان (دەڵێم کۆسپی کاتی، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام ئاوسە بە گۆڕانکاریی گەورە و چاوەڕواننەکراو، بۆیە لەهەناوی هەر نسکۆیەکی سیاسیشدا دەشێ گەرای هەستانەوەیەکی نوێ ئامادە بێت). بەوەشەوە دوو ڕاستیی هەنووکەیی هەن، کە شیاوی حاشالێکردن نین:

یەکەم، هیچ سەرکوتێک - وەک چۆن لە ڕابردوودا نەیتوانیوە، ئێستا و لە داهاتووشدا- ناتوانێ خولیای سەربەخۆیی لە ناو کورددا ڕیشەکێش بکا، بۆیە بیرکردنەوە لە هەر چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ بارودۆخی ئێستا، بێ مشوورخواردن لەم پرسە بنەڕەتییە، تەنیا پووشبەسەرکردنی ئەسڵی کێشەکە و خۆدزینەوە لە چارەسەرێکی پایەدارە، هەربۆیە بە تەبیعەتی حاڵ درەنگ یان زوو، مەحکووم بە شکست دەبێت. هیچ واقعبینییەک لە نەبینینی ئەم واقعیەتەدا نیە.

خاڵی دووەمیش ئەوەی کە، گریمان هێزە دەرەکییەکانیش خۆیان لە پەیامی ڕێفراندۆمی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی نەبان کردبێ و بکەن، هێشتاش کۆمەڵگەی کوردیی خۆی - بەتایبەتی ئەوانەی بەهای دیمۆکراسی بۆیان بایەخدارە - ناتوانن دەلالەتە دیمۆکراتیکەکانی ڕێفراندۆم لەبەرچاو نەگرن و خۆی لێ گێل بکەن. هەن ئەوانەی لە بنەڕەتەوە دژی ویستی سەربەخۆییخوازی بوون، هەشن ئەوانەی سەربەخۆییخوازییان بە ڕەوا زانیوە، بەڵام لەگەڵ هەلومەرجی ئەنجامدانی ڕێفراندۆم کێشەیان هەبوو، هەشن دوای هێرشە گەورەکەی حکومەتی بەغدا، لە خودی ڕێفراندۆم کەوتوونە گلەیی؛ گلەیی هەر یەک لەو تەیفانە هەرچییەک بێت و هەڵوێستی مەبەدئییان هەرچییەک بووبێت، هێشتاش ناتوانن خۆ لە جەوهەری دیمۆکراتیکی ڕێفراندۆم بدزنەوە. بە دەربڕینێکی تر، گریمان ئەوان کێشەیان لەگەڵ کات، مێکانیزم یان پەیامی ڕێفراندۆمیش هەبووبێت، هێشتاش — بەدەر لە هەر هۆگرییەکی نەتەوەییش- کەمترین باوەڕ بە سەرەتاکانی دیمۆکراسی وایان لێ دەخوازێ لە ئاست دەنگی "بەڵێ"ی نزیک 93%ی بەشدارانی ڕێفراندۆم، ئەویش بەو ڕێژە بەرزەی بەشداریی گشتییەوە، لێپرسراوانە و تەبا لەگەڵ ڕۆحی دیمۆکراسی، ڕەفتار بکەن.

هیچ هەڵەیەک لەوە گەورەتر نییە کە بۆ گەڕان بە دوای سەبەبکارە ساختارییەکانی نسکۆی سەربازیی دوای ڕێفراندۆم، بەرۆک بە خودی ڕێفراندۆمەکە بگرین. ئەوەی دەوڵەتە دڕندەکانی دوژمنی کوردی لە کورد هاروژاندووە، ئەو میسداقیەتە دیمۆکراتیکەیە کە نەتیجەی ڕوونی ڕێفراندۆم بە پرسی مێژوویی کوردی بەخشیوە و تازە بە کەس حاشای لێ ناکرێ. ئەو باجەی کورد دەیدا لەبەر نەفسی ڕێفراندۆم نییە، لەبەر سەرکەوتنی ڕێفراندۆمە لە دەستبەرکردنی هەڵوێستێکی قاتعی نەتەوەییدا، ئەویش نەک هەر لە ناو هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیشدا.

باشیی ئەم بارودۆخە نەخوازراوەی ئێستای ئێمە ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری شکست و نەهامەتییەکان، پێویست ناکا ڕێیەکی دوور بڕۆین. چارەسەر تەنیا جێبەجێکردنی جدیی ئەو چاکسازییە ڕیشەییانەیە کە چارەکە سەدەیەکە خەمخۆرانی نیشتمان، بەهەزارویەک زمان، بە گوێی دەسەڵاتدارانیاندا داوە. تەنیا شتێک کە ئێستا ئیتر بۆ هەمووان ڕوون بووەتەوە و بەڵگەنەویستە، ئەو ڕاستییەیە کە ناکرێ چاوەڕێ بین هەمان ئەو هێزانەی بۆخۆیان هۆکاری نەهامەتییە مێژووییەکانن و، ڕیفۆرمیش ڕێک لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەدا، خۆیان بە ڕەحمەتی خۆیان، چاکسازی بکەن. نووکی ڕمی ڕەخنە و هەڵمەتی گۆڕانکاری ڕیشەیی دەبێ ڕووی لەم هێزانە بێت، نەک لە ڕێفراندۆم، لە نوێنگەی ئیرادەی نەتەوەیی گەلی کوردستان.

ئەوپەڕی هاودژیی ئەخلاقی و سیاسییە ئەگەر ئەو هێز و ڕەوتە ناڕازییانەی پەرۆشی دیمۆکراسین لە هەرێمی کوردستان، بەرامبەر ڕێفراندۆم، وەک گەورەترین ئەزموونی دیمۆکراسیی ڕاستەوخۆ لە کوردستان، هەڵوێستی نێگەتیڤیان هەبێت. لەڕاستیدا هەر پلاتفۆرمێکی دیمۆکراتیک و ڕزگاریخواز بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە سیستماتیکەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، بێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی نەتەوەیی زۆرینەی خەڵکی کوردستان، هەڵگری کەمایەسییەکی ئەخلاقی، سیاسی و ستراتیژیکی گەورە دەبێت.

پێویستە هەمووومان وەک گەل، کوردە باکوورییەکان گوتەنی؛ لە ئاکامی ڕێفراندۆم بەخاوەن دەربکەوین. ئەمە پرسێکی نەتەوەیی نەوە لەدوای نەوەی ئێستا و داهاتووی کوردستانە. بەخاوەندەرکەوتن لە ئاکامی ڕێفراندۆم ڕێک پێچەوانەی ئەو ڕوانگە باوەی دوای ڕێفراندۆمە کە گۆیا "خەڵک قسەی خۆی کردووە، ئێستا ئیتر نۆرەی سیاسییەکانە پارێزگاری لە دەنگی خەڵک بکەن". دەست لەسەردەست دانان و چاوەڕێکردنی کەراماتی سەرکردە سیاسییەکان، هەرگیز بژارەیەک نەبووە لە ئاست هەستیاریی پرسەکەدا. دەنگدان بۆ سەربەخۆیی، دەنگدانی نێوان دوو هەڵبژاردن نەبووە تا هەتا هەڵبژاردنی داهاتوو دابنیشین و چاودێریی کارنامەی هەڵبژێردراوەکان بکەین. ڕاستە فازی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی 25ی سێپتەمبەر بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات، بەڵام فازی دژواری چەسپاندنی ئاکامی ڕێفراندۆم پرۆسەیەکە، کە تەنانەت بە جاڕدانی سەربەخۆییش دوایی نایەت.

نەیارانی مافخوازیی کورد هەوڵێکی زۆریان دا تا ڕێفراندۆم و ئەنجامەکەی بارزانیزە بکەن. بارزانیزەکردنی کۆی پرسەکە، بۆ ئەوە بووە کە لەلایەکەوە پرسی سەربەخۆیی وەک "سەرکێشیی بارزانی" وێنا بکەن و لەلایەکی تریشەوە، لەچوارچێوەی کەسایەتی و کارنامەی سیاسیی بارزانیدا، خۆیان لە هەڵوێست بەرامبەر خەونی نەتەوەیەک، وەک پرسێکی سیاسی- مێژوویی، بدزنەوە.

هەر پلاتفۆرمێکی سیاسی و ڕۆشنبیرانە کە شوێنپێی ئەو ڕێبازەی سەرەوە بگرێ، دەکەوێتە ناو بۆسەی هەڵەیەکی گەورەوە. لەجێی خۆیدا بارزانی، وەک لێپرسراوی یەکەمی ئەم سیستمە قەیرانلێدراوەی حوکمڕانی، شیاوی ڕەخنەی توندە. کۆی سیستمەکەش پێویستی بە چاکسازی و پاکسازیی ڕیشەیی هەیە. بەڵام، ئەوەی کە ڕێفراندۆم بەدەسپێشخەری و بگرە پێداگریی بارزانی ئەنجام دراوە، هیچ شتێک لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەنجامی ڕێفراندۆم، دواجار ئیفادەی ئیرادەی دیمۆکراتیکی خەڵکی کوردستان دەکا، نەک هیچ شتێکی تر.

وەک پەندە کۆنەکە دەڵێ؛ ناشێ کۆرپە لەگەڵ سەتڵەچڵکاو تووڕهەڵبدرێ. هێزە باڵادەستەکانی کوردستان لەم دۆخە دژوارەی ئێستا بەرپرسیارن نەک ڕێفراندۆم. لەڕاستیدا، ئێستا لە هەمووکات زیاتر، پێویستە کە پەیامی ڕێفراندۆم، لە بەرگی بەرتەسکی حیزبی و تاکەکەسی دەربهێندرێ و بەنیشتمانی و نەتەوەیی بکرێت. شۆڕش لە شاخ دەکرا، پەیامی ڕێفراندۆم پێویستی بە شەقامە. ئەمەش ئەرکی هەر تاک و گروپێکی خەمخۆری ڕاستەقینەی دوارۆژی ئەم وڵاتەیە. نابێ بهێڵدرێ پەیامی سەروەریخوازیی گەلی کوردستان، لە سیابازاڕی ساتوسەودای سیاسییەکاندا هەرزانفرۆش بکرێت. پرسی سەربەخۆیی پرسی هیچ تاکەکەسێک نییە، بەڵکو پرسی ئێمەیە، ئێمەی مەزنترین نەتەوەی هەقخوراوی دنیا.

> هیچ هەڵەیەک لەوە گەورەتر نییە کە بۆ گەڕان بە دوای سەبەبکارە ساختارییەکانی نسکۆی سەربازیی دوای ڕێفراندۆم، بەرۆک بە خودی ڕێفراندۆمەکە بگرین

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# دکتۆر بەرهەمیش هەڵخەڵەتێندراوە!

1

چەند رۆژێکە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو خیانەتەی کە لە مەتبەخی سیاسیی سلێمانی و بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی قاسم سولەیمانی ئامادە کرا، میدیا و ناوەندەکانی راسپێردراو، دەیانەوێ ئەوە بخەنە مێشکی خەڵکەوە کە هەموو ئەوەی روویداوە (سەرباری ئەوەی کە هەر هەموویان پێش 25ی ئەیلول پشتیوانییان دەربڕی و چوون بە ئاشکرا دەنگی بەڵێشیان دا)، ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی بارزانییە. بەڵام ئەو مەسەلەیە زۆر لەوە گەورەترە کە دوو کاڵفامی سیاسی بتوانن وا بە ئاسانی، کەرکووک تەسلیم بکەن.

ئەمڕۆ زۆر ئاشکرایە کە لە دابەشبوونەکانی ناو یەکێتیدا کێ لەگەڵ کێیە، بە فەرماندە سەربازییەکانیشەوە کە هەندێکیان بە ئاشکرا لە ماوەی رابردوودا، لەدژی بنەماڵەی تاڵەبانی، لەبەرەی بەرهەمساڵحدا بوون و گەورەترین کارەساتی مرۆییش لە دوزخورماتوو روویداوە کە چوار فەرماندەی مەیدانیی ئەو بەرەیە: (عەدنانی حەمەی مینا، عەولابۆر، مەحموود سەنگاوی و حامیدی حاجی غالی) بە فەرماندە نزیکەکان لە دکتۆر بەرهەم ناسراون و سەرباری بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە، جەبهەکانیان چۆڵ کردووە. ئەوانە یان دەبێ رازیکرابن، یان ئەوەتا دەبێ "هەڵخەڵەتێندرابن" هەروەک حامدی حاجی غالی لێدوانی داوە. بەڵام ئەگەر هەڵخەڵەتاندن بێت (دەبێ دکتۆر بەرهەمیشیان هەڵخەڵەتاندبێت)، بۆ دەبێ خێرا دوای 16ی ئۆکتۆبەر ناوی دکتۆر بەرهەم بۆ پێکهێنانی کابینەی ئینتیقالی یان حکومەتی رزگاریی نیشتمانی لە هەموو لایەکەوە بهێنرێت؟ دکتۆر بەرهەم دژی دوو ئیدارەییە و باوەڕی بە راستگۆیی بارزانی هەبووە لە مەسەلەی دروستکردنی دەوڵەتدا (سەرباری تێبینییەکانی)، بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی سلێمانی بە سەرپەرشتی قاسم، مالیکی و برێت مەکگۆرک (عەرابی دروستکردنی بەرەی نەخێر و بڵاوکردنەوەی رەشنووسی نامەیەکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە هەرگیز بۆ بارزانی نەنێردرا)، دەگوزەرێ، جگە لە بانگەشە بۆ دوو ئیدارەیی، بۆنی هیچی دیکەی لێ نایەت و پێویستە دکتۆر بەرهەم نەکەوێتە ناو ئەو تەڵەیەوە.

پارتی نە دوو ئیدارەیی و نە حکومەتی ئینتیقالیش قەبوڵ ناکات. دوو ئیدارەیی لەلایەن ئەمریکا و عەبادیشەوە رەتکراوەتەوە و هیچ پاساوێکیش بۆ پێکهێنانی حکومەتی رزگاریی نیشتمانی نییە. یەکەمیان ئەوەیە کە نێچیرڤان بارزانیش وەکو هەمووان داوای بەدیلێکی متمانەپێکراوی دەکرد بۆ ئەنجامنەدانی گشتپرسی، بەڵام کە بەدیل نەگەیشت، ئەویش وەکو هەمووان پشتگیریی لێ کرد. دووەمیان ئەوەیە کە کابینەی هەشتەم خۆی حکومەتێکی بنکەفراوانە و هەموو تێیدا بەشدارن! بۆ وەزیر و پەرلەمانتارەکان ناگەڕێنەوە سەر کاری خۆیان؟ کێ رێی لێگرتوون؟ ئینجا پرۆسەی سیاسی لە کوردستان فەشەلی نەهێناوە، هەڵبژاردنمان لەبەردەمدایە و دەرگاش بەسەر هاوپەیمانییەکان بۆ داهاتوو کراوەتەوە.

## شکستی بارزانی

2

ئەڵبەتە بارزانی شکستی نەخواردووە و ئەوەی وەک بەرپرسیارێتیی مێژوویی لە ئەستۆی بوو ئەنجامی دا و سەرکەوت. گشتپرسیش نەکرابایە، حەشدی شیعی هەر پەلاماری کوردستانی دەدا و کێشە کەڵەکەبووەکانی کوردستان و بەغدا بە ساڵێک و دوو ساڵیش کۆتاییان نەدەهات، چونکە هەمان ئەو مەکگۆرکە لەگەڵ نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان، شاهید بوو کە لە پێکهێنانی کابینەی عەبادیدا، چ وەعد و بەڵێنێک بەکورد درا و ئیمزای خۆیشی بەسەرەوە بوو! بەڵام هیچی نەهاتە دی.

بەپێچەوانەوە، دەرکەوت کە بارزانی چەندە بڕیارێکی عاقڵانەی داوە و ئامانجەکەشی پێکا. بەڵام ئەوەش نابێ لەبیر بکرێت کە بارزانی ئەگەر لە لێکدانەوەی قەبارەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی هەڵە بووبێت (کە ئەوەش ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی دەوروبەرەکەیەتی)، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی باری ناوخۆیی بەهەڵەدا نەچووبوو، چاوەڕێی ئەو خیانەتەی دەکرد. پلانی یەکەم ئەوە بوو کە مقاوەمەت بکرێت، وەک چۆن لە دوای شەڕی پردێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هاتە سەرخەت، هەمان شت لە کەرکوک کرابا، دانوستاندنێکی عادیلانەی بێمەرج لە نێوان بەغدا و هەولێر دەهاتە ئاراوە. ئەوکاتە نە خاک و نە خەڵک ئاوا هەراج نەدەکرا. بەڵام قاسم و سلێمانییەکەی لەگەڵ مەکگۆرک ئاگاداری ئەو پلانە بوون، بۆیە هەرزە سیاسییەکان لەجیاتی ئەوەی پابەندی رێککەوتنی دووکان بن، کەرکوکیان بێ تەقە تەسلیم کرد تا هیچ پاساوێک بۆ تەدەخولی نێودەوڵەتی نەمێنێت. بەوەش هەم باڵادەستیی خۆیان بەسەر حیزبەکەیاندا دووپات بکەنەوە، هەمیش ببنە هاوپەیمانی متمانەپێکراوی ئێران کە دەمێکە لەو زۆنەدا بەدوای بەدیلی تاڵەبانیدا دەگەڕا! بەڵام دڵنیابن کە هەرزە و هاوکارەکانیان، لەمەودوا هیچ جێگەیەکیان لە هاوکێشەی سیاسیدا نابێ.

ئەوەی لە 20ی ئۆکتۆبەر لە پردێ رووی دا، قسەی هەموو فەرماندە سەربازییە خیانەتکارەکان بەدرۆ دەخاتەوە کە باسیان لەشەڕی نابەرابەر دەکرد، بەتایبەتیش هەندێک شایەتحاڵ کە ئاماژە بەوە دەکەن لەو کاتەیدا کە حەشدی شیعی خەریکی هەڵاتن بوونە، فەرماندەکانی خیانەت بەرەکانیان چۆڵ کردووە!

## لە ئاستانەی شەڕی ناوخۆداین؟

3

خیانەتکاران ئەمجارەیان ویستیان تۆڵەی بەیانی 11ی ئادار و 31ی ئاب لە پارتی بکەنەوە، بەڵام بەهەمان ئەو میتۆدەی کە باب و باپیرانیان پەنایان بۆ بردبوو، کەچی بەخۆیاندا تەقییەوە. چونکە وا وردە وردە خودی حیزبەکەیان لێیان کەوتوونەتە تەققە و نازانن چۆن پینەوپەڕۆی بکەن. جەماوەرەکەیان نەفرەتیان لێدەکات و، پارتیش کە سەرچاوەی هێز و پارەیان بوو، چیدی هیچ مامەڵەیەک لەگەڵ ئەو باڵەدا ناکات و چاوەڕێ دەکات کە لە ریزەکانی یەکێتی تەسفیە بکرێن. ئەگەرچی پیلانەکە ئەوە بوو کە پارتی راکێشنە شەڕی ناوخۆ، بەڵام بۆ روونبوونەوەی راستییەکان پەنای نەبردە بەر کاردانەوەی گەرماوگەرم و، خەونی دوو ئیدارەییش چووە ژێر گڵەوە. بۆیە هەڵوێستی فەرمیی یەکێتی و پارتی لە دانوستاندن لەگەڵ بەغدا و دیاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک تاکە مەرجەعی بڕیار، خەیاڵەکانی کردنە بڵقی سەر ئاو.



مامەند رۆژە

# لەمەودوا چی کەردەن؟

گشتپرسییەکمان کرد. دەستمان بۆ دۆسیەی ناوچە کوردستانییەکان برد و لەوێش کردمان. ئێستا بەڵگەیەکی شەرعیمان پێیە، بەڵام لە پرۆسەیەکی نەخوازراودا، هێزە چەکدارەکانی عێراق گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان. لە هەندێک شوێن بەزەبری سەربازی و لە هەندێک شوێن بە کشانەوەی هێزەکان، نیوەی خاک و خەڵکی کوردستان داگیرکراوەتەوە.

ئێستا رووبەڕووی گەلێک پرسیاری جددی بووینەتەوە. لەلایەک لەگەڵ مەسەلەی بەقا و مانەوە رووبەڕووین، لەلایەکیش دوومەڵی کێشە ناوخۆییەکان لە لێواری تەقینەوەدایە. لەوە خراپتریش سەرکردایەتی سیاسی خۆی کێشاوەتەوە قاوغی خۆی و هیچ رێکارێک بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا ناکات کە دەیەوێ چۆن لەم بنبەستە ترسناکە بێتە دەرەوە.

**پرسیاری ئێمە ئەوەیە:** گەلۆ بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە دەبێ چی بکەین؟ لێرە هەڕەشە و دەرفەتی زۆر لە بەردەمماندان کە شایانە لێیان بکۆڵینەوە.

### لێمان قەوما: هەڵەکان چی بوون؟

ئەوەی ئێستا روودەدات هۆکار نییە بەڵکوو ئەنجامە. مەبەستمانە بڵێین کەوا "گشتپرسی" هۆکاری کەوتنەوەی ئەم هەموو قەیرانە نییە، بەڵکوو سروشتی پەیوەندییەکانی هەولێر — بەغدا خۆی هۆکاری ئەم دۆخەیە. چۆن؟

**هەڵەی یەکەم ئا لێرەوە سەریهەڵداوە:**

لەدوای حوزەیرانی 2014 دۆخێک هاتەکایەوە کەوا هێزەکانی عێراق لە ناوچە کوردستانییەکان بکشێنەوە. لەوە بەدوا هێزی پێشمەرگە ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە. لە هەندێک شوێنیش بە نەبەردیی دوورودرێژ توانراوە ئەو ناوچانە لە داعش پاکبکرێتەوە. بەڵام ئەوکات هیچ بەرپرسیارێکی کورد بیری لەوە نەکردووەتەوە ئەوەی دەستکەوتووە هەمیشەیی و جێگیر نییە، بەڵکوو لەگەڵ بەهێزبوونەوەی، سەرلەنوێ عێراق دەگەڕێتەوە ئەم ناوچانە.

واتە سەرکردەکان پێیانوابوو کە ئەستەمە عێراق بگەڕێتەوە. بۆیە کاتێک دەڵێین سنوورەکان بە خوێن دیاری دەکەین، مانای ئەوەیە کەوا عێراق چیتر ناگەڕێتەوە ئەم ناوچانە. لەبەر ئەوە لە حسابە ستراتیژییەکانی ئەم سەرکردایەتییەدا تەدبیری سیاسی بۆ وەرنەگیراوە.

هەڵەی دووەمیش خوێندنەوەی نادروستی پێگەی کورد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتییە. پێگەی کورد بەتایبەتی لە دوو رووەوە بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی گرنگ بووە:

**یەکەم** — پێگەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان لە دراوسێیەتی داعش کە توانراوە لەرێی ئەم سنوورە هاوبەشەوە داعش رووبەڕووی جەنگێکی گەورە بکرێتەوە و زۆرترین زیانی لێ بدرێت. کەوابوو پێگەی جیۆسیاسی کوردستان بۆ هاوپەیمانان بەهۆی داعشەوە گرنگ بوو.

**دووەم** — پێگەی کورد وەکوو گەلێکی جەنگاوەر کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی توانیویەتی وەکوو سەربازی هەرزان سوودیان لێوەربگرێ و بیانقۆزێتەوە. هاوپەیمانان کوردیان وەکوو ئامرازی نەهێشتنی داعش قۆستەوە.

هەڵەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چی بوو؟ سەرکردایەتی سیاسی کورد پێیوابوو ئەم پەیوەندییە ستراتیژییە و گرەوی گشتپرسیش تارادەیەکی زۆر لەسەر ئەمە کراوە. لەکاتێکدا پێگەی کوردستان لای هاوپەیمانان ستراتیژی نییە و تاکتیکییە، ئامانجساز نییە ئامرازییە. واتە لەگەڵ نەمانی داعش پێگەی کوردیش لای ئەوان لاواز دەبێتەوە.

### ئێستا: هەڕەشەکان چین؟

ئێستا سیاسەتێکی ناوچەیی و تەنانەت عێراقی هەیە دەیەوێ بایەخ بە یەک لایەنی کوردستانی بدا و شتەکانی لەگەڵ ببڕێتەوە و لایەنی دووەمی کوردی پشتگوێ بخات. ئامانج لەمەش پەرتەوازەکردن و لەتوپەتکردنی ناوماڵی کوردە. ئامانجی دوژمن ئەوەیە کەوا بەم سیاسەتە تۆوی ناکۆکیی قووڵ و دووبەرەکی بچێنێت. ئەگەر بۆی بکرێ جەنگی ناوخۆیی بنێتەوە. ئەگەریش نەکرا بیکات بە دوو ئیدارە وەکوو قاسم سولەیمانی نەخشەی بۆ داناوە و نووری مالیکیش بە ئاشکرا ئەمەی پەسەند کردووە.

کەوابوو هەڕەشەکان بریتین لە: دەستوەردانی ناوچەیی و تەنانەت عێراقی بە سوودی یەک لایەن و لە دژی لایەنێکی دیکە. ئامانجی سیاسی لەپشت ئەمە دووکەرتکردنی یەکپارچەیی سیاسی و ئیداریی کوردستانە. بەمەش بۆ هەمیشە خەونی سەربەخۆیی لەگۆڕ دەنرێت. وەکوو ئەو قسەیەی ئیسحاق جیهانگیری جێگری سەرکۆماری ئێران لەلای ئەردۆغان لە ئەنکەرە کردی و گوتی: هەڕەشەی گشتپرسیمان لە منداڵداندا خنکاندووە!

هەڕەشەی دووەم دەستپێکردنی جەنگێکی درێژخایەنە لەگەڵ عیراق. ئەگەر ئەم پێکدادانە ئاوا بەردەوام بێ و ئەگەر پشتیوانییەکی ناونەتەوەیی یاخود ناوچەیی نەیەتەکایەوە، ئەوە زیانی ستراتیژیی یەکجار گەورە بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت. ئەم جەنگە لە جەنگی دژی داعش ناچێت. چەتری نێونەتەوەییت نییە و بەتاقی تەنیاش دەرەتان و ئیمکانی جەنگێکی وات نییە. کەوابوو دەبێ پێش هەموو شتێک ئەم هەڕەشەیە دیاری بکەین.

### رێکارەکان: چۆن لەم تەنگژەیە دەربچین؟

ئێمە هەموو پێمانوابوو بارزانی تا بەڵێنێکی لە شوێنێک وەرنەگرتبێ هەرگیز ریسکی وا ناکات. ئەمەش هەڵەی بەشی هەرەزۆری سەرکردەکان و هێزە سیاسییەکانی پشتەوەی گشتپرسی بوو. ئەمە وەکوو ئەوە وایە پێمان وابێ بارزانی گۆچانی سیحریی پێیە و هەموو میکانیزمەکانی دروستکردنی قەراری ستراتیژی بە ئەفسوون و سیحری یەک شەخس بسپێرین.

لەکاتێکدا دروستکردنی بڕیارێکی ئاوا ستراتیژی و حەیاتی، پێویستی بە دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسی پسپۆڕی و پیشەیی هەیە، پێویستی بە راوێژی بەردەوام لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوسێکان هەیە، پێویستی بە راوێژ و هاوفکری و هاوبڕیاریی زۆربەی هێزە سیاسییەکان هەیە. هەروەها پێویستی بەوە هەیە ئەم بڕیارە لە پارلەمانەوە یەکلایی بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە سەرگرتن یان سەرنەگرتنیدا یەک کەس بە خەتاباری ئەم دۆسیێیە تاوانبارنەکرێت. ئێستا ئەمانە هیچی نەکراوە و باسکردنیشی سوودێکی ئەوتۆی نییە.

### لەمەودوا چی کەردەن؟

بۆ لەمەودوا دەبێ یەک شت یەکلایی بکەینەوە:

**تێبینیی پێشوەخت**: ئەگەر لەم چەند رۆژەدا دەستوەردانێکی نێودەوڵەتی یان ناوچەیی بۆ پاراستنی کورد بێتەکایەوە، ئەوە جیاوازە. لە دۆخێکی وادا ئەوە پرۆژەی گشتپرسی وەکوو خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر وا نەبوو ئەوە دەبێ لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتانەی خوارەوەدا کاربکەین.

– عێراق گەڕایەوە دۆخی پێش حوزەیرانی 2014. نابێ شۆک بین و بپەشۆکێین. دنیاش کۆتایی نەهاتووە. ئەگەر هەست دەکەین تەرازووی هێز بەسوودی ئێمە نییە، دەبێ دەستبەجێ وەسیقەی گشتپرسی لە پارلەمان هەڵپەسێرین نەک هەڵیوەشێنینەوە. هەروەها گوتارمان لە جیاخوازییەوە بۆ یەکخوازیی تاکتیکی لەگەڵ عێراق لە چوارچێوەی دەستوور و فیدراڵیەت بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ماباقی دەستکەوتەکانی ترمان بگۆڕین.

– دەبێ هەوڵ بدەین لەمە زیاتر ناوماڵی کورد شپرزە نەبێت و دەستبەجێ کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکان و کۆبوونەوەی پارلەمان رێکبخەین. پێویستە بارزانی بۆ ئەم بابەتە رۆڵی خۆی بگێڕێ، چونکە کوردستان بەرگەی ئەم شپرزەیی و ناکۆکیانە ناگرێت.

– دەبێ پەیوەندییە عێراقییەکانمان رێکبخەینەوە و بە گوتارێکی تازە لە چوارچێوەی دەستووردا لەگەڵ هێزە عێراقییەکان بکەوینەوە دانوستاندن. دەبێ خۆمان بۆ هاوسەنگی و هاوکێشەکانی دوای نیسانی 2018 ئامادە بکەین.

– پێویستە پەیوەندییە ناوچەییەکانمان بەتایبەت لەگەڵ ئێران و تورکیا رێکبخەینەوە. هەروەها بە پێبەخشینی دڵنیایی بەو وڵاتانە مەیدانی مانۆڕی ناوچەییمان لەوە زیاتر بەرتەسک نەکەینەوە. بەتایبەت لەمەڕ ئێران دەبێ بە وردی کاربکەین.

– چەتری پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان گەلێک گرنگە و دەبێ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بپارێزین و پێشی بخەین و نابێ لەوە زیاتر زیانی پێ بگەیەنین.

**پێشنیاز:** ئا لەم کاتەدا رێکخستنی کۆنفرانسی هێزە کوردستانییەکانی ناو هەرێمی کوردستان گەلێک پێویست و حەیاتییە. پێش ئەوەی لە پارلەمان کۆببینەوە، رێکخستنی کۆنفرانسێکی وا گەلێک گرێکوێرەمان بۆ دەکاتەوە.



مەجید نیزامەدین گلی*
دیپلۆماسی
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# نهێنییە نێودەوڵەتییەکانی کەوتنی کەرکووک

رۆژی هەینی 13ی ئۆکتۆبەری 2017، سێ رۆژ پێش هاتنی هێزەکانی حەشد و سوپای عێراق بۆ کەرکووک، حەیدەر عەبادی تەلەفۆن بۆ کۆشکی سپی دەکات و لەگەڵ ژەنەراڵ مەکماستەر، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا قسە دەکات. پەیامی عەبادی روون دەبێت بۆ کۆشکی سپی: "ئاگادارتان دەکەین کە بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە لۆکاڵیە کوردییەکان دەچینە ناو کەرکووک".

ئەم زانیارییە، سەرچاوەیەکی ئەمریکی بۆی باسکردم.

سەرچاوەیەکی دیکەی سەر بە حکومەتی ئەمریکی باسی کاتی ئەو تەلەفۆنەی نەکرد، بەڵام ئەو زانیاریانەی بۆ پشتڕاست کردمەوە کە ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی عەبادی بۆ کۆشکی سپی روویداوە و باسی ناوەڕۆکی پەیوەندییەکەی بۆ کردم. کۆشکی سپی بە عەبادی گوتووە کە ئەوان لە دژی بەرپابوونی شەڕن لە کەرکووک و نایانەوێ ئەو شەڕە تەشەنە بکات بۆ شەڕێکی سەرتاسەریی نەتەوەیی، عەبادی لە وەڵامدا گوتوویەتی "شەڕ روونادات، هێزەکانمان بە ئاشتیانە و بە هەماهەنگی و رێککەوتن لەگەڵ هێزە کوردییەکان دەچنە ناو کەرکووک".

ئەمە بەڵگەیەکی مێژووییە کە لایەنێکی کوردی، پێش کۆبوونەوەکەی دووکان و لای کەمی سێ رۆژ پێش رووداوەکانی کەرکووک پەیمانیان بە عەبادی داوە. دەنا عەبادی چۆن هەر لەخۆیەوە تەلەفۆن بۆ کوشکی سپی دەکات؟!

بەدرێژایی کاری خۆم وەکو رۆژنامەوان، تاوەکو ئێستا بۆ یەک جاریش زانیارییەکی ناڕاستم بڵاونەکردووەتەوە. ئەگەر سەرچاوەیەک زانیارییەکی هەستیارم بداتێ، بڵاوی ناکەمەوە تاوەکو سەرچاوەیەکی دیکە پشتڕاستی نەکاتەوە. لە زۆربەی ستۆرییەکانمدا، قسەی بەرپرسێک هەر بە قسە وەردەگرم و نایکەمە هەواڵ و چاوەڕێ دەکەم تاوەکو بەرپرسێک یان کەسێکی دیکە پشتڕاستی دەکاتەوە (کە سەر بە هەمان لایەنی سەرچاوەی یەکەم نەبێت)، ئەوکات وەکو زانیاری و دوای روخسەتی ئەو سەرچاوانەی زانیارییەکانیان پێداوم، بڵاویان دەکەمەوە. بەڵام ئەوەی زانیاری دەکاتە راستیی حاشەهەڵنەگر رووداوەکانە.

جگە لە زانیاریی ئەو دوو سەرچاوەیە کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردن دەربارەی تەلەفۆنەکەی عەبادی، رۆژی 16ی ئۆکتۆبەر هێزە عێراقی و شیعییەکان چوونە ناو کەرکووکەوە. کشانەوەی بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە بڕیارێکی لەناکاو نەبووە و عەبادی لای کەمی سێ رۆژ پێش ئەوە زانیویەتی و بە ئەمریکییەکانی گوتووە. ئەمە راستیە، گومانکردن لەمە خۆفریودانە.

ئەوەی لەسەرەوە باسمکردووە راستییەکی مێژووییە و هیوادارم رۆژێک لە رۆژان لە قوتابخانەکان، لە وانەکانی مێژوودا فێری نەوەکانی خۆمان بکەین کە چۆن هەرچی بکەین بە زایەع دەچێت ئەگەر ریزەکانت یەک نەبوون.

کورد هەڵەیەکی گەورەی کرد کە جاش و پاشماوەکانی رژێمی بەعسی بێ دادگایی بەخشی. بەوە گڵۆپی سەوزمان بۆ نەوەی داهاتوو هەڵکرد تا هەر کاتێک ویستیان دووبارەی بکەنەوە. ئێستا تێدەگەم کە بۆچی جووەکان ساڵی پار پیاوێکی بەساڵاچووی نەخۆشیان لە ئەمریکا بە دەرکردن دا چونکە پێش زیاتر لە 70 ساڵ پاسەوانی پێش دەرگای سەربازگەیەکی نازی بووە لە ئەڵمانیا. چونکە تاکە رێگا بۆ رێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی مێژوو، موحاسەبەکردنی ئەنجامدەرانێتی.

بەڵام ئێستا کاتی تەخوینکردن و پەنجە بۆ یەکتر درێژکردن نییە. بە پێچەوانەوە کاتی یەکڕیزی و یەکدەنگییە. کاتی رێککەوتنە چونکە وجودی هەرێمی کوردستانی عێراق وەکو کیانێک کە بڕیارەکانی لەدەست خەڵکەکەی بێت، لەژێر هەڕەشەیەکی زۆر جدیدایە. هەڕەشەیەک کە لە ساڵی 1991ەوە هاوشێوەی نەبووە.

دەزانم زۆر گلەییتان لێیان هەیە و جێی خۆیەتی، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئەمریکا باشترین پارێزەری هەرێمی کوردستانە.

من لە رۆژی 10ی ئۆکتۆبەر لە وتارێکی ئەم رۆژنامەیەوە گوتم کە ئەمریکا گەرەنتی سەلامەتیی چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام بۆ ناوچەکانی ماددەی 140 دیار نییە. دوای دوو هەفتە، نەک هەر ئەمریکا، بەرپرسان و دیپلۆماتکارانی هەر پێنج وڵاتەکەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە منیان راگەیاند کە بەرپابوونی شەڕێکی فراوان لە کەرکووک و ناوچەکانی ماددەی 140 هێڵی سوورە بۆ ئەوان. ئەمەش بەڕاستی دڵخۆشکەر بوو بۆ منێکی کوردستانی و کەرکووکی. ئەوەی دوای ئەوە روویدا، ئەوە بوو کە حەشد و هێزە ئەمنییەکانی عێراق بێ ئەنجامدانی شەڕێکی سەرتاسەری چوونە ناو کەرکووک. کەواتە هێڵە سوورەکەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییان نەبەزاند. بەڵام کە هاتنە پردێ، شەڕ روویدا و هێڵە سوورەکەیان بەزاند و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەیاننامە دەربکات و بە عێراق بڵێت: بوەستە.

ئێستاش دەڵێم چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا هێڵی سوورە. لەبەر ئەوەشە کە دڵنیام لەوەی رۆژێک لە رۆژان قاسم سولەیمانی و بەغدا بیر لەوە ناکەنەوە بەبێ هاوکاریی لایەنێکی کوردی بێن و هەولێر داگیر بکەن. دەزانن بۆ ئەمریکا و جیهان گرنگە کە هەولێر لەلایەن کوردەوە بەڕێوە ببردرێت. بۆ ئەمریکا و جیهان گرنگ ئەوەیە ئەو لایەنەی حوکمی هەولێر و کوردستان دەکات ئەوەندە لە ئێرانەوە نزیک نەبێت کە رێگە بە ئێران بدات کوردستان بکاتە باشووری لوبنانێکی دیکە لە دژی ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more

# تەکایوکی یۆشیدا: بە فیلمی کوردی سەرسام بووم

10



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : سالَح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




Knowledge UNIVERSITY

**کۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**کۆلێژی زانستی**
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

**کۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

**کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

**کۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484